

# دیوانی
# مەلا
# حەسەنی
# دزلّی مەردوخی

ـ کردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: ئەحمەد نەزی

دیوانی مەلا حەسەنی دزلّی مەردوخی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: ئەحمەد نەزیری

من هەڵۆی لوتکەی بەرزی دالّانیم
هەرگیز وەک قالاو ناکەومە چینە

مەلاحەسەنی دزلّی

کورد شاعێری شۆخی وەک مەلاحەسەنی نەبوە.

ماموستا سوارەی ئێلخانی زادە

حوزنی وتی بە داخەوە شاعێری گاڵتەچی مان نیە منیش وتم مەلاحەسەنی دزلّی مان هەیە.

ماموستا هەژار

پێم وایە ئەدەبی کوردی مەلاحەسەنی کەم بوە.

ماموستا هێمن

دیوانی

مەلاحەسەنی دزلّی

من مەلای چاکی خوێنەواری وەک مەلاحەسەن ناناسم.

ماموستا ملاباقری بالک

ئەگەر وەک مەلاحەسەن شاعێر بوایەم دەنگی داماوی کوردم دەگیاندە هەموو دونیا.

ماموستا قانع

مەلا حەسەن لە هەموو عیلمەکاندا دەستی باڵای هەبوو.

ماموستا عەبدولکەریمی مودەریس

# دیوانی

# مەلا حەسەنی دزلی

کۆکردنەوە

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە

## ئەحمەد نەزیری

سنە - زستانی ۱۳۷۹

مرکز پخش، کردستان، سنندج - چهاراه شهدا

پاساژ عزتی، کتابفروشی بسوی قرآن

تلفن:۲۲۲۷۸۰۳

قیمت: ۱۷۵۰ تومان

/ بەداخەوە ئەم کتێبە زۆری هەڵەی تایپی و چاپی تێدایە /
ح.ع

ناوی کتێب: مەلا حەسەنی دزڵی مەردۆخی
نووسەر: ئەحمەد نەزیری
پیتچین: فاتیح نادری
گەڵاڵەی روبەرگ: هادی ضیاءالدینی
ناشر ئەحمەد نەزیری
ویرایش: عەتا حەواری نەسەب
چاپ خانە خرمی
چاپ: یەکەم گولانی ٨٠
ژمارە ٣٠٠٠
شابک ٩٦٤٦٩١٣٢٤-١-١
ISBN 96691324-1-1
مافی لە چاپ دانەوە بۆنووسەر پارێزراوە

## بابەت وەسەر باسەکان

بابەت .......................... لاپەڕە
بابەت وەسەر باسەکان ............ ٤
پێش کەش .................... ٥
پێشەکی ...................... ٦
کێ چاکی کی کرد ................ ٨
چۆن کەوتمە بیری نووسینی ژیانی ماموٚستا .. ١٢
کورتە باسێکی دزلی ............ ١٤
مەلا حەسەن کێ یە .............. ٢١
خویندن وە ماموٚستاکانی .......... ٢٤
چۆن چووتە قاهێرە.............. ٢٦
دایکی بۆچی دۆعای لێ کردووە ..... ٢٧
ژن هینانی ................... ٢٨
لەبارەی تەریقەتووعیرفانەوە چۆن بووە. ٢٨
شێعری عیرفانی ................. ٣٠
لی بوور دووی ماموٚستا ............ ٣٨
نمونەیەک لە تەڵاق چاک کردنەوەی ... ٣٩
بیروباوەڕی دینی و بەندەگی خوا ..... ٥٠
حەزی لە چی کردووە............. ٥٢
حازر جوابی و قسە خۆشی ......... ٥٤
نمونەیەک لە قەناعەت و کمویستی .... ٥٤
داوای لێ دەکەن ببێتە قازی مەحکەمەی لیوا(پارێزگا)................ ٥٩
نەترسی وحازر جوابی ............. ٦٢
ماموٚستا و یەکێ لەدە سەڵات دارەکان . ٦٤
ماموٚستا مەلا ئەسعەدی ریازیو ماوٚستا . ٦٧
بابەت .......................... لاپەڕە
شیخ عارفی دەگاشێخان فەرموی ..... ٦٩
لە گەڵ ماموٚستا قازی ............ ٦٩
ماموٚستا و کلاشی هەورامی و ئوسائەولەزیز .. ٧٠
ئەم شێعرەی بۆ چای نوو سیوە....... ٧٥
ماموستا و مەلا حەبیب ........... ٨٢
ئەم شێعرەی بۆ تاریخی ماڵەتازەکەی مەحمووخانی دزلی نووسیوە ......... ٨٤
سالی بەفرەگە ورەکە.............. ٨٥
ماموٚستا و دەردی پیری ........... ٨٦
ئوسا حەبیب و ئوسارەسوڵ......... ٨٩
وەڵامی ئوسا رەسووڵ ............ ٩٥
بیری دزلی دەکاتەوە .............. ٩٨
لە شێعریکی تردا بیری دزڵی دەکاتەوە ١٠٠
ئەمەک ناسی و دۆستی و سەخاوەتی . ١٠٤
ماموٚستا و شێخ فەتاحی هەورامی (فانی)... ١٠٦
ماموٚستا و موجتەهیدی کوردستان .. ١٢٣
کۆڵ کێشی ماموٚستا .............. ١٣١
ماموٚستا و سیاچەمانە ............ ١٣٢
خەڵکی دزڵی و ماموٚستا مەلاحەسەن . ١٣٢
هەژارو مەلاحەسەن ............. ١٣٣
ماموٚستا هێمن و شێعرەکانی مەلا حەسەن.. ١٣٧
ماموٚستا قانیع و شێعری مەلا حەسەن. ١٣٨
ماموٚستا مەلا باقری بالک و مەلاحەسەن................ ١٣٨

## بابەت وەسەر باسە کان


بابەت ........................ لاپەڕە
سوارەی ئێل خانی زادە و شێعری مەلا حەسەن.................. ١٣٩
دەگاشێخان و تووتن .............. ١٣٩
ئەم شێعرەیش .................. ١٤٥
مەلا حەسن و مەلا سەیید موحەمەدی گیزمل ١٤٨
وەڵامی مامۆستا مەلا سەییدموحەممەدی گیزملی (وەهمی)................ ١٥٥
مامۆستا و شێخ مەحمووی نەمر..... ١٦١
تەهەلکێشی عەربی و کوردی........ ١٦٤
مەلا موحەممەد شەریفی مەردۆخی برای مەلا حەسەن .................. ١٦٦
مامۆستاکانی سنە و مەرگی مەلا حەسەن . . ١٦٩
رای خەلکی دزلی سەبارەت بە مامۆستا......................... ١٧٠
(کاک حەمەخان) و مامۆستا........ ١٧٠
شێعر بۆحاجی عەبدوالله .......... ١٧٢
شێعریک لە زوانی خوالێخوشبوو حەمەی باواوە.......................... ١٧٤
کاک حەسەن و مامۆستا .......... ١٧٦
شێعریک بۆدادەخەجی .......... ١٨١
پرسەی خوالێخوشبوو شێخ حیسامەدین . . ١٨٣
و تەکانی کاک خالدی شەفیعی سەبارەت بە مامۆستا......................... ١٨٦
مامۆستا و هاوەڵیکی ............ ١٨٨
خوالێخوشبوو شێخ حیسامەدین و مامۆستا ١٩٢
ئەم شێعرەیشی بۆ یەکی لە شێخەکانی هەمرولە نووسیوە ............... ١٩٧
ئەم شێعرەیشی بۆ سەعیدی ئیلانپەی نووسیوە...................... ٢٠٠
حاجیە سانیە و مامۆستا ........... ٢٠٥
مامۆستا و حاجی شێخ موحەممەدی دانە . . ٢٠٩
ئەمەش وەڵامەکەی خوالێخوشبوو شێخ موحەممەدی دانە .............. ٢١٦
ئەمەش چەن پارچەی‌تر ........... ٢٢٠
شێعر بۆ حەمەرەزای بەرگ دروو .... ٢٢١
بولای مەلاعەبدوالەی مەریوانی نووسیوە... ٢٢٤
شێعربۆ موحەممەدی حاجی مەلاساڵحی تەویلە نووسیوە ................ ٢٢٦
مامۆستا و نویژی جومعەی خورماڵ.. ٢٣٢
سپاس و پیزانین ............... ٢٤٩
نوسراوەکەی مامۆستا عوسمان هەورامی... ٢٥١
بانگەواز...................... ٢٥٦
نمونەی دەس خەتی مەلا عەبدواللەی نەزیری (مەلاعەبدوللەی خاتوئەسما). ٢٦١
نمونەی شێعری مەلا موحەممەدی کەکڵ یاوا بە خەتی خوی بۆ (محرق)........ ٢٦٢
نمونەی شێعری (موحرق) بە خەتی مەلا موحەممەدی کەکڵ یاوا .......... ٢٦٣


# پێشکەش

به بارگای بەرزو شکۆداری جووتیار و کرێکار و ڕەنجبەرانی ڕەش و ڕووتی تەویڵەی ژریژەیی، چوڕی، بالکی، کانی‌سانانی، ، دەگاشێخانی، سیاناوی ئەویهەنگی ، تورجانی ، دەوڵەت ئاوای،نۆدشەی ، ماسانی، عەبابەیلەیی، وە باقی دێ‌کانی مەریوان و بە تێکڕا هەمووی دێ و شاری کووردستان کە نەیان هێشت و ناهێڵن چرای حوجرەکان بکووژینەوە، وە نان و پێخوری مناڵەکانیان‌دا بە فەقی‌کان کە نەهێڵن ئایین و زمان و داب و نەریتە ڕەسەنەکان مان بفەوتین وە ئەو هەموو کەڵە پیاوە لە بەر چراوکی ئەواندا وە بە نان و دویان پێ گەیشتن.



## پێشەکی

لەم خاکە پاکەی ئێمەدا شێرەپیاوانی هەڵکەوتوو و لەخۆبۆردوو زۆر بۆون کە ئەبوا ژیان و بەسەرهاتیان تۆمار بکرایەت. لە رابردووشدا ئەم گرنگی‌یە کەمتر لەبەرچاو گیراوە و زۆر لەو کەڵەپیاوانە بە کۆچی دوایـیان وەهـا ون بـۆون وەکـوو ئـەوە کـە هەرنەبۆوبن و نەهاتبن. مامۆستا مەلا ئەبۆوبەکری موسەنیف (مصنف) ئەو بلیمەتە هەڵکەوتوەکە چەن کتێب و نووسراوەی هەیە وەکوو: «وززووحی شەرحی محرر» کە لەگەڵ «تحفه» دا ملەملێ ئەکا و خوا هەقە خۆیشی لە «ابن الحجر» کەمتر نەبۆوە. ژیان و نووسراوەکانی «ابن حجر» دەنووسێ کەچی ناوێک لەو شێرەپیاوانـە کـە ئـەویان پێگەیاندوە لەکولەکەیشا نابا. ئەم پێشەوایانە ئەگەر ژیان و جۆری خوێندن وکۆڕی دەرس و هەڵسوکەوتی خۆیان نووسیبا یان نووسرابا ئەی هووا! ئێمە ئێستە خاوەنی کەلەپوورێکی بایەخدارتر و مێژینەیەکی بەکارتر ئەبۆوین. دوورنەچین مامۆستا مەلا حەسەنی خۆمان ٥٦ سـاڵ لە کـۆچی دوایـی تـێدەپـەڕێ تـەنانەت لە پـەراوێزی



کۆنەکتێبێکیشدا باسی نیە. کەسێک کە لە هەموو زانستەکانی ئەو سەردەمە دەستی باڵای بۆوبێ، مامۆستایەکی وەها بە دەسەڵات بۆوبێ کە لە زانستگەی (دانشگای) ئەزهەری میسردا ١١ ساڵ بە ناو کوردێکـەوە لە کـۆڕی دەرسی‌دا سەدان زانا و پسپۆڕ پێبگەن و لە تەواوی ژیانیدا کەس نەتوانێ بەسەر فتواکانیدا چاو بگێڕێ، هەر وا لە شێعر و پەخشاندا دەستی باڵای بووبێ. کەچی نووسراوە و کتێبەکانی لە پیریدا لەبەر نەبۆونی کاغەزی جگەرە، بکرێ بە ئەغزە جگەرە و بسووتێنرێ. کوردێکی ئاوەها بە ئەمەگ بووبێ کە وڵاتـی خـۆی زۆر خۆش بوێ. ئێستە سەیرە کەس لە بۆونی خەبەردار نەبێ، وەهـا کـوژابـێتـەوە تەرووسکەی نەمابێ.

ئەوینی وڵاتەکەی وەها لە دڵیا بۆوبێ ئەو هەموو پلەوپایە بـەرزە بـەجێ بـێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ هەورامانی کووڕ و بێ‌نان.

جگە لە زمانەکەی خۆی، فارسی و عارەبی چاک زانیبێ. کونج و قوژبنی زمانی عارەبی شارەزا بۆوبێ، زانایکی وا بەدەسەڵات لە هـەموو عـەرەبێکـی مـیسری عەرەبتر بۆوبێ.

وڵاتی خۆی، هەورامانی ئەونە پێ خۆش بۆوبێ بڵێ: لەهەموو دنیا پێم جـوان و رەنگین‌ترە. سەیرانی «ئەهرام» و باخەکانی «نیل» و گەڕانی سەر رووبـارەکـانی «دیجلە» و «فورات» بەسکی تێرەوە دایـنامرکێنێ و بڵێ:

**شەرتە هەورامان بـەجێ نـەهێڵم**     مەگەر ئەو ساتە کە بەجێی دێڵم

لە وانەیە ئەگەر لە میسر نەگەڕایەتەوە ئێستە یەکێ لە زانا ناودارەکـانی عـەرەب ئەبۆو، زۆری لەسەر ئەنووسرا و عەرەب شانازی پێوە ئەکرد.

## کێ چاکی کرد؟

«ئیبنو سەلاحی شارەزووری» چۆک بە ئیمامی «نەوەوی» شافیعی دووهەم دادەدا لە کۆڕی دەرسدا. «ئیبنولحاجبی» کورد شافیە و کافیە و مـوختەسەری مـونتەها دەنووسێ. «مەلا ئەحمەدی گۆرانی «دەرس» بە «سوڵتان ئەحمەدی فـاتیح دەڵێ. سەیید ئەحمەد فایز بەرزەنجی «١٨ بەرهەمی شیاو دەنووسێ لە سەر زانستەکان ئەو سەردەمە وەکوو ئەوە کە خۆی ئەو زانستانەی دانابێ و بە ١٢ زمانی بێگـانە وەها شارەزا بۆە ئینگلیزی و عارەبی و ئاڵمانی و رووسی زمان لەکاتی قسەکردندا پیان وابۆە لە خۆیانە. دەبێتە موفتی لە ئەستەموولْ و ئەڵێی هەرکوردستانی نەدیوە.

پەڕە نووسراویکیشی بە زمانی خۆی نیە هەموو پیان وایە عارەبێکی عەرەبە!

لە زانا شارەزووری‌یەکان ٩۴ زانـای بـەناوبانگ ئـەو زانـایانەکـە لە بـارەیانەوە «یاقووتی حەمەوی» مێژوو نـووسی بـەناوبانگ دەنـووسێ: لەهـەر جـێگـایەک مەدرەسەیەک هەیە، شارەزووریەک دەرسی تێدا دەڵێتەوە یا دەرسی تێدا دەخوێنێ و هیچ بنەماڵەیەک نیە ئەوەندەی شارەزووری قازی زۆر بۆوبێ» کەچی زۆر بـە داخەوە ئەوەندەیان لەبارەوە نەنووسراوە کە بە چاکی بزانین ئەو نووسراوە یا ئەو فتوایە هی کام لە شارزووری‌یەکانە. بنەماڵەی حەیدەری‌یەکان پتر لە چوارسـەد



سال لەو پەڕی زەحمەتدا خزمەتی زانست و ئایینیان کرد و ئێستە بـە چـاکـی نەناسرێن. یان بنەماڵەی مەردووخی، ئەو بنەماڵەی زانایی و زانستە هەرە گـەورە زانا و بلیمەتی وایان بوو کە ئەگەر کورد نەبۆوبان، دەیان هەیکەلیان لە سەراسەری وڵاتدا لێ دروس دەکرا، سەدان ساڵە زانا و پسپۆڕیـان لە گـۆشـەی مـزگەوت و قـوتابخانەدا خـەریکی پـەرەپیدانـی زانست و زانـیاری بـوون کـەچی ئـەگـەر وەچەیەکیان بیەوێ رەوشت و خـوو وخـدەی بـاوای بگـرێ نـاشوکری نـەبێ ئەوەندەی لەسەر نەنووسراوە کە ببێتە چرا و رێنما بـوێ. ئـاوڕێک بـدەرەوە بـۆ دامەرزانی مەدرەسەکەی «شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخێ» لە دەگاشێخان کە تـا سەردەمی ئێمەش هەر درێژەی بوو و دەیان لێ‌هاتوی ناودار و خزمەتکاری ئایین و ئەدەب و فەرهەنگی پەروەردەکرد. وەها بنەڕەتێکی فکری بـۆ ئـەو خـەڵکـە داڕشتبوو دوای چەن سەدە هێشتا ئاساری ماوە، ئەتوانم بڵێم کە وەها خەڵکێک لە هیچ جێگایەکا نەبۆە کە هێندە بەدڵ لە خزمەت ئایین و زانستدا بووبێ و ئەوەندە بەدڵ خۆێ فیدای شەرەف و کەرامەت کردبێ. بە کۆڵ کێشی، بە جووت و گـا و ئاژەڵداری فەقێ و مەلایان بەخێو کردبێ و شانازی‌یان کردبێ کە خـزمەتکاری زانیارین. پێم وایە بنەڕەتەکەی بە ئیمان و ئیخلاسی ئەم پیاوە مەردووخیە بووە. جا ئیتر خۆت بنواڕە بۆ وەسیم و قەسیم و جەسیم و مۆهاجر و باقی مەردۆخیەکان. خوالێخوشبوو «قازی مەلاعەبدوڵلای شەیدا» ئەو مێژوونووسە زانا و بەدەسەلاتە خۆی و دەپشتی چیان کرد لە رێگەی پەرەپێدانی زانست و فەرهەنگی ئەم ولاتەدا.

ئەم بلیمەتە مێژووەیەکی سی‌هەزار ساڵەی بۆ هەورامان نووسیوە. رەنگە لە ناو کتێب و نووسراوە مێژوویی‌یەکاندا لە هەر بارێکەوە تاک بێت. زۆربەی زانا و عالمە بەناو بانگەکان لە خزمەتی زانا و قازی‌یەکانی ئەو بنەماڵە زانست پەروەرەدا پێگەیشتون، لێرەدا پتر لەمە ناگونجێ باس کەین. لەم سەردەمەی دواییدا بۆو بە باو کە رێگا و ژیان و هەڵس وکەوتی پیرانی تەریقەت تۆمار کرا تەنانەت شتی زۆر ورد و سووک. ئێستە بتەوێ بزانی ژیانی هەر کام لە پیرانی تەریقەتە چۆن بووە خێرا لە کتێبخانەیەکدا دەیدۆزیەوە و رۆشنی دەکەیتەوە. ئەمەش کارێکی زۆر چاک و بەجێ بووە.

خۆزگا هەر لە مێژەوە زانا و پیاوە بەرزەکانی تریش ئاوەها لەسەریان نووسرابا.

موفتی‌زەهاوی ئەم هەڵکەوتووە، زانایەکی وایە مامۆستا و رێنەمایە بۆ نووسینی تەفسیری رۆحولمەعانی. تا لە کوردستاندایە لەبەر برسیەتی لە کۆڕی دەرسدالێی دەپرسن، بۆچی بێ‌تاقەتی؟ ئەلێ: «*جعلت* [١] *قولی شرحاً لحال فاحزف الاّم تفهم سوال*» واتە: برسیمە. دەچێتە بەغدا و دەبێتە موفتی گەورە و تا ئاخری ژیانی ناگەڕێتەوە.

مەلا حەسەن نەدەبێتە موفتی و نە بە کورسی زانستگای ئەزهەر رازی دەبێ.

---

١ - واتە وشەی جەعەلتو ئەکەمە شەرحی حاڵی خۆم، ئەگەر «لام» ەکەی لابەی دەبێتە «جُعت» واتە برسیمە. جعلت ـ ل = جعت



دەگەڕێتەوە هەورامان بە کۆڵێک زانیاری کۆن و تازەی ئەو سەردەمە نانی «پوە»[١]، و دۆخەوای نینۆری بە تەسەلی دەس ناکەوێ و زۆر جار فەقێی بۆ ناگیرێ ناچار دەرس بە حەمەی باوا و حەمەی سلێمانی دزلی دەلێ. بۆ چنگەتوتنێک لە دەرگای «ئەحمەد رەحیمەی دەگاشێخان» دەدا. بۆ جووتەکلاشێک ئۆسا ئەولەزیزی تەوێڵەیی دەخاتە راو، بۆ چەن پەرەکاغەزێک لەبەر «موجتەهیدی کوردستان» دەپارێتەوە. بەڵام خەپلەی حەمەتەی [٢] لا خۆشترە لە هەمووشت.

ئاوەها پیاوانێک وەکوو وتمان نە خۆیان و نەکەسێکی تر لە کونجێکی مێژووی ئەدەبەکەماندا بە تەسەلی باس نەکراون و هەتا ئەم کەم تەرخەمیە ببێ زۆرتر بەر تووڕەیی و تۆمەتی گەلەکەمان دەکەوین کە بۆچی ناوی مامۆستاکانمان، جۆری دەرس و کتێبەکانیان تۆمار نەکراوە کە ئێستا وەچەکانیان کەڵکی لێ وەرگرن؟ خۆزگە و هەزار بریا وەکوو «مامۆستا سەجادی هەورامی کەلجینی [٣] لە

---

١ - نانی پووە: لە هەورامیدا بەنانی بەروو دەڵێن. لە هەورامان ناسیدا بەتەسەلی باسی کراوە.

٢ - حەمەتە پیاوێکی ئاشەوان بووە کولێرە ئاسیاوی کردووە، مامۆستا مەلا شەریفی برایشی ئەلێ:

خەپلی حەمەتەی بەکاڵ و خامی      وەشتەر جەسوفرەی شێخول ئیسلامی
ئەڵێن کولێرەی حەمەتە هەمیشە نەبرژابووە

٣ - کەلجی دێ‌یەکی خنجیلانەیە لە هەوراماندا دانیشتوەکانی هەموو سەییدن. هەورامی یەکی رێک و پێکن، زۆر بە بەشی خوار رازین و رەنگە ١٨٠ماڵێک ببێ. باخ و مەزرایان هەیە، بەڵام بەشی گوزەرانیان ناکات، دەچنە دەرەوەی کەلجی بۆکار و ئیش و کڕین و فرۆشتن. باخی گوێز و ترێ و هەرمێ و میوەکانی تریان هەیە.

**ناخۆشترین جۆری ژیاندا و لە ماڵە تەڕو ژێرزەوینە تاریکەکەیا دەس بە خزمەت ئەکا لە هەر بۆارێکدا تا ئەبێتە وەزیری ئەوقاف. کەچی گەلەکەی لە بیر ناچێتەوە لە هەر پلەوپایە بۆ خزمەتی گەلەکەی کەڵک وەردەگرێ و ئاوەها خزمەتێک ئەکا ناوی خۆی بە درێژایی مێژوو لە سینگی نەتەوەکەیدا تۆمارئەکا. یان وەکوو گەورەپیاوی خوا و دڵسوزی ئیسلام و خەم خۆری کورد، خۆشەویستی هەموان «مامۆستا عەبدولکەریمی مودەرریس» خوا تەمەنی درێژترکا بووەتە شانازی گەلەکەی لە جیهاندا. لە خانەقا، لە تەکیە، لە بارەگای «ئیمام عەبدوالقادر» و لە بیارە تا بەغدا لە خۆشی و ناخۆشیدا لە جوانی و پیریدا لەو پەڕی تێکۆشاندا خزمەتی گەلەکەی و هەموو موسڵمانان دەکا. نانی عەرەب دەخوا و خزمەتی گەلەکەی خۆی دەکا ئەگەر پایەبەرزەکانی تریش وایان کردبا گەلەکەیان لەبیر نەچووبا و بەزمانی دایکیان نوسراویان نووسیبا ئێستە ئێمە لە جێگایەکی تردا بووین و ئەدەبەکەمان لە لووتکەیەکی بەرزتردا دەبوو.**

## چۆن کەوتمە بیری نووسینی ژیانی مامۆستا

**مناڵ بووم ئەو پارچە هۆنراوە کە بۆ موجتەهیدی نووسیبوو، خۆی پێی دەڵێ «متهزل و مختلط» وەکوو بەیتی بلە دەماودەم کەوتبوو. لە حوجرە و لای میرزا و خوێندەواران بۆ خۆشی دەخوێنرایەوە. منیش کەخۆشم لە قسەی خۆش و نەستەق دەهات بە شپرزی لە بەرم کرد پاشان ویستم ویژەرەکە چاکتر بناسم چووم بە شوێنیدا. دیم هەی هوو ئەم پیاوە زۆر گەورەیە و زۆرشتی جوانی هەبووە کە بەداخەوە نەماون جگە لە بەسەرهاتی دەماودەم و هۆنراوەی نیوە و ناتەواو. هەندێک لەو شێعرانەکە لەلای ئەم و ئەو بە شپرزی و نارێکی ماوەتەوە ئەویش زۆر کەم لە سینەی خەڵکدا برێکم لێ دۆزیەوە و زورم زەحمەت کێشا، بەنامە و تەلەفون و زۆر گەڕام لەم شار و ئەو شار تا گەیاندمە رادەیەک کە توانیم برێکی ئاراستەی ئەو دڵسوزانە بکەم کە خەمی فەوتانی شتی وا دەخۆن. لە سنەوە ۴ جار چوومەتە بانە بۆ تەنیا پارچە شێعرێک دەستیشم نەکەوت. چەن جار رێگەی پاوەم بڕی بۆ پارچەیەک ئەویش ناتەواو بوو. ئەگەر بڵێم زیاتر لە پێنج ساڵی تەمەنم لە ڕێگەی کۆکردنەو دۆزینەوەی ئەم بەرهەمەداتێ‌پەڕیوە درۆناکەم ئەوش دەزانم بەرهەمی لەلای کەسانیتر هەن داواکارم هەرکەس هەرچی لەم گەورە پیاوە دەزانێ رەوانەی بکا تا بە یارمەتی خوای گەورە لە چاپی دواییدا ئاراستەی خوێنەواران بکرێت. زۆر بەی شیعرو بە سەرهاتی لە سنگی پیرەپیاو و پیرەژناندا مابۆوە لە بیرم دێ دایە پیرەیەک وتی من شیعری مەلاحەسەنم لە بەربۆ ۱۶ڕوژ لەودیەدا دانیشتم هەتا تاکەتاکەبیری دەکەوتەوە و دەم نوسی ئەگربڵێم چۆن بێ تاقەت نەدەبۆم سەرت سوردەمێنی. سەرنجی ئەولاوە خۆین گەرمانە بۆ ئەم گرنگە رادەکێشم بۆ بەدی هینانی بەرهەمیک پەلەنەکەن بێ تاقەت نەبن مەلاحەسەنی زۆر مان بۆە بگەڕن بیان دۆزنەوە.**

١-نووسینی ئەم کتێبە تەوار بووە خوایار بێ چاپی دەکەم

# کورتە باسێکی دزڵی

دزڵی لە نووسراوە مێژوویی یە کۆنەکاندا باسی کراوە، جار جاریش بە شـار نـاو براوە شاری دزان (شهر دزدان) یاقووت حەمەوی لە زمانی «ابـن المـهلهل»ەوە دەنووسێ «نیم ازرای» واتە: نیوەڕێگە لە نزیکی دزدان دایـە و نـیم از راە شـارە کۆنەکەی زەڵم یا خۆرماڵە. لە زۆر جێگەدا بە «دژڵە» ناو براوە واتە: «قەڵا چکۆڵە».
دزڵی وادیارە چەن جار جێگەکەی گۆڕابێت جارێک پاش سـووتانی بـەدەستی دەیلەمیەکان گوێزراوەتەوە. جارێکی تریش لە پاش گـرتن و سـووتاندن و وێران کردن گوێزرایەوە جێگایەک کە ئێستە لە خوارى دزڵیەوەیە و پێی دەڵێن کلکەی پاڵێ. ئاخرین جار لە بەربەرەکانێ لە گەڵ سوپای ئیسلامدا سووتا و کاول بـوو گوێزرایەوە جێگاکەی ئێستا. خوابکا ئیتر هیچ کات کاول نەبێ.
دزڵی دێ یەکی خنجیلانەیە، ئاو و هەوایەکی کوێستانی هەیە خەڵکی ئەم دێ یە بە ئازاو نەترس و خۆڕاگر ناویان دەرکردووە. لە بەر ئەوە لە سەر سنوورە دروست کراوەکەدا بوون هەردەسەڵات دارێک ویستبێتی هێرش بەرێتە سەردراوسێ کەی لە هەر دەورەوزەماندا، مەریوان بەتایبەت دزڵی سمکوت کراوە و خەڵکە هەژارەکەی تووشی کوشتن و سووتان و رووت کردنەوە بۆوگن. بەڵام لەو پەڕی خۆراگریدا شەرەف و پیاوەتی و ئازایی خۆیان لەدەس نەداوە. زمـان و ئـاداب و نـەریت و فـەرهەنگە بـایەخدارەکـەیان بـەتایبەت لە بـارەی ئـایینی یەوە پـاراسـتووە و نەیانهێشتووە کەس لە ئاینیاندا دەس درێژی بکا. کەمتر جێگایەک لە جـیهاندا



دەبینی کە هەمیشە میوانداری بیروڕای جیا جیاو فەرهەنگی جۆراوجۆر بێ کەچی لە داب و دەستوور و فەرهەنگ و دیندا تێک نەچووبێ. خەڵکی دزڵی هەر وەکوو باقی هەورامی یەکان نەجیب و هێمن و بە بەشی خۆ رازین. بەدرێژایی مـێژوو لە میوانداری هیلاک نەبۆوگن. زۆر جار سپای داگیر کەر لە بەر خۆڕاگری ئـەوان نەیانتوانیوە لە دەربەنە حەستەمەکەی دزڵی یەوە تێ پەڕن.
ئەسکەندەری مەقدوونی ئەو دەسەڵاتدارەکە دنیا بە دەستیەوە ئەیزیران پتر لە ۱۵ رۆژ نەیتوانی لە دەربەندی دزڵی و دەربەندی کەڵەم تی پەڕێ. ناچار رێگەی کەچ کردو رێگەی سوورێنی گرتەپێش و رێگای ئـەسکەندەر هـێشتا بـەناوبانگە. لە شەڕی داگیرکەرا دزڵی وەها خۆڕاگر بوو کە مێژوو نووسەکـان ئـەڵێن کـورد لە هەڵمەت و نەترسیدا لە دەیلەمیەکان ئازاترن بەڵام دەیلەمیەکان لە بێ رە میدا کەسیان پێ نـاگـا. بـاسی لێهـاتوویی و ئـازایـەتی خـەڵکـی دزڵیـم لە کـتێبی هەورامان‌ناسیدا زۆرتر باس کردووە.[1] هەر وەکوو وتمان دزڵی دێ یەکی خۆش و بەرچاوو ئاوەڵایە رووی کردوەتە کێوەبەرزەکانی «دالانی» و «زەرەوە» و «ملەوەرد» و «قەڵابرووسکە». زەوی و زاری لە پـای دێکـانی هـەورامـان زۆرتـرە. تـەلانـە جوانەکانی کە جاران پەموو و زەرات و گەنمەشامی تیا دەکرا، ئێستە گەنم و جۆ و نۆک و تەماتە و باقی پێداویستیەکانی خواردنی خۆیان وەکوو سێفەزەمینە و پیاز و خەیار و... تیا دەچێنن.

١ -نووسینی ئەم کتێبە تەواو بووە خوایار بێ چاپی دەکەم

**باخی گوێزو هەرمێ و میوەی تریشیان هەیە. زۆربەی خەڵکی دزڵی لەم تەلانانە و لە باخ و مەزراکانیاندا خەریکی کشت و کاڵن و بە ئاژەڵداریشەوە خەریکن. بڕێکیش چاخانە و دووکان و کاسپی سەر پێیی و هەندێ تریش ماشین‌داری دەکەن؛ ئەوانەش کە بێ کارن دەچنە شاری مەریوان و شارەکانی تربۆکار. مەلایان هەیە و لەگەڵ بانگ‌دان‌دا زۆربەیان دەچنە مزگەوت بۆ جەماعەت. مزگەوتێکی خنجیلانەیان هەیە و بۆ خزمەتی مەلاو مزگەوت حازرن، شوکر بۆ خواکەمەلا و فەقێ لە زۆربەی خەڵکی دزڵی چاکتر بەڕیوەدەچن.**

**یادی بەخێر بێ کوا مامۆستا مەلاحەسەن کەبۆکولێرەیەک وکەوچکێ ڕۆن یا مشتێ تەماکۆ دامابوو. دزڵی ژیر و پیاو چاکی زۆری تێدایە. پێم وایە هیچ غەریبێ لە دزڵیدا دانامێنێ. کێوە جوان و بەرزو ڕەنگینەکانی هزار دڵ دەفڕێنن. گوڵە بۆن خۆش و جوانەکانی وەکوو سوورهەڵاڵە، وەرکەمەر، چنوور، شەوبۆ، هەڵاڵە بڕەمە، گاوکوراڵ و باقی گوڵەجوانەکان کێوەکانیان ڕازاندوەتەوە و گیا خۆش و بەلەزەتەکان کە خۆراکی خەڵکن وەکوو ڕێواس، شنگ، هاڵەکۆک، کەرەس، خۆژە، پیچک، بەنا، پسڵ، بەناشوانە، دووسمۆرکە، تەڕەژەرەژا، نەرمیلە، سەیاران و... فەرووبەرەکەتی وڵاتەکەی تەواو کردووە. بەڕەزا، نینۆر، کەرەس و گیلاخە و رووسقە و دەیان گیای‌تر بەکاڵی و کوڵاوی و برژاوی بۆ خواردنی ئاسایی و دەرمان کەڵکیان لێ وەردەگیری. گیا ئالفیەکان بۆ ئاژەڵ لە هەر جۆر و ڕەنگێ، دەیان جۆر لۆ دەیان جۆر «قومامە» خۆراکی ئاژاڵەکانە کە بە تەڕی و وشکی**



**کەڵکیان لێ وەردەگرن. ماست و دۆ وکەرەیان لە ناوچەدا بە ناوبانگە. ئاوی چیاوساردی کانیە جوانەکان و ئەم دیمەنە ڕازاوانە بە تایبەت لە بەهاراندا بووەتە سەیرانگاو لە شارەکانی ترەوە دێن بۆ سەیران و حەسانەوە. خەڵکی شارە جوانەکەی مەریوان هەموو ڕۆژ بە تایبەت لە هەینیدا خۆیان دەگەیەننە ئەم بەهەشتە ڕازاوە و لە پەنای کێوە ڕەنگینەکاندا پشوو دەدەن و ماندوو یان دەحەسێتەوە. ئاخ چەن خۆشە ئەو ڕۆژەی بە دڵی خۆش لە پێی کلێڵە بەفرێکدا کە بەفراوەکەی هاژدەکا و بەناو بەرد و خرەکەدا نوقم دەبێ. شنەی هەوای کوێستان خۆی لەگەڵ بۆنی سوور هەڵاڵە و چنوور و گیا بۆن خۆشەکان تێکەڵ دەکا، بەناخی سیدا دەچی. گوێ لە دەنگی مەلە دەنگ خۆشەکان دەگری و جارجارە کەوێک لە دوورەوە دەخوێنێ هەورامی یەک فەرەنجیەکەی لە قولێکی هەڵکردوە و دەس لە بناگوێ گۆرانی و جارجارە دەڵێ ئاخ لەیل. جا تماشای ئەم دیمەنە جوانە و پەلکی ڕێواس و شنگ کە بە دەوری بنەکەدا خۆدەنوێنێ ئاواتی هەزاران وەکوو مامۆستای خواڵێ خۆشبوومان دێنێتەدی. یاخوا بە نەسیبت بێ ئاوەها ڕۆژێک جا لە مامۆستا مەلا حەسەن تێ دەگەی کە ئەڵێ:**

شەرتە هەورامان بەجێ نەهێڵم     مەگەر ئەوساتە کەبەجێی دێڵم

**کاک کەماڵ ڕەمەزانی خەڵکی دزڵی ئەڵێ:**

**دزڵی ئاوایی‌یەکی شاخاوی و کۆسارەکە لە چاڵاییی‌یەکدا هەڵکەوتوە و چوار دەوری بەم کێوانە گیراوە: دەربەند دزڵی - زەڕەوە - کێوی مەدی - کێویکی بەرزەکە**

لە کاتی هێرشی سوپای ئیسلام بۆ سەر ئەم ناوچەیە ئەسحابەیک لە سەر ئەم کێوە شەهید کراوە ناوی «مەهدی» بووە ئەم کێوە بەو ناوە ئێستا مەشهوورە. «چادرگاە» کە لە ناوەکەیەوە دەردەکەوی شوێنی سوپاو لەشکری نیزامی بووە، قەڵا برووسکە، سەردانی، دالانی، هەڵوەلیان یا هەلۆهێلان، دەربەن جەهە سووک کراوی دەربەند جیهاد لەکاتی هێرشی موسوڵمانان بۆ ئەم ناوچەیە و خەڵکی دزڵی لەم دەربەندە شەڕیان کردووە کە چەند جار سوپای ئیسلام شکاوە. (بۆ ئاگاداری خەڵکی دزڵی و هەورامان ئەو کاتە لە سەر ئائینی زەردشت بوون) مەلەوەرد، قەڵاوی، بەرزەڵنگ، ڕەنگین، خاڵۆسان، سوفیەسەرە، کەڵەوێ، داڵەمیز، کانی خەیاران، ناڵەشکێن، دوڵەناو (دەرەو ناوێ) سپی کەمەر و کۆڵارە ئەم کێوانە کێوە سنوری یەکانن کە دزڵی یان لە هەورامانی ئەو دیوو گوندەکانی دەوروبەری جیاکردوەتەوە. «قەڵازەبان» شاخێکی جوان و خنجیلانەیە کە دزڵی خۆی پێدا هەڵسپاردووە.

پاش گرتنی و سووتاننی لە لایەن سپایەکی داگیرکەرەوە گوێزراوەتەوە خواری ئێستای دێوە بە ناو «پئالی»[1] ئەم دێیەش پاش هاتنی سوپای ئیسلام و سووتاندنی هاتووەتە جێگای ئێستاو گۆڕاوە بە دزڵی لەم کاتەدا «یەزدگرد»[2] حوکمران بووە لە دژلی دانیشتووە و قەڵای بووە دژلی مەعناکەی خاوەنی قەڵایە

---

١ ـ پالی = پئالی = کلکەی خواری دێی دزڵی یە کە لە پێشدا دزڵی لە وێدا بووە.

٢ ـ یەزدی گورد لەدزلیدا قەلای بوە دەڵێن چەن ڕۆژ خوی لەو قەلادا شاردوەتەوە بۆیە پێی دەڵێن قەلای یەزدی گورد.



دژێکی گەورەیان بووە ناوی دژڵی و لەو دژە وەر گیراوە و بۆ هاسان کردنەوە سووکیان کردوەتەوە کردوویانە بە دزڵی.

ئیتر باسی دزڵی تەواو دەکەم. داوات لێ دەکەم کە خۆت بچۆ دزڵی و بزانە چبەهەشتێکە. لە خەڵکی ژیر و دڵسۆزی دزڵی داوا دەکەم و لێیان دەپاڕێمەوە کە نەیەڵن هەرد و شاخ و دەشتە جوانەکەیان بکەوێتە بەر هێرش و شالاوی نەزان و نەفامەکان بە پاچ و گیاکەن بکەونە گیانی گیاکان و لە ریشە دەریان بێنن. چەن ساڵ لەمەوبەر دز و جەردە لە شارەکانی ترەوە هاتبوون بە پوولێکی زۆر کەم ساویلکەو نەزانیان دەخلەتاند و ریشەی «تۆسی»[1] و گیاکانی تریان وەکوو «ڕێواس» و «سالمە» و... هەڵدەکەند و بە ماشێن بەرەو «ئەسفەهان» دەیان برد. من زۆرم هاوار کردو لە گەڵ مودیر کشت و کاڵ و بنەما سروشتییەکان باسم کرد وبەڵێنیاندا نەیەڵن بەڵام بەدەنگمەوە نەهاتن. لە خەڵک داواکارم ئەگەر دیتیان کەسێ ئەیەوێ ئەم میراتە جوانە لە ناو بەرێ نەیەڵن و ڕێگە بەو سەیران کەرانە کەوەکوو سوون و کولە هەمووشت پێ شێل دەکەن بگرن.

ریزی ئەو سەیران کەرانە کە لە دوور و نزیکەوە دێن بە جوانی و ژیری کەڵک لە

---

١ ـ تۆسی درکێکە بۆ ئالف و گیای ئاژەڵ کەڵکی لێ وەردەگیری ماوەیەک لەمەو پێش گیاخۆرە لە خۆانەترسەکان کە بە ناوی گیا دەرمانی یەوە ریشەی تەواوی گیاکانیان دەردەهێنا بە تایبەت تۆسی کە گیایەکی زۆر گرنگە دەیانکەند و دەیان نارده خارج بۆ فرۆش و دەکرا بە بنەمای سابوون و بۆدره؛ چونکە تۆسی لە هەوراماندا زۆرە ئەیانویست ریشەی دەربێنن.

سروشت دەگرن، راگرن و خزمەتیان بکەن چونکا میوان خۆشەویستە بەڵام تاڵانکەر دژمنە. جا داواکارم هەرکەس دارەکان ئەبڕێ بەتایبەت «وەن» «مازوو»، «بەڕوو» دەسی بگرن و تەورەکەی بشارنەوە تۆ خوا با ئەم میراتە کە هەزاران ساڵە باوک و باوەگەورە وەکوو ئەمانەتێک پاراستیان لە دەس نەچێ. بیر کەنەوە ئەگەر گوڵ و گیاو دار و هەژگ و گەلا نەمێنێ کیۆیکی رەق و رەش بەکەڵکی چی دێ؟ ئیتر خۆتان‌وغیرەت و پیاوەتی کوردیتان تەمایەری جەنگەڵبانی و موحیتی زیست و مەنابیعی تەبیعی مەبن خۆتان دیمەنە جوانەکانتان بپارێزن قەزای «کەلانە»[١] و دوخەوا [٢] و «شلکێنە»[٣] و «سیراج و کەرە» و «گونێنە» و «شیر» و «ماست» و «پەنێر» و «کەرە» و «گەزۆ»[۴] و «دۆ» بە تام و مەزەکەی خۆتان بخەن لە شیری نیوە

١ - کەلانە جۆرێک خواردنە لە پیچک کە گیاێکی کوێستانی توندە و یەک چڵ دەڕوێ - بە چەقو وردی دەکەن و دەیکەنە ناو هەویرەوە و بە ساج یا تەنوور دەیبرژێنن و پاشان بە کەرە چەوری دەکەن زۆر خۆشە بە پیاز و کنیوالیش دروست دەکرێ

٢ - دوخەوا = چێشتیکی کوردی‌یە لە برنج یا برۆیش و دۆیا ماست دروستی دەکەن. لە هەوراماندا گیایەکی تێ دەکەن بە نێوی پسل، ئەگەر تۆزێک ئاردی تێ کەن و خەسی کەنەوە بە کەرەوە زۆر خۆشە

٣ - شلکێنە = ئارد لە گەڵ هێلکە و شیردا تێکەڵ دەکەن و هەویرێکی تەڕ دروست دەکەن، بە کەوچک ئەیکەنە سەر ساج و ئەبرژێ بەکەرە چەوری دەکەن و گەزوی پێدا دەکەن.

۴ - گەزۆ = شیلەیەکە لە سەر گەلای داری مازوو، پەیدا دەبێ چلەوردەکانی دەبڕن تا سێ رۆژ وشک دەبێ و لە سەر مەوج یا دەفرێکدا دەیتەکێنن و بە هێلەک دەی بێژن وەکوو شەکری لی‌دێ دەیکەنە ناو کیسە یا مەشکە و هەلی دەگرن لە گەڵ کونجی تێکەلی دەکەن شیرینیەکی زۆر



ئاوی پاستوریزە و کەرەی گیایی و ساردی پڕ لە باڵە سیسرکی شاران.

## مەلا حەسەن کێ یە؟

ناوی «حەسەن»ە کوڕی مەلا موحەممەدە و مەلا موحەممەد کوڕی موحەممەد رەزایە. نازناوی «هیجری» یە لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی مانگی لە دێی «وەیسیا»ی لە بنەماڵە مەردۆخی‌یە ئایین پەروەرەکان لە هەورامان لە دایک بووە. دایکی ناوی «شاپەروەر»ە. ئەویش لە مەردۆخی‌یەکانی هەورامانە. برێک دەڵێن ئەم بنەماڵە زۆریان لە ٩٩ پیری هەورامانن. مەردۆخی یەکانی هەورامان ئێستەش خەریکی خزمەتی دینن و مەلاو خەتیبی هەورامان لەو بنەماڵەن.

بەپێ فەرمووەدەی ماموستا مەلا شەریفی برای کە لە ساڵی ١٣۶۴ (ک. م) دا ئەڵێ: ئەمساڵ دو کۆسی گەورەم لێ کەوت، یەکێ عەبدوڵلا بەگی هەورامی [١] شاعیری توانا و بەرزی هەورامان، دووهەم کاکە حەسەنم.

مەلا حەسەن هەر ئەو ساڵە لە کاتی کۆچی دوایی عەبدولاّبەگدا گوێی لە شیوەنی دایکی عەبدولاّبەگ ئەبێ ـ کە ئاموزای خۆیەتی ـ چۆن بە سۆزەوە رۆڵەکەی

خۆشە. دۆشاوی لێ دروست دەکەن، کە ئەویش چەن جۆر شیرینی لێ دڕوست ئەکرێ و ئەڵێن: هیچ زیانی بۆ نەخۆشی قەند نیە. لەوەپێش گەزۆ زۆر بوو هەرمیوانیک دەهات گەزۆ و کەرەیان بۆ دادەنا. لە هەورامان ناسیدا بە تەسەلی باسی کراوە د یان جۆری ترکەلکەلێ وەردەگیرێت.

١ - عەبدوڵلا بەگ یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی هەورامان لە ساڵی ١٣۶۴ کەم لە دنیا دەرچوو.

دەلاوێنێتەوە. لاواندنەوەکە دەکاتە پارچە شێعرێک کە بەداخەوە لە ناوەڕاسدا زۆری لێ ون بوە. بەزمانی دایکیەوە دەڵی:

دنیای بێ بەقا، بێ شەرت و بێ قەوڵ
جای حیرس و تەمەع، جای تەقالاو حەوڵ(۱)

جای ناتەمامی، بەدی و بەد نامی
هەر رۆ بە وێنەی فۆتە حەمامی(۲)

وێرانە خوازی، وێنەی بایەقوش
عەجووزەی دەوران، کۆنە فەراد کوژ(۳)

ئاخر چی فەرزەند جە دایە کەردی
چی نەوجەوانان، نەتۆی گڵ بەردی(۴)

---

۱ - شەرت = مەرج، قەوڵ = وتە، تەقالا =رەنج، حەوڵ = هەوڵ / واتە: دنیای بێ ئەنجام و بێ بەڵێن و درۆزن، جیگای حیرس و تەماع و جێگای رەنج و هەوڵ دانە.

۲ - بەدی = خراپە، بەدنامی = بەدناوی، رۆ = رۆژ، وێنە = وەکوو / واتە: جێگای ناتەوای، هەر رۆژ وەکوو فۆتەی حەمام کەسێ کەڵکی لێ وەردەگرێ توش هەر رۆژە لەگەڵ کەسێکدایت.

۳ - وێرانە = کاول، خوّاز - ویست، بایەقوش (مەلێکە)، عەجووزە = پیرەژن / واتە وێرانەویست وەکووبایەقوش، پیرەژنی دەوران، کونە فرهاد کوژ ئەڵێن بایەقوش خۆشی لە جیگای چۆڵ ۆ ویران دێ.

۴ - فەرزەند= رۆڵە = کوڕوکچ، دایە = دایک / واتە: بۆچی رۆڵەت لە دایک کرد، بۆ تازە لاوانت بردە ناو گڵەوە.



چەن خانەدانت شێونا وەهەم
جە کەیقوباد و جە جەمشیدی جەم(۱)

چەن دەم و دەسگا جەبێخ هورکەندی
گردت کیانا و تۆ وێت هەر مەندی(۲)

ئاخر تۆ مەگەر گلاراوتەن
یا چون باخەوان نۆبە ئاوتەن(۳)

نەونەمامەکەی تەکیەی باهوا
سەردەستەی رەشتەی دیە ئاهوا(۴)

---

۱ - خانەدان = بنەماڵە، شێونا = شێواندت / واتە: چەن بنەماڵەت شێواند بەیەکدا، لە کەیقوبادەوە تا جەمشیدی جەم.

۲ - هورکەندی = هەڵتەکاند، کیانا = نارد / واتە: چەن دەمودەسگات لە بێخ هەڵ کەند هەمووت نارد و خۆت هەر ماوی.

۳ - گلاراو = بەدەس دەردەوەهات و چۆکردن / واتە: ئاخر مەگەر تۆ گلاراوتە یا وەکوو باخەوان نۆرە ئاوتە.

۴ - نەونەمام = تازەنەمام، تەکیەی باهوا = باخ و مەزرایەکی زۆر خۆشە لە روژ ئاوای دێی کەماڵە لە ژێر رێگاکەی پیروڕستەمدا. چلەخانەی «بابا بێدۆیەکێ لە ۹۹ پیرەی هەورامان گۆیا لەوێ دایە. هاوینەهاواری عەبدوڵلا بەگ شاعیری توانای هەورامانیش بووە رەشتە = رێژراو ئاهور = ئاسک / واتە: تازەنەمامەکەی تەکیەی باهوا، سەرۆکی دەستە ئاسکە چلو رشتوەکان،

مـــن پـــیروزه بـــیم پـــەی تـــۆ نگـــینم

فـــــــەرزندی ئـــازیز رۆلەی شـــــیرینم[١]

هــەزار و ســێســەد شــەست و چــوار بــێ

رۆحش وه «رزوان» بـــــەهشتی یـــــاربێ[٢]

لەم شێعرەدا دەرئەکەوی کە مامۆستا لە ساڵی ١٣٦٤ دا ماوه بەڵام شەش مانگ لە پاش ئەم هۆنراوە لە ساڵی ١٣٦٥ کۆچی مانگیدا لە دنیا دەرچووە و لە ئـاوایـی دزلّی لە گۆرستانی ئەسحاب بە خاکی پاکی هەورامـان سپێردراوە. ئـەو ساڵە مەشهوور بووە بە مەلا قران. نەخۆشینێکی هەمەگیر پترلە ١٢ مەلای چاکی وەکوو مەلا عەبدولقادری جەلالی دەگاگا و مەلا عەبدولسەمەدی رەزاوی کوشتوە.

## خوێندن و مامۆستاکانی

لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە لای باوکی بـەڕێزی دەسـتی بـە خـوێـندن کـردوە و خوێندنی سەرەتایی ئەو سەردەمەی تەواو کردوە. بۆ درێژە پێدان بـە خـوێـنـدن دەچێتە دەگـاشیخان و لە خـزمەتی خـواڵێ خـۆشبوو حـاجی شـێخ یـوسفی

١ - پیرۆزه = جۆری بەردی ناو ئەنگوستیله / واته: من پیرۆزه بۆوم بۆ تۆ بـوومه مـۆرخـه. دایکی خواڵێ خۆشبوو ناوی پیروزه بووه و ئەڵێ: من وەکوو مۆرخەوانەی ئەنگووسیلەم بۆ تۆ، منالی خۆشەویست، رۆلەی شیرینم.

٢ - رۆحش = گیانی، رزوان = باغ / واته: رۆحی بەباخەکانی بەهەشت شاد بێ.



دەگاشێخان «صرف» و «نحو» و «منطقی» خوێـنـدووە و پـاشان چـووەتە شـنۆ ولاجان و دێکانی دەورو بەرگەڕاوە. لە هەر جێگایەک ناوی مەلایەکی چـاکـی بیستبێ چووەتە خزمەتی. لە دێی «دۆڵکانە» خوێندوویە و چووەتە «سـنگان» و لەوییش خوێندوویە. ناوی مامۆستای گەورەی هـەولێری بـیستووە، چـووە بـۆ هەولێر و ماوەیەک لەوێ خوێندوویە و خوێندنی باوی ئەو سـەردەمەی تـەواو کردووە و دیسانەوە چووەتەوە بۆ خوێندن لە دێ یەکی بەرزاندا دامەزراوە. پاشان چووەتە سلێمانی و ماوەیەک ماوەتەوە، جاگەڕاوەتەوە بۆ شنۆ و لاجان. پاشان لە موکریان بڕێکیتر دەرسی خوێندووە. لە بیارەشدا بۆ خوێـنـدن زۆر مـاوەتەوە. ئەمجار لە خزمەت مامۆستای گەورەی هەولێردا ئیجازەی وەرگرتووە و چووەتە دێی «سەنگان» بووە بە مەلاو پاش ماوەیەک کەڵکەڵەی هەورامانی کەو تووەتەوە سەر و گەڕاوەتەوە هەورامان و لە دێی «دەگاشێخان» لە جێگەی مامۆسـتاکـەیدا دەستی کردووە بە تەدریس و پاش ماوەیەک ناکۆکی کـەوتووەتە بـەینی ئـەو و دەسەڵات دارێک کە خۆی پـێی دەڵی مـوفەتیش. نـاچار دەگـاشێخـانی بـەجێ هیشتووە و چووەتە دزلّی و پاشان چووەتە «هانەی قووڵ لە بناری شارەزوور و پاش ماوەیەک چووەتە «بانی شار» ئەویش هەر بناری شارەزووره و پاشان چووه بۆ قاهیره و ١١ ساڵ لەوێ مـاوەتەوە. پـاشان گـەڕاوەتـەوە هـانەیقوڵو پـاشان چوەتەوە دزلّی و هەتا ماوه لەوێدا ژیاوه.

مامۆستا بەدوای مەلای چاکدا گەڕاوە. واته لە هەرکوێ مەلایەکی چاک بۆوبـێ

بێنانی و سەختی قەبوڵ کردووە چووەتە خزمەتی. زۆر گەڕاوە، زۆر زەحمەتی کێشاوە. ئەڵێ: جارێکیان هەموو کتێبە دەس نووسەکانم و شێعرەکانم لە ناو لێفەکەمدا بە کۆڵمەوە بوون. بارانی زۆر باری و هەموو بۆون بە هەوێریکی ڕەش و فڕێم دان.

## چۆن چووەتە قاهیرە

لەکاتێکا لە «بانی شار» دەبێ یەکێ لە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە لە هەڵەبجە تەلاقی ئەکەوێ. مەلاکانی ئەو دەوروبەرە ئەڵێن کەوتووە و چاک نابێتەوە. ئەویش ئەڵێ نەکەوتووە. ئەبێتە کێشە و حاکمی شەرع لە کەرکووک ئەبێ و بانگی ئەکا و موحاکەمەی ئەکاو ئەڵێ: تۆ بەڵگەت چی یە؟ ئەویش بەڵگە نیشان ئەدا بەڵام لەبەر مەلاکان ئەینێری بۆ بەغدا بۆلای موفتی گەورە. لەگەڵ موفتی دەکەوێتە کێشە و والی دەزانی خویندەوارە دەڵێ مەلاکان یەکن و مەلا حەسەنیش تەنیایە. کاتێکی تایبەت دیاری دەکرێ تا دانیشتنێک بکەن و هەرکام بەڵگەی خۆی ئامادە کا. کاتی دیاری کراو ئەگا و هموو دادەنیشن. والی ئەڵێ: ئەگەر ئەم مەلایانەت بۆڕدا، کورسی موفتی بەغدا یا «قاضی القضات» یت ئەدەمێ. پاش باس و لێکۆڵینەوە مەلاکان بۆڕ دەخۆن. والی بە مامۆستا ئەڵێ: «موفتی» یا «قاضی القضات»ی یت ئەدەمێ. فەرموو تۆ زۆر خوێنەواری. ئەویش ئەڵێ: وەڵلا لە مێژە ئاواتمە برێکی تر بخوێنم.



ئەگەر ئەکرێ لە جیاتی ئەم چاکەیە یا بۆ «جامیعول ئەزهەر» [1] لە میسر، یا بۆ مەدینە بە خەرجی دەوڵەت بمنێرە. ئەویش تەماشا ئەکا بەم هەموو خوێنەورای یەوە هێشتا ئەیەوێ بخوێنێ ئەڵێ: زۆرچاکە لە سەر خەرجی دەوڵەت ئەینێری بۆ قاهیرە بۆ ئەزهەر. مانگانە میری پارەی بۆ ئەنێرێ. دوای دووسال، خوێندن تەواو ئەکاو لە سەر دەرخواستی سەرۆکی ئەزهەر دەبێتە ئوستادی زاستگەی ئەزهەر و ٩ ساڵی ڕەبەق دەرس ئەڵێتەوە و پاشان بیری هەورامان زۆری بۆ دێنی و دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و بە پیریەوە دەچن و چەن جێگای بۆ دیاری ئەکەن. بەڵام نایەوێ و چەن کەس تا خۆرماڵ بەڕێی ئەکەن و پاشان ئەگەڕێتەوە هانەی قوڵ و دەبێتە ئیمام و خەتیب.

## دایکی بۆ چی دۆعای لێ کردووە

خەبەر دەگاتە دایکی کە مەلاحەسەن هاتووەتەوە. دایکی کە چەن ساڵە لە دووری ئەو دەسووتێ و خەفەتی زۆری خواردووە، ئێستا ئازیزەکەی گەڕاوەتەوە و گەیشتووەتە خۆرماڵ و بەرەو هەورامان دێتەوە. لە کاتێکا ئەم خەبەرەی پێ دەگا ڕانەبێرەیە، ئەیەوێ بچێتە نێوڕان بۆ ئاژەڵ[2] دۆشین. هۆشی لە خۆی نابێ لەباتی

١ - جامیعول ئەزهەر، زانستگایەکی زۆر گەورەیە لە جیهاندا ناوی دەرکردووە زۆرتر زانیاری دینی تیدا دەخوێنرێت. والە قاهیرەی میسردا.

٢ - ئاژەڵ = مەڕ و بزن و گیسک و بەرخ = حەیوان

کاسە و مەشکۆڵە، پنەی نانکردن لەگەڵ خۆی ئەباکە ئەگاتە ناوڕان و ئەیەوێ بزن بدۆشێ، تماشا ئەکا لە جیاتی «هەوەڕ» [1] (ظرف) «پنە»ی پێ‌یە روو ئەکاتە قیبلە و دەس بەرز ئەکاتەوە، دەس بەگریان ئەکا و زۆر بە زەلیلی لەبەر خوا دەپارێتەوە کە: حەسەنی کوڕم هەتاهەتایە منالّی نەبێ، باوەک من ئەو دەردە نەچێتەدڵیـەوە. بڕێک خەڵک لەو بڕوایەدا بۆون کە هاوارەکەی دایکی لای خواکاری کرد و هەرگیز منالّی نەبۆو.

## ژن هێنانی

تا ئەم هەموو هات و چووەی کرد (خوێندن و مەلایەتی و دەرس وتن) ئیتر بۆ ژن هێنانی دێر بۆو. هەورامیش بەوداب و نەریتەی خۆیان زووکچ بەشوو دەدەن و ژن بۆ کوڕ دەهێنن. ئیتر مەلا حەسەن پیر بووە، مەلایە و مەلایش خوا هەقە بە هەموو شت‌رازی. واتە شوێنی هەوا و هەوەس نەکەوتوون. بێوەژنیکی هـێنـاوە بـە نـاو «پیرۆز» لەوەپیش خەڵکی «ئیلانیێ» بووە لەگەڵیدا ژیاوە تا مردن. ئەوەش بڵێین مەلا حەسەن لە زەمانی جوانیدا جوانانە رەفتاری نەکردووە و لەو پەڕی خۆگـری و نەفس بەرزیدا ژیاوە.

## لە بارەی تەریقت و عیرفانەوە چۆن بووە؟

١ - هەوەڕ لە هەورامیدا بەزەرف دەڵێن، بۆ هەر جۆرە زەرفێک بەکار دێت.



دوای بڵاو بۆونەوەی تەریقەتەکەی خواڵێ خۆشبوان مولانا خالیدی شارەزووری و شێخ مەعرووفی نۆدێی و حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و بە تایبەت پاش ئـەو زەحمەتە کە خواڵێ خۆشبوان شێخ سـیراجـەدین و شـێخ قـادری کـەس نـەزان کێشایان تەریقەت لە کوردستاندا وەها پەرەی سەند و هەموو گیر بـۆو، ئـەگـەر زانایەک لەگەڵ خەڵکی دێکە نەچوایەتە خانەقا و تەکیەی شێخێک، بە بێ دین و مونکیری تەریقەت ناوبانگی دەردەکرد. ناشوکوری نەبێ زۆر بەم دەردە گرفتار بۆون. مامۆستاکان چونکا زۆربەیان لە کـوردستاندا پـەیڕەوی ڕێگـای شـێخە نەقشی‌یەکان بۆون و هەولّیـان ئـەدا بـۆ پـەرەپێدانـی تـەریقەتی نـەقشبەندی و ئەیانفەرموو ئـەوانـەی سـالیکی تـەریقەتن تـووشی هـەڵەنـابن. خـۆ لە هـەموو ناپاکی‌یەک دەپاریزن. دەیانوت تەریقەت کاکڵەی دینە. مەلا ئەحمەدی بـرازای مامۆستا مەلا حەسەن ئەڵێ: لە خزمەتی مامۆستا مەلا کەریمی بیارەدا عەرزم کرد مەلا حەسەن چۆن بۆو؟ فەرمووی زۆر خوێنەوار بۆو، بەتایبەت لە فیقە و ئوسوڵ و کەلامدا. بەڵام موریدی هیچ شێخێک نەبۆو و دەستی بەیعەتی بـە دەسـتی هـیچ کەسەوە نەدابۆو.

مەلا حەسەن لای کەس دەستی بەیعەتی نەدابۆو و نەچوو بووە بەرکێفی هیچ کەس و موریدی هیچکام لە شێخەکان نەبۆو. پێی وابووە عیرفان و تەسەووف تەنیا ئەوە نیە بچێتە خزمەتی شێخێک و ببێ بە موریدی. لەگەڵ ئەوەشداکە ژیانی لە دزلّیدا بووە و خەڵکی دزلّی سۆفی خواڵێ خۆشبوو شێخ حیسامەدین بۆون و هەورامیش

هەموو یەک پارچە سۆفی خۆالیّ خۆشبوو شێخ عەلائەدینی بیارە بـۆون لە دوو پارچە شێعردا کە یەکێکیان بۆ شێخ عەلائەدین و ئەوی تریانی بۆ کۆچی دوایـی شێخ حیسامەدین نووسیوە دەردەکەویّ موریدی هـیچکام نـەبووە. چـونکا لەو سەردەمەدا هەرکەس موریدی یەکیّ لەو شێخانە بـوایـەت ئـیتر بـۆلای ئـەویان نەدەچوو و تاکە بەیتێکی بۆ نەدەگوت و کەرامەتێکی لیّ نەدەگێڕاوە.

ماموّستا مەلا حەسەن لە و پارچە هونراوە بە سۆزەیداکە بە زمانی سەید مەحموود ویسیایی‌یەوە بۆ شێخ عەلادینی نووسیوە، دیارە کە عارفێکـی زانـایە و هـەرگیز پیاوی وا دوور لە عیرفان و کاکڵەی دین نەبووە.

## «شێعری عیرفانی»

بە فەرموودەی ماموّستا مەلا «عەبدورڕەرحمان ڕەحـمانی» ئـیمامی جـومعەی «سەولاوا» کە خۆی هەورامی‌یە، سەییّد مەحموود ویسیایی دەچێتە خـزمەتی و دەڵیّ: قوربان پیر بووم و چاوەکانم کزبۆوگن و گلو گوێزم نەماوە و ناتوانم بچمە بیارە بۆ خزمەتی حەزرەتی شێخعەلائەدین. نامە و سکالاّیەکم بۆ بنووسە کە لەم ئاخری پیری‌یەوە هۆشی پێمەوە بیّ وشەیتان دەرکم تیّ نەکا و لایەکم لیّ بکاتەوە و هیمە تێکم بۆبکا. سەیید مـەحموود کـە خـۆی پـیاوێکـی زۆر لە خـۆاتـرس و مریدێکی بە ڕاستی بووە زۆر دەگری و لە دەروونەوە دەکوڵیّ. ماموّستایش خۆی دیندار و لە خواترس و دڵناسکە، ئەم پارچە شیعرە بە زمانی سەییدەوە دەنووسیّ



و دەینێرن بۆ بیارە. با ئەمەش بڵێن ماموّستا خۆی ئەم جۆرە پیر و مریدی یەی بە چاک نەزانیوە، ئیتر هەر هۆیەکی بووە خۆی و خوا دەیزانن ئەم پارچە شێعرە لە لایەن شاعیران و عارفانی ئەو سەردەمە بە شاکاری شێعری عیرفانی ناسراوە

قـــیبلەگـــای حـــاجەت کـــەعبەی راســـتان
تـــــووتیا ئـــــاسا، خـــــاک ئـــــاستان[1]
شـــــەمس مـــــەشاریق، بـــــۆرج بـــــیارە
تـــەلعەت نـــوور ئـــەفشان وە هـــەرکنارە[2]
شـــەمس مـــوقتەبیس نـــووری مـــەحاسن
جـــازبەی هـــیمەت چـــون روبـای ئـاسن[3]

---

١ - قیبلەگا = جێگای ڕووەوکردن بۆ نوێژ، کەعبە = ماڵی خۆالە مەکەدا، توتیا = زۆر ورد، ئاسا = مانند، ئاستان = بەردرگا = بارەگا / واتە: جێگای ڕاز و نیازی ڕاستان، هێندە بەندەگی خۆات کردووە و ەکوو قیبلەت لیّ هاتووە خەڵک ڕووت تیّ ئەکەن، خاکی بەردەرگات وەکوو کـلە دەکرێتە چاو لە بەر پیرۆزی.

٢ - شەمس = ڕۆژ، مەشارق = جەمعی شەرق = ڕۆژ هەڵات، بیارە = دیّیەکی گەورە و زۆر خۆشە لە هەورامانی ئەو دیو، تەلعەت = ڕوو = ڕوخسار = دیم، نوور = نوورو ڕووناکی / واتە ڕۆژی هەڵهاتوو لە بۆرجی بیارەوە، ڕووناکی لە ڕووتەوە دەورووبەری گرتووە.

٣ - مەحاسن = مووی ریشی پێغەمەر، دروودی خۆای لیّ بیّ وامە شهوورە چەن تاڵ مووی پیرۆز لە بیارە و تەویلەدا هەیە لە بەر پیرۆزی خەڵک زیارەتی دەکەن / واتە: نوورت لە مەحاسن وەرگرتووە، بە بۆنەی مەحاسنەوە وەکوو ڕۆژت لیّ هاتووە، وەکوو ئاسن ڕوبا هیمەتت کیشەرەو بە هیمەت خەڵک ڕادەکێشیّ..

بەدر ویلایەت، شەمس نەبووەت

هەردو موزەییەن سەما و عولووەت[١]

شارەزای راگەی سەحرای کیبریا

شێری سلسلەی زومرەی ئەولیا[٢]

غەواس شهوود بەحری تەجەللا

پیری موقامات رای فەنا فی الله[٣]

شەهنشای سەریر عەرش رەببانی

سوڵتانی ئەقلیم زومرەی رۆحانی[٤]

---

١ - بەدر = مانگی شەوی چواردە موزەییەن = نەخشاو = جوان کراو / واتە: وەکوو مانگی چواردەیت لە ناو وەلیەکاندا. باقیەکەی خۆت مانای کە من نازانم مەبەستی چیە.

٢ - راگە = ریگە، سەحرا= دەشت، زومرە = دەستە = گرۆ / واتە: شارەزا بە رێگەی دەشتی زۆرگەورەی کبریا، یانی بۆگەیشتن بە خۆا دەشت و بیابان شارەزای. شێری زەنجیرەی شێرانی کۆمەڵی ئەولیا، یانی لە ناو کۆمەڵی ئەولیادا وەکوو شێر وای..

٣ - غەواس = مەلوان، شهوود = پێ زانین، بەحر = دەریا، تەجەللا = زۆر گەورە، پیر= لێرەدا بە مانا پیری تەریقەتە، رای = رێگەی، فەنا = تیاچوون / واتە: مەلەوانی ئاگا بە دەریای گەورەی خۆا، پیری موقاماتی رێگەی فەنانی الله لە تەریقەت دا هەرکەس زۆر بەندەگی خۆای کرد وای لێ دێ کە ئیتر خۆی ناناسێ لە گەل نوری خوادا تێکەڵ ئەبێ و ئەڵێن جارجارە رێکەوتووە لە ناو ئەم پیاوە چاکانەداگە یشتوونە تە جێگایەک و توویانە ئێمە خۆداین، خۆالێ خۆشبوو موفتی زەهاوی ئەڵێ: (خورشید چو بر آینە تابان گردد-آینە ان الشمس نگوید چەکند.)بەم بەیتە وەلامی زۆر لە ناکۆکیەکانی داوەتەوە پیموایە شتیکی زۆر جوانی وتوە

٤ - سەریر = تەخت = ئەورەنگ = تەختی شاهی، رەببانی = پیاوی خۆاناس = پیاوی خۆا،



شاه فەرماندەی قوای شەریعەت

قوەی ئیستعلای لیوای تەریقەت[١]

روتبەی قطبیت زات جبیللی

شایستەی شاهی بە شورای میللی[٢]

والای تاجدار فەرمان فەرمای دین

سوڵتان فاتیح چین و قوستەنتین[٣]

سوڵتانی بەررەین، خاقان بەحرەین

کەششافی تەفسیر کافها یا عین[٤]

---

ئەقلیم = مەڵبەند = ناوچە، رۆحانی = زانای مەعنەوی / واتە: شاهەنشاه فەرمانڕوای عەرشی، پەروەردگار حاکمی مەلەبەندی دەستەی رۆحانی.

١ - فەرماندە = بەرپرسی سوپا = دەستووردەر، قوا = دەستەی چەکدار، قوە = هیز = ئیستعلا = داوای بەرز بوونەوە، تەریقەت = رێگەی عیرفان، لیوا = ئوستان = دوولە شگر / واتە: لە هێزی شەریعەتدا فەرمان رەوایی .

٢ - روتبە = مەرتەبە = پلەوپایە، قطبیت (قوتب) = کەسێ کە جێگای نەزەری خۆایە = نوختەی دیاری لە هەر شتێکا، ذات = نەفسی هەرشتێکی بوونەوەر = حەقیقەتی هەرشتێک، جبلی = سروشتی = ذاتی = تەبیعی / واتە: تۆ لە نەفسی خۆتا نوختەی دیاریت و شایستەی شاهیت بە راوێژی گشتی.

٣ - والا= بەرێز = بەرزو بۆڵەند، فەرمان فەرما = دەستووردەر = حاکم / واتە: بەرێز گەورە لە دینداریدا، فەرماندە و دەستوردەرکە دڵی چینی و قوستەنتەنیەت گرتووە.

٤ - خاقان = نازناوی فەرمانڕەواکانی چینە، کەشاف = دۆزەر = کەشف کەر، تەفسیر = لێکۆڵینەوە = لێکدانەوە، کافها یا عەین = پیتە تەنیاکانی قورئانن کە لە پێش سوورە تەکاندا

ئــیقامەی ســـتوون لیــوای پــێغــەمبەر

ئــــــەعلا تــــــەیبەی الله اکـــــبر[1]

ئەحیای دەیـمە جـۆی جـومعە و جـەماعات

مــــیرئاو جــۆبــار مــەزرەعەی تــاعات[2]

ئــــاینەی زەمـــیر، جـــام جـــهان بـین

تــــەلخانەی ئـــیلهام رەبــــبەلعالەمین[3]

مـــەشریق بــە مــەغریب شــاباڵ کــەشیدە

دوو دنـــیا دیــــدە بــە هــەر دوودیـــدە[4]

---

هاتوون / واتە: فەرمان رەواڵە بەڕو بەحرا دوزەرو لێکۆڵەری سوورەتەکانی قورئانە.

١ - ئیقامە = بەرپاکەر، ستوون = کۆڵەکە = لیوا = بارەگا / واتە: بەرپاکەری کۆڵەکەی بارگای پێغەمبەر (د) گەورە وێژەری پاکی الله اکبر.

٢ - حەی = زینو، دیمە جۆ = جۆگەی وشک، جومعە = نوێژی رۆژی هەینی، جەماعەت = نوێژی بە کۆمەڵ، میرئاو= بەرپرسی ئاو = بۆ دابەش کردنی ئاو کەسێک بەرپرس ئەبێ کە ئاو بەسەر مەزراکاندا دابەش بکا پێی ئەڵێن میرئاو / واتە: پاراوکەرەوەی جۆگەی وشکی جومعە و جەمەعەت، دابەش کەری ئاوی مەزرای تاعەت و خواناسی.

٣ - ئاینە = ئاوێنە، زەمیر = دڵ، جام = ئـاوێـنە، تـەل خـانە = تـەلەفون خـانە= لەزەمـانی مامۆستادا بە تەلەفون خانەیان دەوت تەل خانە، ئیلهام = ئەوەی کە بەلای خواوە دەچێتە دڵی هەرکەسێکەوە، پێی دەڵێن ئیلهام = رەب = پەروەردەگار / واتە: ئاوێنەی دڵت جامی جیهان بینە یانی وەها دڵت پاکە هەموو شت ئەبینی و وسیلەی پێوەندیت لە گەڵ پەروەردەگاری هەردوو جیهاندا.

٤ - مەشریق = خۆر هەڵات، مەغریب = خۆر ئاوا، شاباڵ = باڵی گەورە، کەشیدە = کێشاوە،



قــەبەی ئــیستیعلای دەوڵەت ســەرای دیــن

یــــا پــــەنای ئــیسلام یــا عــەلائەدین[1]

بـــەو بــەشق ئــەو جــام بــادەی رۆحــانی

بــەو شــوعاع نــوور «زیــای عــوسمانی»[2]

بــەو مــەحرەمی بــەین، وێت و خــوای وێت

بەو نوورین قـامەت بـەو خـاک پـای وێت[3]

بــــەو جگـــــەر گــۆشــەی وەلیــعەهدوێت

«عــوسمان» ئــەرشەد شێوەی جــەهدوێت[4]

---

دیدە، دیویەتی، هەردوودیدە = هەردوو چاو / واتە: باڵی گەورەت لە خۆر هەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا گەیشتووە هەر دوودنیا بە چاوەکانت دەبینی.

١ - قوبە = گۆ، ئیستیعلا = داوای بەرز بوونەوە / واتە: ئەی گۆی بەرز بـوونـەوەی دەوڵەت سەرای ئائینی، یا پەنای ئیسلام یا عـەلائەدین، ئـاماژە دەکـا بـۆ خـواڵێ خـۆش بـوو شـێخ عەلائەدینی بیارە و دەڵێ تۆ پایەت بەرزە و پەنای ئیسلامی.

٢ - بەشق = خۆشەویستی = عشق = کاسەی پڕ، بادە = مەی، شوعاع نوور = پرشەی نور = تیشک / واتە: بە خۆشەویستی ئەو بادە رۆحانی‌یە هەتا گەیشتنی رووناکی نووری عوسمانی یانی ئەم نورو و روشنایی‌یە لە لایەن عوسمانەوە هاتووە. مەبەستی حەزرەتی شێخ سەراجەدینی گەورەیە.

٣ - وێت = خۆت / واتە: بەو بێ پەردەیی‌یە لە بەینی تۆ و خوای خۆتا و بەو باڵا نوورانیتە و بە خاکی بەرپێت سوێنت دەدەم.

٤ - جگەرگۆشە = بە منداڵ دەوترێ، وەلیعەهد = جێگەدار، ئەرشەد = گەورە، وێت = خۆت / واتە:

وەختی تەنگانەی غەرغەرەی نەفەس
ناڵەی مورغ رۆح، نەسینەی قەفەس[١]
شەیتان بەو قەدەح، سەردە ئاویەخ
ئەبلەقی چەمان، هورتەکنای زەنەخ[٢]
یاوی وەفەریارد پەشێوە ئەحواڵان
خەزانەی ئیمان نەشۆ وەتاڵان[٣]
حەیفەن من بە تۆ وێم سپۆردە بۆ
لاشەم نەمەیدان وەرگا واردە بۆ[٤]

---

١ - وەختێ = کاتێ، غەرغەرە = گیان کەنشت، نەفەس = هەناسە، ناڵە = هاوار، مورغ = مەل، رۆح = گیان / واتە: کاتی تەنگانەی گیان کەنشت کەمەلی گیان ئەیەوێ لەقەفەسی لاشەدا دەرچێ.

٢ - قەدەح = گۆزە، ئەبلەق = هەڵگەڕاو و تێک چوو، چەمان = چاوەکان، هورتەکنای = هەڵتەکاندن، زەنەخ = چەناکە / واتە: لەکاتێکا شەیتان بەگۆزەیەک ئاوی سەردەوە دێتە بەرچاو لەکاتی گیان کێشانا چاو هەڵ دەگەڕێتەوە و چەناکە هەڵدەتەکێ.

٣ - یاوی = بگەیتە، فەریاد = هاوار بەدەنگەوەهاتن، خەزانە = خەزێنە، ئیمان = باوەر، نەشۆ = نەچی، تاڵان = بەفیرۆ بردن = ماڵی بەزۆر براو / واتە، بگەرە هاواری ئەوان کە حاڵیان ناڕەحەتە و پەشێون حەزێنەی ئیمان بە تاڵان نەچێ شەیتان دەرکم تێ نەکا.

٤ - حەیفەن = خەسارە، وێم = خۆم، سپەردە بۆ = سپاردەبێ، وەرگا = گورگان / واتە: خەسارە من خۆم سپاردبێتە دەستی تۆ لاشەم لە مەیاناگورگان خواردە بێت.



فیدای هاژەی باڵ و هەڵۆ ئاسات بام
هەوەسنای شەیتان، بێ مەواسات بام[١]
بەو شاباڵ وێت گیجاولوول دەرپێش
چون جەنگی سیمورغ وەسەر بەچەی وێش[٢]
وەختی جەنازەی «مەحموود» ئەو پابۆ
هیمەتت چون وێت، بە دەرقەی رابۆ[٣]
خاک ئاستانەت وەتاج سەرکەم
وەنیشانەی تۆ، روو نەمەحشەرکەم[٤]

---

به جگەرگۆشەکەت کە جێگەدارتە وەکوو خۆت لە کۆشش دایە. عوسمانی کوڕە گەورەت سوێنت ئەدەم مەبەست خواڵێ خۆشبوو شێخ عوسمان سیراجەدینی دووڕووە بووە کە لەو کاتەدا جێگەداری شێخ عەلائەدین بووە.

١ - ئاسا = وەکوو = مانند، بام = ببم، هەوسنا = ترساو، مەواسا = نەترسی / واتە: بەقوربان هاژەی باڵی وەکوو هەڵۆت بم کە شەیتان دەترسێنی ئەیحەپەسێنێ و لە هیچ ناترسێ.

٢ - گیجاولول = لە سەردا بۆ خوارەوە بە شپرزی، جەنگ = شەڕ، سیمورغ = باڵندەیەک زۆر هیقم و بە توانایە، بەچە = مناڵ / واتە: بە باڵە گەورەکانی خۆت لە سەر دالوول بخۆ وەکوو سیمورغ لە سەر مناڵی شەڕ بکا یا بە سەر پەنجەی بەربەرەکانێ بکا وەها لە گەڵ شەیتانا بکەوە شەڕ لە سەر من.

٣ - وەختێ = کاتی، جەنازە = لاشەی مردوو، ئەوپا = بەرپا = ئامادەی رۆیشتن بی، چون وێت = وەکوو خۆت، بەدرەخە = رەوانە، را = رێگە / واتە: کاتێ لەشی مەحموو ئامادە بێ (مەبەست سەید مەحموود وەیسیایی‌یە) هیمەتت وەکوو خۆت بەڕێم کە واتە خۆت لە رەوانە کردن بەشداری بکەوهیمەتە کەیشت بەڕێم کا.

٤ - ئاستانە = دەرگا = بارەگا، تاج = کڵاوی گەورە پاوان / واتە: خاکی درگاکەت بەسەرداکەم سەرم بگرم لە قوڕ لە خاکی بەردەرگات وەکوو تاج لە سەری کەم و بەو دیاریەوە روو بکەمە

## لیّ بۆوردوویی مامۆستا

برایەکی خەڵکی دزلی گێڕایەوە وتی:

خوالیّ خۆشبوو حاجی موحەممەدی دزلی (حاجی حەمەشێت) کە پیاوێکی کاسب و زە حمەت کێش بوو و زۆر پیاوانە دەژیاو لە ناو خەڵکدا بە پیاوێکی پیاوانە ناوی دەرکردبوو، جوان ئەبیّ و رۆژێک بزنەو بە دەستەوە دەگریّ. مامۆستایش لە سەر بان وەستاوە، لە دوورەوە مێزەرەکەی سپی ئەکاتەوە و حاجی ئەڵیّ بەدایکی: تەماشە و میزەرەکەو مامۆستای کەرە، بزانە پێکووش) واتە: تەماشای مێزەرەکەی مامۆستا بکە، بزانە ئەی پێکم. تادایکی هاواردەکا تەقە لە دەسیەوە دیّ، مامۆستا ئەدارێتەوە، هەموو وادەزانن کوشتوویە. مامۆستا هەڵدەسێتەوە تەماشا ئەکاقەفی مێزەرەکەی کون کون بووە و مووی سەریشی هەڵ پڕووزاوە. ئەیانەوی حاجی حەمە شێت تەمیّ کەن. مامۆستا ئەڵیّ: بیهێنن بۆلای خۆم. ئەیبەنە لای مامۆستا، ئەڵیّ: ئافەرین بەچکە هەورامی دەست خۆش ئەوندە دەس راسی، بە خوا ئەگەر نەت پێکایەم ئەموت دارکاریت کەن بەلاّم ئەتبە خشم. جابڵیّ بۆچی ئەم کەتنەت کرد، نەترسای بم کوژی؟ حاجی مناڵە و نایەویّ خۆی بشکێنیّ ئەڵیّ، (یۆ پەوچی چەک گێرو دەسۆ تەقناش هەرچێوی چیاش کەرووۆ). واتە: کەسیّ چەک بە دەستەوە دەگریّ لە هەرچێکی تەقاند ساردی کاتەوە. مامۆستایش دەس

---

مەحشەر.



ئەکا بە پیّ کەنین و شوخی و ئەڵیّ: هیچ کەس حەقی نیە هەڕەشەی لێکا یا ئازاری پیّ بگەیەنیّ هەر لەم لۆمە و جەنجاڵە خۆی تەمیّ ئەگریّ ئیتر ماوەیەکی زۆر ئەبێتە باسی ئاوایی و خەڵک بەم پێشهاتە پیّ کەنیون.

## نموونەیێک لە تەلاّق چاک کردنەوەی

جارجار تەلاّقی خەڵکی چاک کردوەتەوە تا رێگەیەکی شەرعی دەس کەوتبیّ ژن و شووی جیا نەکردوەتەوە سەری لە منداڵ نەشێواندووە. حەمەشەریف ناوێکی خەڵکی یەکیّ لە دێکانی دەوروبەر دو چتیری ئەبیّ ئەیانبا بۆ لەوەڕ. کاتی نیوەڕۆ ئەیەویّ نان بخوا تەنیا کولێرەیەکی پێیە بۆ نیوەڕۆژە. ئەچیّ لەسەر کانی یەکدا تۆزێک ئاوبێنیّ بەکولێرەکەیەوە بیخوا. تۆشەبەرەکەی ئاوەلاّیە. یەکیّ لە چتیرەکان کولێرە بەدەمیەوە دەگریّ، ئەیەویّ لیّی بسێنێتەوە، رائەکاو ئەمیش دەکەوێتە شوێنی، زۆر ماندوو دەبیّ ئارەق دەکاو زۆر تووڕە ئەبیّ و تەلاّق خستنیش وەکوو عادەتی لیّ هاتووە. ئەڵیّ: ئەگەر ئەوکولێرە بخۆی بتگرم بە هەر سیّ تەلاّقم، سەرت ئەبڕم. چتیر بەدەم راکردنەوە و کولێرە دەخۆاو ئەویش دەیگریّ، چەقۆ دەردێنیّ و ئەیەویّ سەری ببڕیّ بیر ئەکاتەوە خۆ چوار مناڵیان هەیە و تەمایەرن بەهار چتیرەکان بزێن و دوکاژەلە و شیر و ماستیان هەبیّ ئەگەر سەری ببڕیّ چی وەلاّمی ژن و مناڵەکانی بداتەوە؟ بلّیّ ماندوو بۆم. بلّیّ لە سەر کولێرەیەک سەرم بڕی. ئاخری خۆی بۆ رازی نابیّ و دێتە ماڵەوە و پرسی مەلاکەیان ئەکاو مەلا دەڵیّ:

**تەلاقت** کەوتووە و فڕێ پێوە نەماوە. ئەبێ جیا ببنەوە. ئەو شەوە جیایان ئەکاتەوە. **ژنەکەی** دوو منالە بچووکەکەی لەگەڵ خۆی ئەبا و دوانیش لای کابرا دەمێننەوە. **سبەینێ** دەچێتە لای مامۆستا مەلا حەسەن و دەگری و لە بەر نەداری و نەبوونی و **برسیەتی** لە مالی مەلا حەسەندا بێ هۆش ئەبێ و پاشی ماوەیەک دێتەوە هۆش **ئەلێ**: مامۆستا من بە تۆ، تۆ بە خوا چارەم کە. ژنەکەم بە دوو منالەوە چوون **کەسیشی** نیە پەنای پێ بەرن. مامۆستایش تەلاقەکەی بۆ چاک ئەکاتەوە **دەینێرێتەوە**. بەلام مەلای دێکە بەم کارە تووڕە ئەبێ و نامەیەک بۆمامۆستا **دەنووسێ** و ئەلێ: لەم ئیشەت پەشیمان ئەبیتەوە چاکە، ئەگینا وەک پلینگ دێم **بەگژتا** و «ئیسلاحت» ئەکەم.

**ئەویش** بە پارچە شێعرێک وەلامی ئەداتەوە:

**تۆ** رواسەنی و هەوریشەی حەیزی
ناگای عەمرووزەید جەدەیز و بەیزی [1]

**تۆیچ** ماچات مەلا و فلانیچ مەللا
ئینە فاجیعەن بیللا وەتەللا [2]

---

۱- رواس = رێوی، هەوریشە = کەرویشک، عەمرو = ناوی پیاوە لە عەرەبیدا، زێد = ناوی پیاوە لە عەرەبیدا، دەیز و بەیز= وشەی بێ مانا، / واتە: تو رێویت وەکەروێشکێ کە حەیزی پێدادێ، تۆ ئاگات لە عەمروزەید و دەیزوبەیز نیە واتە تۆ عالم نیت.

۲- ماچات = پێت دەڵێن / واتە: تۆ پێت دەڵێن مەلا و بە فلانیش دەڵێن مەلا لەمە ئاجیعەیە دوو جار بە ناوی خوا.



ئەسمای «مشترک» گووش کەردەن ولات
تف جەزەمانە نیام دەسەلات [1]

غەلەت ئیملایی وێت ئیسلاح کەرە
جا پێسە پالنگ هەلمەتە بەرە [2]

تۆ کێنی ئاخر مەگەر تۆیچ هەنی؟
نامە هیچ حەتتا وێت غەلەتەنی [3]

فەرقو ئینسان و باقی شعوورا
ئانەیە ماچوو کە جەتۆ دوورا [4]

هەزار دەهەزار هەزارە کەرە
ئانە تەر بارە ئیزافە کەرە [5]

---

۱- ئەسما= ناوەکان، موشتەرەک = تێکەڵ، نیام = نیمە / واتە: ناوی تێکەڵ گووی کردووەتە ولات (ناوی شەریکی بووەتە دەردی سەری)، تف لە زەمانە دەسەلاتم نیە.

۲- وێت = خۆت، ئیسلاح = چاک، کەرە = بکە، پێسە= وەکوو / واتە: غەلەت ئیملایی خۆت، چاک بکە، جا وەکووە پلنگ هەلمەت ببە.

۳- کێنی = کێیت، هەنی = هەیت، حەتا= تەنانەت، وێت = خۆت / واتە: تۆ کێیت مەگەر تۆیش هەیت، نامەکەت غەلەتە هیچ، خۆیشت غەلەتی.

۴- ئینسان= مرۆڤ، شعوور= هەست، ئانەیە ماچوو کە...= ئەوە ئەلێم کە لە تۆ دوورە واتە:تەفاوەتی بەینی مرۆڤ و باقی گیانداران هەستە، واتە تۆ هیچ شعوورت نیە.

۵- کەرە = بکە، بارە = بێنە، ئانەتەر = ئەوەنەی‌تر / واتە: هەزار جار دەهەزار حیساب بکە، ئەونەی تریش بێنە و لێی زیاد کە.

مـــوسەڵمـــان فـــرەن چـــینەیچ فـــرەتەر
خەرفیای نـەزان مـەڵای بـووڵاو سـەر(١)
گـــــردو ئـــــیسلامی ئـــــینەکـــــارشا؟
یـــــا هــــــەر وڵاتــــی ئـینە بـــارشا؟(٢)
عـــێراق و مـــەکـــە و مـــەدینەی گـــوزین
مـــیسر و دەمشـــقو و شـــام و فـــەلەستین
ئـــەفغان و ئـــێران، هـــیند و پـــاکســـتان
ئـــــافریقای ســـیاو تـــا مـــەغولستان(٣)
تـــــەڵاقشـــــا گـــــنۆ بــــــە ڕو بـــزا؟
یـــا پـــەی خـــەپلێ وەتـــەڵاقـــی وزا؟(٤)
ئـــــیجۆرە تــــەڵاق، ئـــی هـــەر بـــازارە
عــــاراپــەی دیــــنی ئــیتر واز بــارە(٥)

---

١- چینەیچ = لەمەیش فرەتر = زۆرتر، خەرەفیا = تیکچوو = حۆل / واتە: موسولمان لەمانەش وتم زۆرترە، تێکچووی نەزان مەلای خۆلاو سەر.

٢- ئینە = ئەمە، کارشا = کاریەتی، بارشا= بەرنامەیەتی / واتە: هەموو ئیسلام ئەمە کاریە، یا هەر وڵاتی ئەمە بەرنامەیەتی.

٣- سیا = رەش.

٤- تەلاقشا = تەلاقیان، گنۆ = ئەکەوێ، بزا= بزنەکان، پەی = بۆ، خەپلە = کولێرە، وزا = ئەخەن / واتە: تەلاقێیان ئەکەوێ بە ترێ بزن، یا بۆ کولێرەیەک تەلاق ئەخەن.

٥- ئیجۆرە = ئەم جۆرە، هەر = کەر، پەیێ = بۆ / واتە: ئەم جۆرە تەلاق خستنە و ئەم کەر بالاپرە هەیە بۆ



شـــەرعەن تـــەڵاقـــە بـــە تـــرێ بـــەن بـــۆ
مشیۆ ئـیز دیـواج ئـوسوڵەن گـەن بـۆ(١)
قـــــەسەم کـــــەلاما زاتـــــەن و ســـیفات
نـــــەبە تـــــەڵاق و بـــــەلاتو مـــەنات(٢)
تـــۆ کـــەی جـــە قـــورئان حـــاڵیتا یـــارۆ
چـــەن مـــەرحـــەلێما پـــەرێ مژمارۆ(٣)
ئیمساک بەمەعرووف، تەسریح بە ئێحسان
. تـــــەماشا کـــــەرە قـــورئانا قـــورئان(٤)

---

دین ئیتر واز بێنە.

١- بەن بۆ = بەن بێ، مشیو = ئەبێ / واتە: شەرعەن تەلاق بە ترێ بەن بێ واتە ئەوەندە لە سەر بۆش بێ، ئەبێ ژن و شوویی لە بنەڕەتا گەن بێ، شتێ لە بنەڕەتا بۆش بێ ئەبێ بنەڕەتەکەی گەنیو بێ ١.

٢- قەسەم = سوێن، کەلام= قورئان، سوێن بە کەلامی خوایە و زاتی خوا و سفاتی خوا کەلام (ئەم وشە کە بووەتە عەرەبی، عەرەب بە کاری دێنێ لە بنەڕەتا کووردیە کەلامە گیا، کەلامە ئالف کۆ کراوەی گیا و گۆل لە عەرەبیدا بە قورئانیش وتراوە)، نەک بە تەلاق و بە لاتو مەنات یانی سوێن بە هیچ شتێ‌تر ناخۆرێ.

٣- حالیتا = حالیتە، پەرێ = بۆ، مژمارۆ = دەژمیری / واتە: تۆ کەی لە قورئانێ تێ گەیشتوی یارۆ، چەن مەرحەلەمان بۆ دەژمێری.

٤- ئیمساک = خۆگرتنەوە، کەرە = بکە / واتە: لە قورئاندا ئەفەرمی (فامساک بمعروف او تسریح باحسان) / واتە چاک رایان گرن یا جیا بینەوە بە چاکە، تەماشا کە فەرمودەی قورئانە..

تسکنۆ زەوجەین بگێرە نەزەر

«ذکر وانثی» چێشا جانەوەر؟[١]

ئەبغەڵول حەڵاڵ تەڵاق عیندالله

سادە مەگێرە بە نامێ مەڵلا[٢]

وصینا الانسان.. (بەداخەوە ئەم بەیتە و چەن بەیتی تر نەخوێنرایەوە)

چینە سادەتەر بۆاچوو پەی تۆ

پەی تۆی بێسەواد جەدین رەنجەڕۆ[٣]

ریش چەرمەو قەومی گلێری باوە

پەێ کورەکەیشا ژنێ بنیاوە[٤]

---

١- تسکنو = ئارام گرتن، زوجین = ژن و شو، بگیره = بگره، ذکر = نێر، اونثی = مێ، چێشتا = چیه، جانەوره = گیاندار = حەیوان / واته: ئارامشی ژن و شوو بەر چاو بگره، نێرومێ واته ژن و شوویی چۆنه جانەوره؟.

٢- ئەبغەل = قین و رق، عیندالله = لای خوا، مەگێره = مەگره، بەنامی - بەناو / واته: ئەوەی کە حەلاله و خوا پێ خۆش نیه جیایی کەوتنی بەینی ژن و شووه واته لە بەر نیاز جیابوونەوه هەیه بەلام خوا پێ ناخۆشه، بە ساکاری مەیگره بە ناو مەلا.

٣- چینه = لەمه، بۆاچوو = بڵێم، پەی تۆ = بۆ تۆ. جەدین= لە ئایین / واته: لەمه ساکارتر بڵێم بۆ تۆ، بۆ تۆی نەخوێنەوار و لەدین رەنجەڕۆ.

٤- چەرمه = سپی، گلێر = کۆ، بنیاوه = بنێنەوه / واته: ریش سپی گەل و بنەماڵە کۆ دەبنەوە، هەتا بۆ کورەکەیان ژنێک پەیا کەن.



پەرسو مەلاٚ و شێخ ریش چەرمەودەگا

پەی ئی وەسڵەتی مشووری وەرا[١]

هێجبی کریۆ، دیاری بەردەی

تدارک گێرا پەی دەس ماچ کەردەی[٢]

ئاماو لوایا بیاو بڕۆ

وەعدە و وەعیدا جەڕاسو درۆ[٣]

گەلە «درەو» و «هەربەنە» و «هۆڵە»

بان ماڵای زمسان جەسەردا و سۆڵە[٤]

گجی هەسروە، کلاش هەسووە

هێزم ئاردەیا چاکەشە دوورە[٥]

---

١- پەرسو = پرسی، دەگا = دێ، وەسڵەت = پەیوەندی، مشور = راوێژ / واته: پرسی مەلا و شێخ و ریش سپی دەکرێ، کە بۆ ئەم پەیوەندە راوێژ بکرێت..

٢- بەردەی = بردن، گێرا = دەگرن / واته: هێجبی دەکری، دیاری بردن، ئامادە دەبن بۆ دەس ماچ کردن .

٣- ئاما = هات، لوا = رۆیشت، وەعدە = بەڵێن، وەعید = بەڵێندان، جەڕاس و درۆ = لەراس و درۆ / واته: هاتوچوو دەکرێ دێن و دەچن، بەڵێن و قەرار لە راس و لە درۆ. دەدرێ.

٤- درەو = دروێنه، هەربەنە = هات و چووکردنی ولاخ دارەکان، ئالف هێنان و کۆچ گوێز انەوه، هۆڵە = گێره = وردکردنی گیا و کلۆش گەنم و جۆ بەگا. سەردا = سەرما / واته: گەلە دەروکاروان و گێرەکردن بۆ ماڵە خەزووران، بان ماڵینی زستان لە سەرما و سۆڵەدا.

٥- گجی = کراس، هەسروە = خەسوو، هەسووره = خەزووره، هێزم = دار، ئاردەی = هێنان، کەش = کێو / واته: کراس و کلاش کڕین بە دیاری بۆ خەسوو خەزوورە، دارهێنان بۆ ماڵ خەزوورە لە کێوە دوورەوە.

ئاخرش یاوۆ وەلیمەی نیکاح
تا با بە هەمسەر، حەڵاڵ و مەباح[١]
بەگردو خەڵکی بەشارەت دریا
شاهێدی عادڵ ئاماده کریا[٢]
تەقلید بەزەوجەین شاهێدو وەلی
کرێو بەزامن حەزرەتی عەلی[٣]
ئەسڵ و فەرعیٚ دین قەرائەت کریۆ
پەنا بە فتوای عولەما بریۆ[٤]
ڕەزای تەرفەین مارەیی مەعلووم
شەرایت پەسەند بەبێ لام و جووم[٥]

١- یاو = ئەگا، وەلیمە = شیرینی خۆران، تابا = تا بین، هەمسەر = هاوسەر / واتە: ئاخری ئەگاتە شیرینی خواردن مارەبڕین تا ببنە هاوسەری حەلاڵ و پەسەن کراو.
٢- بە گردو = بە گشتی، بەشارەت = مزگانی / واتە: بەهەموو خەڵک مزگانی ئەدرێ، (لە شەرعدا بۆ ژن مارەبڕین لە فقهی ئیمامی شافیعیدا شاهید پێویستە) شاهید ئامادە دەبێ.
٣- تەقلید = شوێن کەوتن، زەوجەین = ژن و شوو، وەلی = باوکی کچ، کرێو = دەکرێ / واتە گفت لە ژن و شوەر دەگیرێ بۆ مارەبڕین شایەتوومان و شوێن کەوتنی زانایانی ئایینی ڕەچاو دەکرێ، حەزرەتی عەلی دەکرێتە زامن وا مەشهوورە کە حەزرەتی عەلی بووەتە زامنی ژن هێنان.
٤- کریۆ = دەکرێ، بریۆ = دەبرێ / واتە: ئەسل و فەرعی دین دەخوێنرێتەوە، پەنا دەبرێتە بەر فتوای زانایانی ئایینی.
٥- تەرفەین = هەر دوو لا، شەرایت = مەرجەکان / واتە: هەر دوو لا ڕازی و مارەیی دیاری کراوە، هەموو



ئەنکەح توزەووەج هەزار قاڵ و قیل
نیکاح لازما بە هەزار دەلیل[١]
نیکاح جاری بی و کریا پا «پاوەن»
جا ئیتر یاوا نۆبەی زەمان[٢]
قەرزو هامسایا، سەلەم و حاجی
زەماکێشش مێهەر پێسە تانجی[٣]
تەدارک گێرا شادی چەن وەشەن
گۆشت و برنج و قەند، چای، رووەن[٤]

مەرجێ پەسەن دەکرێ بێ لام و جووم.
١- ئینکاح = مارەبرین، قال - وتە، قیل = وتراو، نیکاح = مارە، لازما = لازمە / واتە: وتەی ئەنکەحتو وە زەووجتو و هەزار قال و قیلی شەرعی، مارەبڕین لازمە بە هەزار دەلیل.
٢-کریا پا = کریا پێ پاوەن = پی وەن، یاوا = گەیشت / واتە: مارەبڕاو و پاوەن کرا پێی ژن و شوو، جا ئیتر گەیشتە نۆرەی شایی و زەماون.
٣- هام سایا = هاوسێ کان، سەلەم = پێش فرۆش، زەما = زاوا، پێسە = وەکوو، تانجی = سەگی باریکی ڕاوای / واتە: قەرزی هاوسێ و پێش فرۆش بە حاجی، زاواهێندە ڕادەکا وەکوو تانجی باریک دەبێ و کێشی دێ.
٤- چەن وەشەن = چەن خۆشە، / واتە: هەمووشت ڕێک دەخرێ، شادی چەن خۆشە، گۆشت و برنج و قەن و چای و ڕۆن ئامادە دەکرێ.

گـۆرانـی واتـەی، چـەپڵە، هـۆرپـڕای

لبـاسی زەریـف هـەلاوەو هـۆزای(١)

هـەی بـادە بـادە هـەی بـادە بـادە

شـادی و زەمـاوەن مـوبارەک بـادە(٢)

هـەلولەو شـمشاڵ چـەپڵە و دووزەلە

یــۆ مــاچۆ لوەیــۆ مــاچۆ مـەلە(٣)

سوارە غار غارێن رەقس و سەما و زەوق

لەنجەو و کـناچا مـەلا مـارۆ شـەوق(٤)

ئــاخرش وەیـــوە یـــاوا بـــەزاوا

عەشرەت دەستا وەش یـانەتان ئـاوا(٥)

---

١- واتەی = وتن، هۆرپڕای = هەلپەرین، هەلاوە = جاوە کوومۆری وابووە، هەورامی لە پەموو دروستیان کردوە، هۆزای = رەنگ کراو (ئەم پارچە جوان رەنگ دەکرا پیان دەوت هەلاوەی هۆزای / واتە: گورانی وتن و چەپلەی لێ دان و هەلپەڕین، جلی جوان، جاوی رەنگ کراو.

٢- هەی بادە بادە، گورانی یە کە کاتێ کە بۆوک لە ماڵ دەردەهێنرا ببرێ بۆ مالی زاوا بادە بادەیان دەگوت.

٣- دووزەلە = جۆری کەرەسەی موسیقی وەکوو شمشاڵ، یۆ = یەکی، ماچۆ = ئەلێ، لوە = بـڕۆ، مـەلە = مەڕو / واتە هەلورلە و شمشاڵ لێدان و چەپلە و دووزەلەو یەکێ ئەلێ بچۆ یەکێ ئەلێ مەچۆ.

٤- رەقس = هەلپەڕێن، کناچا = کچەکان / واتە: سوارە غار دەکا و هەلپەڕین وکەیفە و خۆشی یە، لەنجەی کچان مەلا دێننە سەر شەوق.

٥- وەیوە = بۆوک، یاوا = گەیشت / واتە: ئاخری بۆوک گەیشت بە زاوا، خزمان دەستان خۆش بێ و مالتان ئاوەدان بێ.



ژیــوایـــی تـازە دەس پـەنە کـەرا

تـێلانـی و سـەوقات دیسـا نـۆبـەرا(١)

بـــە هــەزار ئــومێد هــەزار ئـارەزوو

ژەن ئاما پەی کوڕ کناچی دریا شـوو(٢)

ئـیگردە بـەزمە و ئـیگرد جـەنجاڵ

بـــەگز تـــەلاقـی ئـیتر بـەتالا؟(٣)

زاڕۆڵە وەیـــلان ژنــــی ســەرگەردان

بــە دەم تــرایـە یــانە بــۆ ویــران(٤)

ئـــینەت گــــەرەکـا مـــەلای نـــامە لا

بێڕەحـم و ئـینساف لیوەی بـەرەلا(٥)

---

١- ژیوایی = ژیانی، تێلانی = تەل = بەدیاری و سەوقات دەوترێ کە لە لایەن مالێ کچەوە سێ چواررۆژ ژپاش گۆیزانەوەی دەبرێتە مالی زاوا / واتە: ژیانێکی تازە دەس پێ دەکرێ، تـێلانـی و دیـاری دیسـانەوە دەبرێت.

٢- ژەن = ژن / واتە: ژن هات بۆ کوڕ و کچ بە شوودرا.

٣- ئی‌گردە = ئەم هەمووە / واتە: ئەم هەمووە بەزم و جەنجالە بە تەلاقێکی بێ بنەڕەت، تێک دەچێ؟.

٤- زارۆڵە = منال / واتە: منال وەیلان و ژن سەرلێ شێواو. بە دەم ترین واتە بە وشەیەکی بێ جێ و نەفامانە ماڵ و بنەمالە تێک دەچێت.

٥- ئینەت = ئەمەتە، گەرەکا = ئەوی، لیوە = تیک چوو، بەرەلا = شێت / واتە: ئەمەت ئەوی مەلای نامەلا، بی رەحم و بی ئینساف شێتەی بەرەلا.

خــەیاڵتــا حــەسەن ئـیسلاَحـەکـەری

بەکوردی ماچوو بـەخوا زۆر کـەری[1]

لە پەراوێزی شێعرەکەدا دەنووسێ: لە ئیسلامدا ئەگەر هەموو دەشتی شارەزوور پڕبی لە پارە و بدزرێت، بە دوو شاهێد ئەبێ بدرێتەوە بە خاوەنی. بۆ ئەم هەموو پارە دووشاهێد بە سە بەڵام بۆ حورمەتی بنەماڵە و ژن و شوو چوار شاهیدی عادڵ پێویستە تا شتێک بسەلمێنرێ. مامۆستای بەڕێز و پایە بـەرز مـامۆسـتا سـدیقی سەرگەتی فەرمووی: باوکم چوو بۆلای و عەرزی کرد مامۆستا ئەم جۆرە تەلاَقانە چاک مەکەوە، ئەگەر بۆ پارەیشە، هەر تەلاقێک چاک نەکەیتەوە من پارەت ئەدەمێ و مامۆستا قەبۆوڵی نەکردووە و فەرمویە لەبەر پارە نیە.

## بیروباوەڕی دینی و بەندەگی خوا

مامۆستا زۆر بە ئیمان بووە، نوێژی لەوەختی خۆیدا کردووە. نوێژی عـیشای لە مزگەوتدا خوێندووە و شەوی ماوە چووتە مزگەوتو زۆر خەریکی قورئان بووە. ڕۆژانی هەینی سوورەی کەهفی خوێندووە. لە هەموو ژیانیدا بە عادەتی خەڵکی هەورامانی پێشوولەکاتی نەبارین و ڕووداوی سروشتییان گیروگرفتە کۆمەڵایەتی یەکاندا بۆ نوێژ و دوعا لە دێ ڕۆیشتووەتە دەرەوە بە پێی بیروباوەڕی هەورامی

١ - خەیاڵتا = ئەتەوی، کەری - بکەی، ماچو = ئەڵێم / واتە: ئەتەوی حەسەن سەروبن بکەی، بە کوردی ئەڵێم بەخوا زۆر کەری.



یەکان «قازیبەنی» کردووە.

دوعای زۆری خوێندووە، لەکاتی دەرس ووتنەوەدا شـاهید عـیلمی یەکـانی لە قورئان هێناوە و ئەوانە لای خـوێـندوویانە دەرسـێکـی تـەفسیری پـێ وتـوون فەرموویەتی ئێمە دەنگمان بەخوا ئەگاو کەسمان ناوێ بۆ گـەیاندنی و هـەمیشە هاواری یا الله بووە. ئەڵێن فەرموویەتی: من چۆن لەکاتی گوێز ژماردندا دەنگـی گوێزەکان ئەبیسم خواش ئاوەها دەنگی ئێمە دەبیسێ. هەرگیز پیر نابێ و تاگوێی گران ببی هەموو جار و توویە: هوشتان لە مەلائیکەکانی سـەرشانتان بـێ. مـەلا ئەحمەدی برازای ئەمەی گێڕەوەو وتیشی:

«خەلیفە ڕەزای بانیشاری» گێڕایـەوە لە لای گـۆڕسـتانەکـەی شیرەمەڕەوە تـێ ئەپەڕین، وتم مامۆستا فاتیحە داخە تا منیش بیخوێنم فەرمووی فاتێحە بۆ خۆت بخوێنە، ئەمانە فاتیحەی تۆیان ناوێ لە سەر قەبران تەلقینی بەزوانی هـەورامـی خوێندووە و هەموو جار بە خەڵکی وتووە ئێوە گوێ ڕاگرن و بزانن من ئەڵێم چی. لەگەڵ ئێوەمە.

ماوەیەک لە پێش مردنی‌دا فەرموویە: ئەگەر لەکاتی قەبرکەندندا ئێسقانی کـۆنـە مردوویەک دەرکەوت بیخەنە سووچێکی قەبرەکەوە کاتێ کە لە دنیا دەرچوو، بە شاهێدی هەموو خەڵکی دزلی کە ئێستە زیاتر لە ٣٠ کەس بیری دێت ئێسقان لە قەبرەکەیدا پەیدا بوو. ڕیش سپی‌یەکان وتیان فتوای خۆیەتی ئێسقانەکان بخەنە سوچێکی قەبرەکەیەوە. ئیسقات بەڕەوشتی تایبەت کراوە، فەرموویە. ئەگەرکەسێ

مرد وپارەی بۆو، وەسیەتی کردبۆو یاکەسێک لە پارەی خۆی ویستی ئیسقات بکا بۆی بۆکەفارەت پارەکەی بدەن بە نەدار و ناتەواوەکان. خوا خۆی هەرچی مەیلی بێ لە تاوان خۆش ئەبێ و ئەم جۆرە ئیسقاتەم پێ ناشیرینە.

## حەزی لەچی کردووە

ماموستا زۆر حەزی لە چای کردووە. زۆر وەخت کەرەسەی چای لە سەر ئاگر بووە. چای رەنگداری خواردووەبە سەماوەردا دەلێ:

بە فیدای جیزەت بام جیزەت چەن وەشا

هەرکەس نەوەرۆت حەتمەن نـەوەشا[1]

بـەفیدای گـیزەت بـوو، گـیزەت نـازارا

هــەرکەسێ وەرۆت دایــم قــەرزارا[2]

هــەرکەسی وەرۆ، چــای تـاڵ و هـەس

قەرزش جەسەد ۆ ملۆ سـەدوشەست[3]

١- جیزە = دەنگی سەماور لە کاتی کولاندا، نەوەروت = نەت خوا / بە قوربانی گیزەت بم کە گیزەت چەن خۆشە، هەرکەس نەت خوا حەتمەن نەخۆشە، یانی کەسێ چا نەخواتەوە وەکوو نەخۆشە..

٢- بۆ = بم، وەرۆت = بت خوا / واتە: بە فیدای گیزەت بم گیزەت نازارە، هەرکەسێ بت خوا دایم قەرزارە، واتە ئەوانە چا ئەخۆنەوە قەرزارن چونکۆ پارەی زۆردەدەنەبەچای.

٣- وەرۆ = بخوا، ملۆ = دەچی / واتە: هەرکەس چابخواتەوە بە تاڵی و خەستی، قەرزی لە سەدوە دەچێتەوە سەدوشەست.



ماموستا شێخ سدیقی سەرگەتی دەگێڕێتەوە، ئەڵێ: حاجی حـەمەجانی زەلمـی وتی: پاش چا خواردن ماموستا فەرمووی: حەمە جان ئیتر چا نەخۆینەوە هەتا، هەتا، هەتا، چەن جار دووپاتی کردوەو پێم وابۆو دەڵێ هەتایەک ساڵ، کەچی وتی هەتا بانگی شێوان. حاجی حەمەجان ئەڵێ: تماشای کـات ژمـێرمـان کـر چـەن دەقیقەی مابۆو بۆ بانگی شێوان. هەروەها فەرمووی: باوکی خـواڵێ خـۆشـبووم ماموستا شێخ ئسیماعیلی سەرگەتی فەرمووی: میوانی بۆوم حەوجۆشی لە نـاو ئاگردانەکەدا هێنا دەرەو چایەکی زۆر خەستی بۆ تێ کردم. وتی پـاش مـاوەی کەرەکەم بخورەوە. تێنەگەیشتم وتی کەرێکم بوو فرۆشتم و ئاخر فلسەکەم دابوو بە چای. ئەویش هەر ئەمەی ماوە با بیخۆین. قلیان و جگەرەی زۆر کێشاوە لە بـەر قلیان سمێڵی زەرد بووە، حەزی لە سەیران و کێو بووە. «کەلانە»ی زۆر پێ خۆش بووە ئەڵێ: ئای کەلانە چەندە خەفەتت پێدام ئەوکاتە لە «هەندەران» بۆوم ئەموت لە بەهەشتا لەخوا داوا ئەکەم لەگەڵ چەن حۆرییەکدا بچم بۆ «داڵانی» خۆم پیچک بێنم و بیجنم و حۆری یەکان ساجی بۆ دانێن و بیکەن بە کەلانە و بیخۆین جـا ماستاو یا دۆکەی دزلی بەسەرداکەین تا دەگەڕینەوە بۆ ناودێ. هەر ئەو حوریانە «گونینە» و «دۆخەوا»ی کەرس و پسڵ پڕ لە کەرەی دزلی ئامادە کەن بیخۆیـن و پاشان حەزرەتی داود سیاچەمانەیەکی هەورامی و هۆرەیکی شارەزووری مان بۆ بکا و ئەمەش داوایەکی زۆر گەورەنیەو خواگیان وەعدەی «ماتشتهی الانفس»ی داوە

ر خۆاردنێکی بەتامە و لامەوە خـۆاردووە. هـەمیشە دوای خـۆاردن شـوکری ۆای کردووە.قسەی خۆشی زۆر پێ خۆش بووە. هەمیشە قسەی لەگەڵ نوکتە و تی خۆش تێکەڵ کردووە، خۆی دەم بە پێکەنین بووە و هەر کـەس لای بـووە ویش هاتووەتە پێکەنین‌و. قسـەی سـاکـاریشی پڕ لە نـوکتەی خـۆش بـووە. ەرێشێکی پێ گەیشتبێ لە جیاتی‌هاوار و ناڕەحەتی پێ کەنیوە.

## حازر جوابی و قسە خۆشی

اریان مەلایەکی خوێنەواری ریش سپی ریش درێژ لە پشـتی سـەریەوە لە یکانێکەوە دەچێتە سەر. مەلاکە بۆ شۆخی ئەڵێ: مامۆستا هۆشت بێ مامۆسـتا ەڵامی داوەتەوە: لە بەر ریشەکەت ئەترس؟ زۆر قسەی خۆشی هەیە بەڵام لێرەدا اگونجێ. لە حازر جوابیدا رەنگە تاک بۆوبێ شیوەی نەقدی زۆر پیاوانە بووە. ەس لە قسەی نارەحەت نەبووە.

## نموونەیەک لە قەناعەت و کەم ویستی

رۆژێک لە دزلی چەن هاوەڵێکی لە مەلاکانی مەریوان دێن بۆ دیدەنی و نـیوەڕۆ دۆخەوای نینوریان هەیە بڕیاریش وایە ئێوارەنانی پووە (بەڕوو) یان ببێ. یەکێ لە هاوەڵەکانی ئەڵێ: مەلا ئەمە چ جۆرە میوانداری‌یەکە؟ ئەگەر ناتوانـی گـیسک و برنجمان بدەیتێ، نان و کولێرەیەک فەراهەم کە، ئەمە کەی خۆاردنە؟ مامۆستایش



ئەفەرمی حەرام ناخۆم حەڵاڵیشم دەس ناکەوی ئەویش ئـەڵێ: حـەڵاڵ خـۆری مایەی کەم دەسەڵاتی‌یە ئەویش ئەڵێ: واللە وانیە، ئەتوانم پێتان بسەلمێنم ئەڵێن: ئادەی کابرایەک بانگ ئەکاو ئەڵێ: ئەم نامە بەرە بۆ فەرە جوڵلابەگـی ئـەڵمـانە. دەنووسێ:

فـەرەج فـەرەجێ لەم دڕیـا مـیمان
واردەش گەرەکا ئامان سەد ئامان[١]

وەفـــریام یـــاوە مـیکائیل ئـــاسا
ئابڕووشا بـەردا مـەڵای مـەریوان[٢]

کابرا نامەکە ئەباو ئەو شەوە هەر جۆر بووە بە پێکەنین وقسەی خۆش دەیبەنە سەر. بەیانی کابرا دێتەوە هێسرێکی بارکردووە لە پێداویستی ژیان و دووگیسک و چوار قەران پارەشی هێناوە و پیشانیان ئەدا و ئەڵێ: چاوتان لێ‌یە!حەڵاڵ خۆری مایەی بێ دەسەڵاتی نیە، بەڵام بەداخەوە ئەبێ بینێرمەوە ئەوانیش ئەڵێن: چۆن شـتی وا ئەبێ، مەگەرشێتی؟ سەوقات و دیاری و بەرات حەرامە؟ ئاخر کابرا زەحـمەتی کێشاوە و ناردوویەتی. ئەویش ئەڵێ: کاکی‌برا بەخوا ئێوە ئەو پیاوە نـاناسن زۆر

---

١- لەم = سک، دڕیا = دڕاو، میمان = میوان، واردە = خۆاردن / واتە: فەرج حەلی موشکل بکە میوانی سکدڕاو، خۆاردنی ئەوێ ئامان سەد ئامان.

٢- یاوە = بگە، ئاسا = وەکوو، ئابرووشا بەردا = ئابروویان بردم / واتە: فریام کەوە وەکوو میکایل، مەلای مەریوان ئابڕوویان بردم.

هەر خۆاردنێکی بەتامە و لامەوە خـۆاردووە. هـەمیشە دوای خـۆاردن شـوکری خۆای کردووە.قسەی خۆشی زۆر پێ خۆش بووە. هەمیشە قسەی لەگەڵ نوکتە و شتی خۆش تێکەڵ کردووە، خۆی دەم بە پێکەنین بووە و هەر کـەس لای بـووە ئەویش هاتووەتە پێکەنین‌و. قسـەی سـاکـاریشی پڕ لە نـوکتەی خـۆش بـووە. هەرئێشێکی پێ گەیشتبێ لە جیاتی‌هاوار و ناڕەحەتی پێ کەنیوە.

## حازر جوابی و قسە خۆشی

جارێکیان مەلایەکی خوێنەواری ریش سـپی ریش درێژ لە پشـتی سـەریەوە لە پلیکانێکەوە دەچێتە سەر. مەلاکە بۆ شۆخی ئەڵێ: مامۆستا هۆشت بێ مامۆسـتا وەڵامی داوەتەوە: لە بەر ریشەکەت ئەترس؟ زۆر قسەی خۆشی هەیە بەڵام لێرەدا ناگونجێ. لە حازر جوابیدا رەنگە تاک بۆوبێ شیوەی نەقدی زۆر پیاوانە بووە. کەس لە قسەی نارەحەت نەبووە.

## نموونەیک لە قەناعەت و کەم ویستی

رۆژێک لە دزلی چەن هاوەڵێکی لە مەلاکانی مەریوان دێن بۆ دیدەنی و نـیوەڕۆ دۆخەوای نینوریان هەیە بڕیاریش وایە ئێوارەنانی پووە (بەڕوو) یان ببێ. یەکێ لە هاوەڵەکانی ئەڵێ: مەلا ئەمە چ جۆرە میوانداری‌یەکە؟ ئەگەر ناتوانـی گـیسک و برنجمان بدەیتێ، نان و کولێرەیەک فەراهەم کە، ئەمە کەی خۆاردنە؟ مامۆستایش



ئەفەرمی حەرام ناخۆم حەڵاڵیشم دەس ناکەوی ئەویش ئـەڵێ: حـەڵاڵ خـۆری مایەی کەم دەسەڵاتی‌یە ئەویش ئەڵێ: وەالله وانیە، ئەتوانم پێتان بسەلمێنم ئەڵێن: ئادەی کابرایەک بانگ ئەکاو ئەڵێ: ئەم نامە بەرە بۆ فەرە جوڵڵابەگـی ئـەڵمـانە. دەنووسێ:

فــەرەج فــەرەجێ لەم دڕیـا مـیمان

واردەش گەرەکا ئامان سەد ئامان[١]

وەفـــــریام یـــاوە مــیکائیل ئــاسا

ئابڕووشا بـەردا مـەڵای مـەریوان[٢]

کابرا نامەکە ئەباو ئەو شەوە هەر جۆر بووە بە پێکەنین وقسەی خۆش دەیبەنە سەر. بەیانی کابرا دێتەوە هێسریکی بارکردووە لە پێداویستی ژیان و دووگیسک و چوار قەران پارەشی هێناوە و پیشانیان ئەدا و ئەڵێ: چاوتان لێ‌یە!حەڵاڵ خۆری مایەی بێ دەسەڵاتی نیە، بەڵام بەداخەوە ئەبێ بینێرمەوە ئەوانیش ئەڵێن: چۆن شـتی و ئەبێ، مەگەرشێتی؟ سەوقات و دیاری و بەرات حەرامە؟ ئاخر کابرا زەحـمەتی کێشاوە و ناردوویەتی. ئەویش ئەڵێ: کاکی‌برا بەخۆا ئێوە ئەو پیاوە نـاناسن زۆر

---

١- لەم = سک، دڕیا = دڕاو، میمان = میوان، وارده = خۆاردن / واتە: فەرج حەلی موشکڵ بکە میوانی سکدڕاو، خۆاردنی ئەوێ ئامان سەد ئامان.

٢- یاوە = بگە، ئاسا = وەکوو، ئابرووشا بەردا = ئابروویان بردم / واتە: فریام کەوە وەکوو میکایل، مەلای مەریوان ئابڕوویان بردم.

سەخی یە و ئەهلی عیلمی زۆر خۆش ئەوێ. پێی خۆشە منیش وەکوو باقی مەلاکان بچمەلای و خزمەتم بکا و ڕێزم لێ بگرێ و یارمەتیمبدا. هەمیشە خەریکی خزمەتی فەقێ و مەلایە، منیش ئەڵێم: ئەگەر ڕۆژی خوانەخواسە داوای لێ کردم ژێر قەواڵەی بۆ مۆرکەم یا لە بەر خزمەتەکەی شێعری پیا بڵێم شێعرەکە هیچ، بەڵام بۆقەواڵەکە ئەڵێن چی؟ هەرچەند ئەم پیاوە لەوانە نیە، بەڵام ئەگەر ناردی ئەتوانم ئیمزای نەکەم؟ دەباشە ئەگەر کردیشم تا ڕۆژی قیامەت ئەگەر خوانە خواسە ستەمێکی کرد و خەڵکی چەوساندەوە، من گوناحەکەی هەڵگرم و بۆ ئەو حەڵاڵ بێ؟

ئەو تا ماوە خۆش ڕابیوێرێ و من یەک یا چەن شەوێک خۆش ڕابیوێرم فتوادەری ئەو بم. بە خواواناکەم ئەم پارچە شێعرەی بۆ دەنووسی و شتەکان دەنێرێتەوە:

یـاوا سـەوقات و کـاڵای شـاهانە
زیـاد بـۆ جـەتۆ بـەخشای خـانانە(۱)
بـرنج و ڕوەن نـەخۆشـەر و مـاش
قەن وچای، تەختە، تەماکۆی سـانە(۲)

١- یاوا = گەیشت، سەوقات = دیاری، جەتۆ = لەتۆ / واتە: وادیاری و شت و مەکی شاهانە گەیشت، لە تو زیاد بێ بەخشینی خانانە.

٢- ڕوەن = ڕون نەخۆشەر = لەتکە، تەختە = کاغەزی جگەرە، تەماکوی سانە = جۆری توتنی ئەوەسە ئەڵێن زۆر بۆن خۆشە / واتە: برنج و ڕۆن و لەتکە و ماش، قەن و چای و کاغەزی جگەرە و توتنی سانە.



جەگردین فێشـتەر قـازی ئـەلحاجات
کیانابێت پـەرێم، سـەخی تـەبعانە(۱)
بە نـەفسی بـەرز و ڕەویـەی قـەناعەت
موشکڵ ما حەل بی چی سـەعاتانە(۲)
کـیانامۆ پـەرێت، چـەنی خـاناوای
چـەنەم بـوێـەرە خـان خـانەنە(۳)
حـەسەن هـەورامـین دەمـاخش بـەرزا
پەێت کەرۆ دوعای ئەبۆود ووجانە(۴)

ماوەیەک دوای داواکردن و ناردنەوەی کوڕی فەرەجوڵڵا بەگ: خواڵێ خۆشبوو حەمە ڕەشید بەگ ئەم باسە ئەبیسێ و ئەڵێ: مەلا حەسەن لە خۆیەوە ئەمەی تاشیوە. ئێمە هیچ داواکاری مۆر و ئیمزای قەواڵەمان لێ نەدەکرد و نیازمان بە مۆر و ئیمزای

١- جەگردین = لەگشتی، فیشتەر = زۆرتر، قازی ئەلحاجات لە ناو فەقی، و مەلایاندا بە پارەیان دەوت، کیانابێت = ناردبووت، پەرێم = بۆم / واتە: لە هەموو زۆرتر قازی ئەلحاجات مەبەست پوولە ناردبوت بۆم بە دل ئاوایی و سەخاوەتەوە.

٢- ڕەویە = ڕەوشت، موشکل = گیرو گرفت / واتە: لە بەر بەرزی نەفسم و ڕەوشتی قەناعەت، گیروگرفتمان لاچووە گرێ کویرەکەمان کرایەوە لەم وەختەدآ.

٣- کیانامو = ناردمۆ، پەرێت = بۆت، خاناوای = ماڵ ئاوایی، چەنەم = لێم، بویەرە = ببوورە / واتە ناردمۆبۆت لە گەڵ ماڵ ئاواییدا، لێم ببوورە گەورە پیاوانە.

٤- پەێت = بۆت، کەروو = ئەکەم / واتە: حەسەنەهەورامیە دەماخی بەرزە، بۆت ئەکا دۆعای ئەبۆودوجانە (دۆعای لەبۆودجانە، جۆرە دۆعایەکە دەخوێنرێت).

ئەو نەبووە و نایش بێ، لە خۆیەوە ئەم بەزمەی درووست کردووە ئێمە هەر لە بەر عالمی و ئیحترامی ئەو شتمان بۆ ناردووە. دیارە حەمە رەشید بەگ راستی کردووە، لە بەر هیچ نەبووە مامۆستایش ئەمە ئەبیسێتەوە و ئەڵێ: دە زۆر چاکە، ئێستاکە لەبەر هیچ نەبووە و دۆسانەیە، هەلێکم بۆ رەخساوە، چای و تەماکۆم دەس کەوێ، ئەم پارەچە شێعرە بۆ حەمە رەشید بەگ دەنووسێ:

هەوەڵ خانەدان نەجیب ریشە و رەگ
سە دار ئەکرەم حەمە رەشدی بەگ
لە دەروونمدا وەها فیکرمکرد
نیدا و ئیلتیجام وەلای تۆ هاورد
جا پەنام هانی وەجەنابی تۆ
قۆریم بێ چای و کیس بێ تەماکۆ
بە مەن بە سەندووق، بە کیسە و جەواڵ
بۆمان بنێرە بەمانگ و بە ساڵ

حەمەرەشید بەگ ئەم شێعرەی پێ دەگا و ئەڵێ: بە خوا مەحاڵە، بێتە ماڵیشمان چایەکی بۆ تێکەم هەدیە و سەوقاتمان دەگێڕێتەوە و ئەیەوەێ چای و تووتنی بۆ بنێرم ئەی ناخوا. مامۆستایش نامەیەکی جوانی بە شێعر و شۆخی زۆر خۆش، بۆ دەنێری بەڵام بەداخەوە هەر ئەم دووبەیتەی ماوە



گەر نەما باسی فتوا و قەواڵە
ناردنی چای و تووتن مەحاڵە
کاکە رەشید گیان بە گیانەکەی تۆ
هەر ئەم کارانەم کردمی رەنجەڕۆ

ئەوەش بڵێم حەمەرەشید بەگ پیاوێکی ئەدەب دوست و زانست پەروەر بووە. حەزی لە خزمەتی عالم و زاناکان بووە، هەمیشە خواڵێ خۆشبوو ناری و مەلا ئیمساعیل پێنجوێنی -کە لە قەڵاگا بۆو- مامۆستای سەولاواومەلاچاکەکان ئامووشۆی ئەم خانەدانەیان کردووە. و کۆ بۆونەوەی ئەدیبانەیان بووە و مزگەوتێکی چاکیان لە ئەڵمانەدا دروست کردووە بۆ زیاتر زانینی تماشای هەورامان ناسی بکە.

حەمەرەشید بەگ نامەیەک لە مامۆستا دەنوسێ تیایا ئاماژە دەکا بۆ هێندی خاڵ لەوانە ئەڵێ: یاخوا شاعیر باسی کەس نەکا. خوا لە شەڕی شاعیران بمان پارێزێ.

## داوای لێدەکەن ببێتە قازی مەحکەمەی لیوا (پارێزگا)

جارێک کابرایەکی خەڵکی دزلی لەو دیوەی سنوورەوە بڕێ شتی دەگیرێ و خۆی دەرباز دەبێ دێتە لای مامۆستا نامەیەک بنووسی بۆ ئەو فەرمانبەرە، بەڵکوو شت و مەکەکانی بدەنەوە، مامۆستا نامەیەک دەنوسێ بە زمانی عارەبی و بە شێعر.

فەرمانبەرەکە نامەکەی مامۆستا دەبینێ ئەینێرێ بۆلای فەرماندەیەکی گەورەترکە هاتووەتە سەردانی سنوور. فەرماندە هەموو شتەگیراوەکە ئەداتەوە و دەڵێ: بەم مامۆستا بڵێ قازی مەحەکەمەمان پێویستە بێ بۆ ئێرە و دەیکەینە قازی یا «ئیمام تابووور»(١) بەمووچەیەکی زۆرەوە. کابرا دێتەوە بە مامۆستا دەڵێ: بەڵام مامۆستا وەڵام ناداتەوە. پاش ماوەیەک فەرماندەکە بە ئەحمەد ئاغا ناوێک لە خۆرماڵی شارەزوور ئەڵێ: بچۆ بۆلای ئەم مامۆستایە بەڵکوو رازی کەی چونکا عەرەبی زانێکی زۆر چاکە و زۆریش خوێنەوارە. ئەحمەد ئاغا نامەیەک لە مامۆستا دەنووسێ و زۆر بە تامە و لامەوە دەڵێ: هەلێکی چاکە لەدەستی مەدە مووچە و مەقامێکی گەورەیە دەستی کەس ناکەوێ. بیستومە تۆ زۆر نەداری و حەسیرێکت لە ژێردایە و جلەکانت لە بەر شڕی، لەشت داناپۆشن. تێرنانی جۆت دەس ناکەوێ ئاخر کەی ئەوە ژیانە؟ ئەم هەلە لەدەس مەدە. چونکو نامەکەی ئەحمەد ئاغا کوردی سورانی بووە، مامۆستایش بە سورانی دەنووسێ:

بەچکەی فەرەنجی و رۆڵە هەورامی
(بەداخەوە لە بیرنەمابوو)

ئەقڵم هاتە بەر، چاوم کردەوە
کە زەمانەم دی رۆژە یا شەوە

---

١- ئیمام تابوور لە سوپای عیراقدا، بۆ هەر لە شکرێک ئیمامێک دانراوە بۆ پرس و ڕای ئایینی، هەر سەرباز
... بۆ پرسێکی شەرعی بووی لەر کراوە. پلەیکی بەرز و مووچەشی چاک بووە.



سوێنێکم خواردوە بە رۆحی باوام
بە گۆڕی نەنکم بە رۆڵەی ساوام
تا بۆ و بەرامەی شەوبۆ (١)و وەرکەمەر(٢)
تاسوور هەڵاڵە(٣) سەرتێرێتە دەر
تا دەنگی ژەرەژ(٤)پیقەی نەچیری(٥)
تا قسەی خۆشی پیرێکی ژیری
تا بەڕوو مابێ لە هەورامانا
تا شەماڵ بدا بە کوسالانا
تا بەڕەزایەک (٦)با بیشەکێنێ
هەتا رێواسێ چووزە دەربێنێ
فەرنجی شڕێ چۆخە دڕاوێ
کڵاشە چەکێ، پشتێن بڕاوێ

---

١- شەوبۆ گوڵیکی گوڵ وردی بۆن خۆشی زۆر جوانی کویستانییە.
٢- وەرکەمەر گیایەکی زۆر بۆن خۆشە لە ناو بەردی کویستاندا دەڕوێ. ئەڵێن پتر لە هەزار ساڵ بۆنی دەمێنێ. دەکرێتە ناو سەرین کیچ و بڕێ گیانداریتر دور دەخاتەوە. لە بناری شارەزوودا پێی دەڵێن بەرزەلنگ.
٣- گوڵێکی زۆر جوان و رەنگینە لە کوێستاندا دەڕوێ.
٤- کەو.          ٥- حەیوانی کێوی (مەڕ و بزن).
٦- گیایە کە لە بەهاردا لە کوێستاندا لەناو بەرد و جێگەی بەرزدا دەڕوێ بەکالی دەخورێ. ئەڵێن بۆ گورچەویلە چاکە زۆر خۆش و بەتامە.

شەرتە هەورامان بەجێ نەهێڵم
مەگەر ئەو ساتە کە بەجێی دێڵم

## نەترس و حازر جوابی

دزلی لە سەر سنوورە و لە زەمانیکدا هێشتا دەولەت سنوورەکانی نەگرتوەتەوە، حکوومەت بەدەس سانەکانی هەورامانەوە بووە جارێکیان پاش لەشکەرکێشان و گرتنەوەی دزلی، مەحموود خان ناچار هەڵدێ ئەمیر لەشکەر مەحمەد خان شابەختی لە روژێ ١٣١٠/١/٢٢ شەمسیدا - پاش هێرشە نامەردانەکەی سەرهەنگ مەحموود خانی ئەمینی بۆ سەر دزلی - بۆ پینە کردنی ئیشە نامەردانەکەیان چووەتە دزلی. هەموو خەڵکی دێ لە جێگایەکا کۆ دەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکا و پێیان دەڵێ: دەولەت ئەمەیە و ئەوەیە لەخۆیان زۆر دەڵێ و خەڵکێش جارجارە روو دەکەنە مامۆستا و تەمایەرن ئەو وەڵام بداتەوە ئەمیر ئەبینێ مامۆستا شرۆڵەیە و وای نازانێ شتێکی لێ بی ئەڵێ: ئێمە باسی سیاسەت دەکەین ئەمانەش واتە مەلا لە سیاسەت هیچ نازانن و وتوویانە دۆعا بخوێنن بە ئاوا بیدەن بە خەڵک بیخۆنەوە با پشیلە نەیان خوات. مامۆستایش دەڵێ: تیمسار خۆت و دەولەتەکەت و ئینگلیسەکەت دەیان ساڵە ئەتانەوێ ئێمە واتە مەلا و ئیسلام لە بەین بەرن، بەڵام سەعاتێکی تر حاڵیت ئەبێ کێ سیاسەتی هەیە.



با بانگ بڵێن من هەستم بچمە مزگەوت بزانەکێ لە لای تۆ دادەنیشێ و ئەگەر تۆ ئەم قسانەت دوو سەعات درێژەی بێ هەموو خەڵک دەڕۆنەوە و ئەگەر من لە رۆژی هەینیدا سێ سەعاتیش قسە بکەم کەس بەجێم نایەڵێ هەتا دڵی خەڵک ناوی خوا و باسی دینی تێدابێ سیاسەتی تۆ هیچ ناکا. سیاسەتی ئێوە وا بە نووکی چەکەوە. ئەگەر فیشەکتان نەمێنێ کەس وەدواتان ناکەوێ بەرد بارانیشتان ئەکەن. جا ئێستە بڵێ تۆ سیاسیت یا مەلا. فەرماندە کە ئەزانی خۆینەوارە و خەڵکیش رێزی لێ دەگرن، دڵی ئەداتەوە و ئەڵێ: شۆخیم کردووە نەڕەنجی مامۆستا ئەڵێ: ئەو ئینگلیسەکە تۆی ناردووە بۆ داگیر کردنی ئێمە ئەگەر بتوانێ قوڕگی هەر مەلایەک ئەبڕێتەوە و نایەڵی مێزەرەی سپی بەسەری کەسەوە بمێنی.

سۆفی زۆراب خەڵکی هانەی قوڵ گێراویەتەوە: بۆ مەلا ئەحمەدی مەردووخی برازای مامۆستا ئەفراسیاو بەگ بۆ پرسێکی شەرعی دەچێتە خزمەتی مامۆستا. مامۆستا ئەفەرمێ: دوو شاهیدی عادڵم ئەوێ ئەفراسیاو بەگ ئەڵێ: «ئەچم شێخ حیسامەدین و شێخ عەلائەدین دەعوەت ئەکەمە ماڵێی خۆمان بۆ شاهێدی؟ مامۆستاش ئەڵێ: ئەگەر ئەوان شاهیدی بدەن بۆ تۆ، من ئێعلامی ناعەداڵەتیان ئەکەم و ئەم شاهیدیەی ئەوانە ئەبێتە جۆرێ ناهەق وێژی و ئیعانە بە مەعسیەت و کۆمەکی ناهەق. عادڵ هەرگیز کۆمەکی ئیشی ناهەق ناکا.

## ماموستا و یەکێ لە دەسەلاتدارەکان

یەکێ لە دەسەلاتدارەکان نامەیەکی بۆ دەنێرێ کە بچێتە لای و ببێتە نووسەری تایبەتی و مودەرریس و قازی مەحکەمە. وەڵامی نامەکەی بە پارچە شێعرێک دەداتەوە کە بەداخەوە زۆری لێ ون بووە. وا دیارە ئەم دەسەلاتدارە لەگەڵ ئینگلیسەکاندا سەر و کاری بووە و سەگێکی دەسەمۆی بووە کە زۆر جار لەگەڵیا بووە و خەڵک لەم ئیشەی نارازی بۆون، ویستویە ماموستا ببێتە نووسەری تایبەتی لە بەر ئەوە ماموستا زۆر خوێنەوار بووە لە نامەکەدا کە بۆ ماموستا نێرراوە زۆر بەتامە و تاسوخەوە نووسراوە ئەگەر بچێتە خزمەتی ژیانی ئەگوڕێت و پلەوپایەیەکی چاکی پێ ئەدرێ لە گەڵ ئەوەشدا کە ماموستا زۆر موحتاج بووە، جلەکانی دەیان پینەیان پێوە بووە وەڵامی نامەکە ئاوەها دەداتەوە:

سەر وەک مەسینە، سەگ لە سەر سینە
«الخبیثات للخبیثینه[1]»
ئاخر کام ئینسان دەسەبرای سەگە
رەفیقی تانجیم پێ ناشیرینە
هەرکەسێ سەگی کرد بە هاوخوانی
ئەوە نۆکەری ئینگلیسینە

١- واتە پیس بۆ پیس لەبێ.



قودرەت و سەروەت جاە جەلالات
پێشکەش بەوانەی پیان شیرینە
سەد تف و لەحنەت لە قوربان قوربان
لەئاغا فەرمووی یەکجارم قینە
خۆم زەلیل ناکەم بۆ فلس و دینار
ئەویش لە سایەی عیززەتی دینە
پێم خۆشە نانی جوێ رەشی عەباڵ
دوێنەی خەجیجەو فاتە و جەمینە
کاڵە و کڵاشی ساختی هەورامان
نایدەم بە قۆنرەی چەرمی مەکینە
ئیسلام و عیززەت عیلم و کەرامەت
کورد و شەرافەت رەسمی دێرینە
هەی هووچەن دوورین من و نۆکەری!
ئەمەش هەرجۆرێ کاسەلێسینە
سەلام سەییدی «وێرمەنە»[1] دینار
خۆویەکی پیسو زۆر ناشیرینە

١- وێرمەنە: تورکی یە یالی پێم بدە.

نـــاکـــەومە پـــینەی درۆی ئـــاغایان
کـــەوش کـراســی خـــۆم ئـەکـەم پـینە
ئـاخر مـن قـورئان و الە سـەر سـینەم
«الطـــــیبات للــــــطیبینه»[1]
من هەڵۆی لووتکەی بەرزی دالانیم[2]
هــەرگیز وەک قـالاو نـاکـەومە چـینە
حــەسەن بـۆ مـەقام نـۆکـەری نـاکـا
ســەد جــار ڕیـامە ئـەو جـۆرە ژیـنـە

ئەم دەسەڵاتدارەش یەکێ لە کەڵە پیاوەکانی زەمانی خۆی بووە و لە دەڵەمەندیدا لەزەمانی خۆیداوێنەی نەبوو. بەلام مامۆستا حەزی لە خزمەتکاری کەس نەبووە. دەڵێ کاتێ داوای نانێک دەکەم لە ماڵە فەقیرێکی دزلەیی دەڵێ: گیان بە سەر چاو، پێم وایە هەموو دنیام هەیە. ئەم باسە مەلا ئەولخاق گێڕایەوە، بە شپرزی لە بیربوو لە کاغەز شریکیشدا برێکی نووسرابۆ.

ڕۆژی لەگەڵ یەکی لە دەسەڵات دارانی ئەو سەردەمە دادەنیشن کابرا پرسیار ئەکا: مامۆستا بۆچی ئەڵێن هەر کەس حەرام بخوا، خوا حەقی لێ دەسێنی باوکی مـن شەست ساڵە حەرام ئەخوا و خوا هیچ حەقی لێ نەسەندووە.

ئەڵێن: ئەگەر کەسێ بزنێکی کەسێ بدزێ یا لە مووچە و مەزرای کەسێ زەرەر بدا

---

١- واتە پاک بۆ پاکان ئەبێ.
٢- کیوێکی بەرزە لە هەوراماندا.



خوا پێی ئەنوێنێ مامۆستا ئەڵێ: لە قورئاندا، خوا ئـەفەرمێ «یـا ایـها الـناس» و «یاایهاالمومنون» هیچکات نەیفەرموە:
یا ایها سید [1] و ثعلب [2] ئەو شێوە، شێوەی سەگ و ڕێوی‌یە.

## مامۆستا مەلا ئەسعد ریازی [3] و مامۆستا

---

١- سید= گورگ.
٢- ثعلب = ڕێوی.
٣- مامۆستا مەلا ئەسعەدی ریازی لە زەنجیرەی مەردوخی‌یە کانە لەدێی بۆڕیـەر لە دایک بـووە پـاشان چووتە پایگەلان تەدریسی کردووە لەلای ئەسعەد ئەفەندی دەرسی خوێندووە ریـازی و هـەیئەتی لەلای حیکمەت ئەفەندی خوێندووە زۆر بە عیزەتەوە ژیاوە شتی زۆر لەو پایە بەرزە دەگێرنەوە بۆ نـموونە: لە کاتێکا لە پایگەلان بووە یەکێ لە سەر لەشکرەکان دەچێتە پایگەلان و فەرمان دەدرێ هـەموو لە مزگەوت کوبنەوە تا سەرهەنگ قسەیان بۆ بکا. سەرهەنگ پێش ڕۆیشتنی مزگەوت ئەپرسێ هەموو هاتوون ئەڵێن تەنیا مامۆستا نەهاتووە ئەڵێ بۆچی؟ ئەڵێن و توویە من ئیشم بەو نیە ئەگەر ئەو ئیشی هەیە بێ بۆلای من. ئەڵێ بچن بیهێننە ئەگرە یانی دیوەخان بە پێی فەرموودەی کاک مەنسوری شاوەیسی ئەم فـەرماندە سـەرهەنگ نەسروللاهی بوە رەئیسی پاسگا ئەچێ و هەرچی هاوار ئەکا، مامۆستا ناڕوا رئیس پاسگاه جاری ئاخر ئەڵێ: مامۆستا ئەگەر نەچێتە لای سەرهەنگ، من دەرئەکەن. مامۆستاش ئەڵێ: کە وایە دیم مـامۆسـتا دەچـێتـە دیوەخان سلام دەکا و سەرهەنگ نە جوابی دەداتەوە و نە لە بەری هەلدەسێ مامۆستا دەچێتە لای سەری دۆشەکەکەی سەرهەنگەوە دادەنیشێ و سەرهەنگ راکشاوە ئەپرسێ نـاو شـوهرت؟ ئـەفەرمێ: ئـەسعەدی ریازی. سەرهەنگ قاقا پێدەکەنێ، تۆ دەزانی ریـازی چـیە؟ مـامۆسـتا دەفـەرمێ مـن ئـوستادی ریـازیم. سەرهەنگ ئەلی: ئەگەر وەلامی سێ پرسیاری ریازیم بدەیەوە، بەڵێن ئەدەم دەبمە نۆکەری کورد. مامۆستا ئەڵێ پرسیارەکانت بکە. سەرهەنگ یەکەم پرسیار ئەکا، مامۆستا وەلام ئەداتەوە. سەرهەنگ تۆزی خۆی کۆ دەکاتەوە. پرسیاری دووهەم، هەل دەستی بە چۆکدا دێت، پاش وەلامی پرسیاری سێهەم سەرهەنگ هەدلدەستێ دەستی ماچ دەکا و لە بەرانبەریەوە بە پێوە دەوەستێ و ئەڵێ: خەلکەکە بچنەوە ماڵی خۆیان.

خوا لیّ‌خۆشبوو مامۆستا شێخ جەلیلی[1] دەمەیوی گیڕایەوە فەرموی چومە خزمەتی مامۆستا مەلائسعەدی ریازی پایگەلانی هەوالیّ مەلا حەسەنی پرسی. وتم: قوربان پیرە و لەگەڵ پیرەژنێک لە هۆدەیەکی تاریکا ئەژی. ئێواران کاسەیەک بەدەستەوە دەگریّ و بەو پیری و لاوازی‌یەوە لەرزە لەرز دەچێتە بەرمالیّ مەحموود خانی دزلی و توزیّ شۆربای بۆ تێدەکەن و ئەویش تا سبەی ئێوارە ئەوە خواردنیەتی مامۆستا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا و فەرمووی: ئەوە یەکیّ بۆو لە فەقیّ بەناو بانگەکانی سەردەمی خۆی. هیچ شتیّ نەبۆو لە عیلمدا ئەو نەیزانی، ئەبوا ئێستە گەورەترین کەسایەتی بوایەت. هەموو مەلا و فەقیّ یەک لە بواری

پلەوپایەی چاکەوە و هەرچی ئەکا مامۆستا رازی نابیّ، ئەیەویّ پارەی بداتیّ، لیّی وەرناگریّ سەرهەنگ دەگەڕێتەوە لە کاتێکا لە سنە دەردەچی نامەیەک بۆ مامۆستا دەنووسیّ من تا تۆم نەدیبو کوردم بە وەحشی دەزانی کە تۆم دی هەتا ماوم نۆکەری کوردم و دووسەد تمەنی ئەو سەردەمە دەخاتە پاکەتەکەوە بۆ مامۆستا. ئەم پایە بەرزە سالی ١٣٧٠ کۆچی مانگی لە دنیا دەرچوو. (یادداشتی خوالیّ خۆشبوو و شێخ محەممەدی مازبین).

١- مامۆستا شیخ جەلیلی فارۆقی ماموستایەکی پایەبەرز زور دیندار و لە خوا ترس بو دڵ ئاوەڵا و بەر چاو ڕون بو زور بە قەناعەتەوە دەژیا دو سە تەلانی بچوک لە بەر مالەکەیدا بو لە گەڵ چەن چلەکویزیک خوی پیوە خەریک دەکرد و لە مەندیدانەگەڕا ئەم پیاوەگەورە قسەخوش و ئیسک سوگ بوو پاش حەفتا و پنج سال خزمەتی دین و خەلک لە دنیا دەرچو مامۆستا جەمیلی کوری کە جوانیکی خوینەوار و ژیرە و لە زانستی کۆنو تازەدا شارەزایە و شوکور بو خوا زور دیندار و مەلاچاکە لە جیگەکەیدا دانیشت و نەهیشت مزگەوت و خەلکە چاک و دیندارەکەی دەمەیوی بی مەلابمیننەوە یا خوا مەجبور لەبی دەمەیەو جی بێلی.



عیلمدا بە دەسیەوە زەلیل بۆون. •

## شێخ عارفی دەگاشێخان فەرمووی

لە دزلی چوومە خزمەتی و لە هۆدەیەکی تاریکدا تەنیا لە کوناو جەیەکەوە تۆزی رۆشنایی ئەدا، جار جار دەستی ئەبرد و لە تاقێکەوە دەستی ئەکرد بە دەمیا. منیش سەرم سڕ مابۆو چیە؟ ئاخری خۆم پیّ نەگیراو وتم مامۆستا ئەوە چیە؟ فەرمووی: ئەوە سیراجە لەو تاقەدا، جارجار تۆزێک ئەخەمە دەممەوە لەبەر برسیەتی.

## لەگەڵ مامۆستا قازی

خوالیّ خۆشبوو مامۆستا قازی کە خۆی یەکیّ لە هەورامی یەکانە ـ کوڕەزای خوالیّ خۆشبوو، مێژوونوس و شاعیر و زانای بە ناو بانگ «شەیدا» بوو کە شەیدایەکێکە لە گەورە مێژوونووسە بەدەسەڵاتەکان ـ ئەم مامۆستا قازی‌یە پتر لە سەد ساڵ ژیاو لە مەریوان دادەنیشت فەرمووی: چووم بۆ خزمەتی مەلا حەسەن لە درگاکەدا توووشی بۆوم. جامیّ چێشتی بە دەستەوە بۆو لە ماڵ مەحموود حان ئەهاتەوە، وتم ئەوە چیە؟ وتی هیچمان نیە بیخۆین ئەم چێشتەم هێناوە بۆ خۆم و پیرەژنەکە تۆش دانیشە بابێخوین. وتی زۆر نارەحەت بۆوم وتم: مامۆستا ئەوە چۆن لەوە پیش شتی خانت نەئەویست، ئەتۆت بۆ من حەرامە و ئێستە خۆت ئەچی ئەیهێنی؟ فەرمووی: ئێستە جۆری ژیانم ئەوندە نالە بارە خواردنی ئەم

چێشتە نەتەنیا حەرام نیە، بەڵکوو واجبیشە چونکا نەیخۆم لەبرسا دەمرم و هەر شەو و رۆژێک یەک کاسە دێنم بەسمانە. وتی منیش زۆر نارەحەت بۆوم و گریام. وتی مەگری لە هیچ شتێکی ژیانم پەشیمان نیم ئەمە بە عەزابی خوا نازانم، بەڵکوو تەمایەری پاداشیشم. خۆم ئەمەم هەڵبژاردووە و پێی رازیم. گریان و خەفەتم پێ حەرامە. ژیانی دینا لە مەزیاتر ناهێنێت

## مامۆستا و کلاشی هەورامی و ئوسا ئەولەزیز

«ئوسا ئەولەزیز» یەکێ لە ئوسا هەرەبە ناو بانگەکانی پیشەی کلاش کردن بووە لە «تەوێلە.» مامۆستا داوای لێدەکا جووتێ کلاشی بۆ بکا. ئەم پارچە شێعرەی بۆ دەنێرێ و لەسەر کاغەزەکە دەنووسێ: ئەم شێعرە وەکوو شێعرەکانی خۆتە، سەروبنی نیە. (واتە وەزن و قافیە و ناوەرۆکی پووچە» بۆت دەنێرم و ئیتر خۆت ئەزانی.

یـــــاری مـــــیهرەبان شـــــیرین و لەزیـــــز
ئـــوسای گـــیوەبەند، ئـــوسا ئـەولەزیز (١)
سـنعەت پـاک و سـاف، کـەسابەت زەریـف
شـــاگـــردی ئـوسا مـوحەمەد شـەریف (٢)

١ – گیوەبەند = کلاش کەر.
٢ – سەنعەت = کارو پیشە، زەریف = جوان، محەمەد شەریف = وەستایەکی مەشهوورە / واتە:



ئـــوسا، ئـــەو ئـــوسا، تـــۆ شـاگـردەنی
هـەرچـەند تـۆ کـارساز خـەیاڵ وردەنـی (١)
ئـــەو ویـــنەی لوقـمان، تـۆ عـەرەستوونی
هـەڵبـەت ئـەو شـاباز تـۆ پـەرەستوونی (٢)
بـاربۆ هـەرسوورەت بـەعزی پـەڕۆی خـاس
هـەلاوەی بـێعـەیب، سـەفیدتر جـەماس (٣)
کـــیاستم خـــزمەتت بکـــەریش کـــلاش
رێک و مـوافـق ئـی تـاکـە و ئـەو تـاش (٤)
گـــیوەبەند شـــنەی ســـەر و سـایە بـاش
جـای گـازن عـەقیق یـا دانـەی تـراش (٥)

فێرکراوی ئوستا حەمەشەریف.
١ – خەیاڵ وردەنی = خەیال وردی / واتە: ئوسا، ئەو ئوسایە کە تۆ شاگردی ئەوی ئەڵێ ئەبێ ئەو ئوسا چۆن بۆوبێ کە تۆ شاگردی ئەوی، هەر چەن تۆ خۆت لێزان و خەیاڵ ناسکی.
٢ – پەرەستوو = تەیری ئەبابیل / واتە: ئەو لوقمانە و تۆ ئەرەستووی، ئەو شابازە و تۆ بەلایەوە وەکوو ئەبابیلەی.
٣ – بەعزی = برێ، هەلاوە = جاوگ / واتە: هەر جۆر برێ پەڕۆی چاک، لە جاوگی بێ عەیب سپی تر لە ماست.
٤ – کیاستم = ناردم، بکەریش = بیکەی / واتە: ناردم بۆلات بیکەی بە کلاش، رێک وەکوو یەک وابێ هەر دوو لنگەکەی.
٥ – گازن = کەرەسەی کلاش کردنە، عەقیق = بەردێکی بایەخ دارە، دانە ی تراش ئەڵماس /

سەر و بن ئەحمەر، ڕەنگی یاقووتی
خاڵ و مێڵ وێنەی خەتی زەمڕووتی (١)

نارێک چوون لەوسی پیرەژن نەبان
وە ڕاس بە وێنەی نێرەژن نەبان (٢)

یا چوون پۆزەی خەر بالووک ئاوردە
یا لەوسی کوری سوور پیاز واردە (٣)

کاغەزی باریک سفت و ناسک بان
سیا خاڵ وێنەی دیدەی ئاسک بان (٤)

---

واتە: کەڵاش کەری گازن وەشین سەرومەکوت چاک، جێگەی گازن لە عەقیق یا لە ئەڵماس یانی هەموکەرەسەی ئیشوکارت لە شتی بەقیمەت.

١ - ئەحمەر = سوور، یاقووت = بەردی بایەخدار، زەمرووتی = وەکوو زەمرووت / واتە: سەروبن کلاشەکە سور بێ وەکوو ڕەنگی یاقووت، خاڵ و میلی وەکوو خەتی ناوبەردی زەمورووت.

٢ - لەوس = لچی گەورە و شوڕ، نیرەژەن دەسەڵ خۆرد، داری کە هەر چوار پەلی مەشکەی پیوە دەبەستن / واتە: وەکوو لچی پیرەژن (کە لەبەر پیری بۆی ڕاناگیری) نەبن، یا وەکو داری مەشکە ڕاس نەبن یان وەکو نێرەژەن ناوەڕاستی قەوی نەبێ.

٣ - پوزە = دەم و دیانی وڵاخ، سوور پیاز = شەنگە سوورە / واتە: وەکوو قەپۆزی کەری بالووکە لێ هاتوو نەبێ، یا وەکوو لچی کوردێ نە بێ کە شەنگە سوورە پێوەی دابێ

٤ - سیاە = ڕەش، دیدە = چاوان، لە کاتی کڵاش کردندا قەیتانی دەوری کڵاشە کە بە مووی ڕەشی بزن دروس ئەکرێ بۆ ئەوە کە دەزووەکەی پیوەبەند بکەن بو چنینی کڵاشەکە ئەبێتە



توند و تۆڵ و ڕەق وێنەی مەڕمەڕبان
هاژەباڵ وێنەی هەسارەی کەڕبان (١)

پەی گشت تەدارەک چەنی پەرگەما
وێنەی دۆخەوا باریشاوە ما (٢)

بە وادەی سێ ڕۆ یاونیشاپەنە
نەبا بێ کڵاش من قۆمێوم وەنە (٣)

زەمی ئەولەزیز پی بۆنەکەروو
جە دڵ گرانیش مشیو بویەروو (٤)

---

خاڵێکی ڕەش بۆ کڵاش / واتە: وەکوو کاغەز ناسک و سفت و ڕێک و پێک بن، خاڵی ڕەشیان ئێدابێ وەکوو چاوی ئاسک.

١ - تنوتۆڵ = سفت و مەحکەم، وێنە = وەکوو / واتە: سفت و سۆڵ و ڕەق وەکوو بەردی مەڕمەڕ بن. لە جوانی و ڕەقی و سافی و مەحکەمیدا.

٢ - پەیێ گشت تەدارەک = بەم گشتە تەدارەکەوە / واتە: بەم گشت تەدارەکەوە لەگەل پەرگەمادا، وەکوو دۆخەوا مای بێنەوە دۆخەوا ئەگەر زۆر چاک نەیشوێنی، نایەتەوە ما و ئەپڕووسقێ زۆری لەگەڵدا خەریک بە با چاک دەرچێ.

٣ - یاونیشا = بیانگەیەنێ / واتە: نەوەکوو لەبەربی کڵاشی لێم بقومێ توانی گلۆگوێزم نەبێ.

٤ - واتە: بۆیە زەمی ئەو لەزیز ئەکەم ئەبی نەترسم لە نارەحەت بوونی.

سەر وەش مەگێلی وەگەر یاتەدا

کلاش لەیلە چن هانە پاتەدا[١]

وەگەریاتەدا بەیان بوێەران

کلاش چەرمە و سوور نەپای دڵبەران [٢]

پۆل پۆل نازاران، ژەرەژ خەرامان

مەمە فنجانان، نەو توول نەمامان [٣]

مەیان، مەویەران بە وێنەی ئاسک

رەنگ و سوورەت وەش شێوە و دەنگ ناسک[۴]

تۆ بە رەفاقەت ئایشا مەفتوون

چ دەربەسەنی من پا خر وابوون؟[۵]

---

١ - سەرووەش = سەرخۆشی، مەگێلی = دەگەڕێت، گەریات = باخ و سەیرانگایەکە لە تەویلەدا، لەیلەچن = زریچن = وەکوو بەزری چنرابێ / واتە: سەرخۆش ئەگەڕێت بە گەریاتەدا، کلاشی لەیلەچنت لەپێدایە.

٢ - واتە: بەگریاتەدا بێن و بچن، کلاشی سپی و سوور لە پای دڵبەراندا بێت.

٣ - ژەرەژ = کەو، / واتە: پۆل پۆل نازدارەکان وەکوو کەو لەنجە ئەکەن، مەمک وەکوو فنجان باڵا وەکو تووله نەمامەن.

۴ - سوورەت = روو / واتە: دێن و دەچن وەکوو ئاسک، رەنگ و روو و شێوە یان جوان و دەنگ ناسکن.

۵ - رەفاقەت = هاوەڵی، ئایشا = ئەوان، پاخەروا = پێ پەتی / واتە: تۆ بە رەفاقەتی ئەوان تووشی فیتنە بۆویت، چ دەربایستی‌من پێم پەتی بێ.



تۆ بۆ بەخاتر ئەو نەونەمامان

با بەزەیت بەیۆ پای پاخروامان[١]

## ئەم شێعرەی بۆ چای نووسیوە

جەقەند شیرین تەر، هەنگوینی لەزیز

باش ئوسای زیرەک ئوسا «ئەولەزیز»[٢]

سەروقنگ چەرمە، فرە مومتاز بۆ

چایەوە خەلیس ئاواتە خواز بۆ[٣]

رەنگ دێز و سیاو بە وێنەی قیراو

چون چایی تەورێز یا میاندواو[۴]

عەرەقش وێنەی بناگۆشی یار

چێرو هور بەیۆ نەوەختی ئیوار[۵]

---

١ - واتە: تو وەرە لە بەر ئەو نەمامانە با بەزەییت بێ بە پێ خاوسیمانا.

٢ - لە قەن شیرین‌تر وەکوو هەنگوین بەلەزت، چاک ئوسای زیرەک، وسا ئەو لەزیز.

٣ - سەر و بنی سپی، زۆر مومتاز بێ. پاکەتی چای بووە سەروبنەکەی سپی بووە پێ یان‌وتوە سەروبن سپی.

۴ - واتە: رەش و دێز وەکوو قیراو، قیر تێکەڵ بە ئاو بکەی چون رەش و دێز دیارە وابێ، رەنگی وەکوو چای تەورێز یا میان دواو وابێ.

۵ - چێر = ژێر هوربەیۆ = بینەوە / واتە: عارەقی وەکوو عەرەقی بناگوێی یار مەبەستی ئەو

بە عزیۆ نە ئەی چا، ئیسە کـە مـن وات

بکیانە پـەریم بـە رەسـمی سـەوقات[١]

بــەیادی تــۆوە یــەخە گـیرمانە

هەتا ساڵیوتـەر هـەر جـە ویـرمانە...[٢]

(ئوساکلاشەکانی دوائە خاو چایشی بۆنانیری مامۆستایش بۆ توورە کردنی ئەم شێعرەی بۆ دەنیرێ)

داخــم هــەر ئـینەن جـۆرە کــەسانێ

پـا کـافر مـانی، لاقـنگ هــەسانێ[٣]

ریش تــەپڵە گــەونی، یــاپراخـە لووتـێ

سـەوەتە سـەرێ گـەڵ وقـنگ رووتـێ[۴]

---

کچە جوانانەیە، کەلە خۆار دێ تەوێڵەوە ئێواران بەرەو دێ دەگەڕێنەوە ماندوو دەبن عـەرەق دەکەن عەتری وەکو ئەو عەرقەوابێ.

١ - واتە: بڕێ لەو چایە کە ئێستە من باسم کرد، بنێرە بۆم بە رەسمی دیاری.

٢ - بە یادی تۆ داوێن گیرمان ئەبێ (واتە ئیتر لە بیرت ناکەین)، هـەتا سـالێکـی‌تر هـەر لە بیرمانە.

٣ - هەر ئینەن = هەر ئەمەیە، کافرمان = چەقۆی تیژ، هەسان = بەردێکی تایبەتە بۆ تیژکردنە بو چەقۆ و داس و تەشوێ و شتی‌تر بە کاردێت، ئەم بەردە لە دێی (دەری) لە مەریوان زۆرە / واتە: خەفەتم هەر ئەوەیە بڕێ کەس، کە پێیان وەکووکافرمان وایە و لاقنگ‌یان وەکوو هەسانی لێ هاتووە.

۴ - واتە: ڕیشی وەکوو تەپڵە گەونی لێ‌هاتووە لووتی وەکوو یاپراخ، سەری وەکوو سەوەتە و



مــەواچــۆ ئــەمن چــایی وەرەنــان

مـوقەدەم وێـنەی ئـەسکەندەرەنان!...[١]

مـن وێـنەی خـۆرووس دایـم قـوقوومەن

پەی کەلە قەندی هەر قەیسەو قـوومەن[٢]

نــەپەیخامێ هــەن، نــە نـامە و راپـۆرت

نەدیم ژەقنە مووت یا خۆ قوزەڵ قۆرت[٣]

گــەردن ژەرەژا، سـۆســەن خـاڵەکـا

زوڵفــە سـیاکـا، چــەمە کـاڵە کـا[۴]

---

لەبەر رووتی گەل و قنگی بەدەرەوەیە.

١ - مەواچۆ = ئەڵێ، چای وەرەنا = چایێ خۆرین / واتە: ئەڵێ من چای خۆرم، لە پـێشم وەکوو ئەسکەندەر (واتە چون ئەسکەندەر هەمیشە لە پێش بووە مـنیش لە پـێشـم بـۆ چـای خۆاردن) ئەسکەندر پیاویکی تەویلەی بۆە چای چاکی خۆاردوە زۆیشی خۆاردوە بۆ چـای خۆاردن ناوی دەرکردوە.

٢ - خرووس = کەڵەشێر، پەی = بۆ، قەیسەر = ناوی پاشا رۆمیەکانە لەکاتی چوونە دەرەوەیانا لەماڵ هەموو شار باخەبەر ئەکرا و قوو ئەکەوتە ناو خەڵک لە کوردەوارِیا بـۆ جـەنجالی زۆر وشەی قەیسەرقوو بەکاردێ / واتە: بەڵام من وەکوو کەڵەشێر هەمیشە ئەقووقێنم بۆ کالەیەک شەکەر هەر هاواروادادمە.

٣ - پەیخام = پەیغام، راپۆرت = گوزارش، ژەقنە = سەم، قوزڵ = زالوو، قوزڵ قورت = زالوو قووت دادن/ واتە: نە پەیامێکم بیست و نە نامە و نەگوزارشێک نەچاوم کەوت بە ژەقنەمووت (واتە سەمی مەرگە) قوزڵ قورتیشم نەدی (زالویشم و قووت نەداکە بمکوژێت).

۴ - واتە: گەردن وەکووکەوکە خالیان وەکووگولی سۆسەن وایە، قژیان رەشە و چاویان کالە.

**کـلاْشــە خــاسەکــێ پــەی ئـایشا بـۆ**
چ دەربـــــەسەنی مـــن پـــاخەروا بـــۆ[١]
**ئـافەرین گــوڵێ پــەی تــەقە و تـێلاْش**
گــا ســەرە چـلۆسک گـالنگە کـلاْش[٢]
**شــوکور ئـەولەزیز هـەر چـێر چـەپوکەن .**
یانەی دڵ تاریک سینەش نـاکـۆکـەن[٣]
**گوڵێ هـەر وەختێ چـەمش هـۆر بـڕیـۆ**
ئی دەس و دیـمش وەفـەوری مـەڕیـۆ[٤]
**هـــێزم ئـــاویرگاش پـــەنە هــو بــڕۆ**
هـــەڵیـــزە ومـــانی پـــینە مــەکــەرۆ[٥]

---

١ - **خاسەکی** = چاکەکان / واتە: کلاْشە چاکەکان بۆ ئەوان بێ، چ دەربایستی کە مـن پـێ **خاوس بم.**
٢ - **گولێ = خێزانی** ئوسا/واتە: ئافەرین بێ گولێ بۆ تەقەی تیلاْی بڕێ جار چلۆسک و بڕێ **جار لنگە کلاْش.**
٣ - **چیر چەپوک** = ژێر چەپوک، یانە = ماڵ / واتە: شوکور ئەو لەزیز هەمیشە ژێر چەپووکیە **(لە خیزانی ئەترسی)**، ماڵی دلی تاریکە سینەیشی ناکۆکە.
٤ - **هۆربڕیۆ = هەلبریت**، دەسودیم= دەس نۆیژ، مەڕیو = دەشکێ / واتـە: هـەرکات گـولێ **چاوی هەلبڕێ ، ئەم خێرا دەس نویژەکەی ئەشکێ.**
٥ - **هێزم = دار، ئاویرگا = ئاگردان، هەلیز = مەشکە، مانی= هەمانە / واتە: داری ئاگردانی پی هەڵ ئەبڕی، مەشکە و هەمانەی پی پینە ئەکا.**



ئوساکە ئەم شێعرە پێ دەگا لای ناخۆش ئەبێ ئەمانە لە زمانی مامۆستاوە بکەوێتە دەم خەڵک. دەچێتە دزڵی و گلەیی لە مامۆستا ئەکاو مامۆستایش ئاشیتی دەبێتەوە زۆر ڕێزی دەگرێ دەیکاتە شۆخی و قسەی خۆش، ئەڵێ: ئەگەربەڵین ئەدەی زوو کلاْشەکەم بۆ بکەی شێعرێکت بۆ دەنووسم هـەرکات ژنـان دێنـەلات و داوای کلاْشەکانیان ئەکەن بۆیان بخوێنیتەوە. هـەم وەلاْمت داوەتـەوە هـەم شـۆخـیت کردووە. ئەڵێ: بڕیارە زووکلاْشەکەت بۆ بکەم. مامۆستایش ئەمانەی بۆ دەنووسێ:

«وەفــیدای بــالاْت بــام وەگــر کـەسمەوە
ئــــینە لنگــــوتۆن ئـــینا دەســـمەوە[١]
هــەر دو لنگ ســـافو چـــەرمەی بـلوورەن
وەسەت پەیێ زینەت خاڵیوەش سوورەن[٢]

ئوسا خۆیشی جار جارە شێعر دەڵێ زۆر سەری سڕ ئەمێنی و ئەمانە لەگەڵ ریشی سپی خۆی و مامۆستادا ناگونجێ ئەڵێ: کەس چەنە بەری مەلا و زانا نەیات من تەسلیم. مامۆستاش ئەڵێ:

«ئوساگیان تۆ لە هەموو عالَمی عالمتری ئەگەر تۆ و ئۆسا ئاسنگەر و نـالبـەن و نەججارِ نەبۆبان ژیانی خەڵک بەڕێوە نەدەچوو.»

---

**١ - گر کەسمەوە = گشت کەسمەوە، لنگ = تاکە کلاش یا کەوش بە لاقیش دەوتری.**
**٢ - چەرمە = سپی، بلوور = شیشە / خۆت مانایان دەرەوە.**

ئـوساگـیان تـۆ وێت بـێ خـەبەرەنی
جـەگـر عـالمێ عـالم تـەرەنی[١]

زەرەبـەزەیدوون فـەعوولون فـەعیل
فەقێ و دەرس و مەشق راتبە و قالوقیل

دەرد و جـامیعەی دەوایـە کـەرا
یـا مـوشکلات و خـەڵکـی لابـەرا[٢]

ئـەر تـۆ نـەپۆژنـی «پـاو پـاخەروایـا»
ترێشـتە و گـاوەسن دارێو ئـۆسـایا[٣]

مـەشۆ وەڕاوە حـەسەن بـێ کـلاش
تـۆ عـالمەنی ئـوسای ئـوسا بـاش[٤]

١ - وێت = خۆت، جەگر = لەگشت، تەرەنی =تری / واتە: ئوساگیان تۆ خۆت بێ خەبەری، لەگشت زانایەک زاناتری.
٢ - جامیعە = کۆمەڵ، کەرا = بکەن / واتە: دەردی کۆمەڵ دەوابکا، یـاگـیرو گـرفتی خـەڵک لابەرێ.
٣ نە پۆژنی = داناپۆشێ، پاخەڕوا = پێ‌پەتی = بێ‌کەوش، ترێشتە = تەشۆی گاوەسن =گاسن، داری = داس، ئوسایا = مەبەستی ئاسنگەرەکانی دێی تەوێڵە کە دەسکـاری چـاکـیان بـۆە و هەرچی کەرەسەی پێویست بۆە دروسیان کردوە / واتە: ئەگەر تـۆ یش‌پـێ پـێ‌خـاوسەکـان دانەپۆشی و تەشۆی داس و گاسن وەساکانی‌تر نەبێ.ژیان بەڕیوە ناچێ
٤ - مەشۆ = ناچێ، وەڕاوە = بەڕێدا/ واتە: حەسەن بە بێ کەوش ناچی بەڕیـوە تـۆ زانـای، ئوسای چاکی.



بە پێی فەرموودەی یەکی لە مامۆستایانی تەوێلە ئوسا «ئەولەزیز» تا ئەم ئـاخرە مابۆو و هۆنەرێکی بیر تیژ بۆو. خوێنەوار نەبۆو بەلام شەڕە شێعری ئەکرد. شێعری خۆی ئەخوێندەوە کەس چەنەبەری نەدەهات. گوڵێ خانم ژنێکی بالاّ بەرز و شۆخ و لێهاتوو بۆو. چوخەوڕانکی پیاوانەی لەبەر ئەکرد. بڕنەوێکی دەکردە شان و سام و هەیبەتێکی بۆو، لەو دەوروبەرەدا ناوی داخستبوو، زۆر بە غیرەت بۆو.

ئوسا خۆیشی زۆر قسەخۆش بۆو و لە خزمەتی خەڵکا بۆو.

ئیشی کلاش و شتی‌ئەکرد زۆر هونەرمەند بۆو تەنانەت موشکلی پینە و پەڕۆی حەل ئەکرد و کەوشیشی درووست ئەکرد. واتە خۆی پێستی خۆشـە ئـەکـرد و ئەیکردە پێلاوی زستانی بۆ خەڵک. ئەمەش نموونەیەک لە هونراوەی:

چواردەی[١] تەمووز چواردەی تـەمووز
ئـیستعماری کـردووە بـە چـووز

بـەرگی ژنـانەی[٢] کـردە بـەر
بـۆ کـوێ ئـەچێ ئـەی قـوڕ بـەسەر

١ - ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ کەرەژێمی پاشایی روخا و جمهوری لە عیراقدا دامەرزا.
٢ - مەبەست نووری سەعید بۆوکە لە ترسی شۆرشدا جلی ژنانەی لە بەرکرد. کەچی هەر کوژرا.

خـــۆشـــمان بـــۆهـــات جـــمهوریەت

سەرۆکمان دانـیشت لەسـەر تـەخت[١]

## مامۆستا و مەلا حەبیب

ئەم شیعرە بە بۆنەی جەژنە پیرۆزەوە بۆ هاوە ڵێکی نووسیوە کە ناوی «حەبیب» بووە وا دەر ئەکەوێ خواڵێ خۆشبوو مامۆستا مەلا «حەبیبی نەنە» بۆوبێ. ئـەم مامۆستا بەڕێزە، یەکێ لە مەلا خوێنەوارەکانی وڵاتی خـۆی بـووە و لە هـەموو زانستەکانی ئەو سەردەمە ئاگادار بووە. خەتی خۆش بووە کـتێب و نـووسراوی زۆری بە خەتی خۆی نووسیوە. من کتێبی «فەریدە»م دیوە کە خەتی ئەو بەڕێزەیە. زۆر جوان و ڕێکو پێکە و هەر کتێبێکی خوێندوە بە خەتی خۆی نوۆسیوەتەوە. ئەم پایە بەرزە لە نەتەوەی مەلاجامی هەورامی یەکوڕی مەلا ساڵح و لە ١٢٢٧ کۆچی مانگی لە دێی دەگاشێخان لە دایکبووە. بۆ خوێندن زۆر جێگا گەڕاوە بە داخەوە ناگونجێ لێرەدا بە تەسەلی باسی کەین ئەگینا ئەبێ زۆری لەسەر بنووسرێت. ئەم بەڕێزە پاش ئیجازە وەرگرتن لە دێی «نەنە» دەگرسێتەوە ساڵی ١٣٢٢ لە تەمەنی ٤٥

١ - لەو کـاتەدا عـەبدولکەریم قـاسم هـاتە سـەر دەور و خـەڵک وای دەزانـی بـە دەست ئیستعماری ئینگلیسیە وە نەجاتی ئەبێ ئیتر ژیانێکی خۆش دەس پێدەکا خەڵک بە مافی خۆی دەگا. بەتایبەت خەڵکە کوردە داماوەکە هەڵدەپەڕی و پێی وابوو هەقی دەدرێت. کەچی ئەوەی لێ دەرچوو دیمان.



ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا لەپاڵ گۆڕی مامۆستا بەڕێزەکەیدا «ئاغە مـحەممەدی چۆڕی «لە گۆڕستانی «مەلا ئەبۆوبەکر» نـێژراوە. خـواڵی خـۆشبوو کـوڕێکـی لێهاتووی لە جێگا دانیشتووە بە ناو «مەلامحەممەد» کە بە دەسرەنجی خۆی دەژی. مامۆستایەکی زیرەک و ڕووخۆشە بە ژیانیکی ئاسایی ڕازی‌یە و لە مووچە و مەزرا جوانەکەیدا ژیانێکی پیاوانە دەباتە سەر. ئەم کورتەیەم لە نووسراوە جوانەکـەی کاک ئەحمەدی ڕەحمانی دەرهێنا.

ئەمەش پارچە شیعرەکە:

حەبیب وە حەبیب حەب حەبانتەن

وەلیـــمەی مـــاساو نـــۆبـە نـانتەن

نەواچـی تـازە دۆڵیـانم پـەر کـەرد

ئـــــاسیاو ئـــاسا نـــۆبـــە دانـــتەن

ئـینکار نـەکـەری پـەشتە ڕاگـێری

ئـــینکار و حـــاشا کـــەسرە شـانتەن

یـــا بـــۆ پـەی دزڵی دۆخـــەوا وەرە

یـا حـەسەن ئـاماو شـەو مـیمانتەن

بـــەوەشی مـــاچی فـەرماوە وەرنـە

شـــەقم ئـــامادەی پـــەشتی پـانتەن

موبارەک بادی نەوروزی ئیسال

تەقدیم بە ویت و دۆسەکانتەن

وەلامەکەی مەلا حەبیب شێعریکی زۆر جوان و دریژە و ناگونجیّ لیرەدا بینووسین

******

ئەم شیعرەی بۆ تاریخی ماڵە تازەکەی محموودخانی دزلی نووسیوە

مبارک باد این طاق همایون

رسیده برج او بر سقف گردون (١)

منقش گشته این ایوان والا

به آیات کریم حق تعالی (٢)

زبهر جایگاه خان خانان

در آن آسوده زی پس نوجوانان (٣)

---

١ - مبارک باد = پیرۆز بێ، طاق = دیواری هیلالی بۆ جوانی و قایمی دروس ئەکرێت، همایون = موبارەک و پیرۆز، رسیده = گەیشتووە، برج = ماڵێکی بەرز ئوستوانەیی یا موکەعەب، سەقف = ئاسن یا دار یا هەرشتی ئەنریتە سەر دیوار بۆ داپوشینی خانو واتە: پیرۆز بێ ئەم ماڵە گەورە پیرۆز و موبارەکە، گەیشتووەتە لای سەرووی گەردوون.

٢ - نەخشێنراوە ئەم هەیوانەگەورەیە، بە ئایاتەکانی خوای گەورە.

٣ - زبهر = بە خاتر، جایگاه =جیگا، خانی خانان = ئەم وشە بۆ پیاوی زۆر گەورە بەکار هێنراوە وەکوو شاهی شاهان،ئاسودە = رەحەت، زی = بژی / واتە: بە بۆنەی گەورەیی خانی خانانەوە، کە لەوێدا بەرەحەتی بژی پاش خۆێشی وەچەکانیش



خداوندا به فیض فخر عالم

روا دارش به محمودخان اعظم (١)

هزار و سیصد و یک گشته پایان

سرای جایگاهی شد نمایان(٢)

## «ساڵی بەفرەگەورە»

ساڵیک بەفری زۆر ئەبارێ و ریگاوبان هەموو دەگیرێ و ماڵە و ماڵ کردنیش زەحمەت ئەبێ. روو ئەکاتە دالانی و ئەڵێ:

واتم دالانی چەندی سالانی

سپیاو وەلاشەی ویتا مالانی

چەن چەرخان چەرخە جەدەستت شیەن

ئاتو سەمەرەی چی‌نەتە دیەن(٣)

واتش سالیان چوون سەقەر و توون

لزگەی ئاویرم یاوا وەگەردوون (۴)

---

١ - فخر = شانازی روادارش = پێی رەوا ببینە / واتە: پەروەردگارا بە بەرەکاتی فەخری عالەم رەوای ببینە بە مەحموودخانی گەورە.

٢ - گشتە = گەیشتووە، پایان = ئاخر / واتە: هەزاروسێ سەدویەک تەواو بووە.

٣ - دەستت = دەست، شیەن = چووە، سەمەرە لێ‌قەومانی سەیر / واتە ئا ئێستا زۆر چەرخی دەورانت لە دەست چووە، ئەرێ هێشتا سەمەرەی وات دیوە؟ .

۴ - واتش = وتی، چون = وەکو، سەقەر = جەحانم، توون = شیوە قوولەکانی جەحانم / واتە:

یــاگــەو بــڵێســەوگەرمیم دیــارەن

تــەماشا کــەرە نــەدوور پــێوارەن [١]

پاش بیستنی ئەم شیعرە دەمزانی مامۆستا لە خۆیەوە هیچ ناڵێ سەرێکی دالانی‌مدا بە سەرەنجەوە نەوەک لە پێشدا «بلێس گڕان»[٢] گرکان (آتش‌فشان) بـوبـێ، زۆر گەڕام دووجێگەم دۆزیەوە کە جێگای شکەو زۆر لەوە دەچێ بۆ چوونەکەم راست بێ داوام کرد لە کارناسان، بڕیاریاندا برۆن تماشای کەن

## مامۆستاو دەردی پیری

هەروەکو لە پێش دا وتمان مامۆستایەکێ لەو پیاوە لێ هاتووە زۆر خۆ راگرو هێقمانە بــووە دەردی پـیریشی زۆر چـێشـتووە. خـۆتـان چـاک دەزانـن ژیـری و زانـین لە (سەزدەمێ کدا) کە ناشوکری نەبێت خوێندەوارکەم بووە، چ دەردی سەریەک بووە و زاناکان لەوەها دەورەیەکدا چ دەردورەنجێکیان کێشاوە مامۆستایش هەر بەم دەردە گرفتار بووە. لە «دەگاشێخان» و «دزڵی» و «هانەی قوڵ »و «بانی شار» دا ژیاوە ئەم دێ بچوکانە بە داخەوە لە کاتی ژیانی مامۆستادا بە هۆی مەبوونی دەرامەتەوە لە بواری ژیاندار دەس کورت و ناتەوا بوون. ئەم ناتەواویە بووەتە هۆی ئـەوە کـە مـامۆسـتا

١ - یاگە = جێگە، نەدوور = لە دورەوە، پێوار = دیار / واتە: جێگای بڵێسەی گەرمییم دیارە، تەماشای کە لە دورەوە دەردەکەوێ.

٢ - بڵێس‌گڕان ئاتەش‌فشان ئەم وشە خۆمدام ناوە ئەگەر پەسەندە زۆرچـاکـە و ئـەگـەر نـە خەتێکی سوری بەسەردابێ نە.



نەتوانێ فەقێ و حوجرەی چاکی ببێ و خۆیشی برسی و نەدار بووە.

جا تەماشاکە ژیانێک بەم تایبەت مەندیانەوە، بۆ مامۆستا ئەبێ چۆن بووبێت!؟

ئەم تایبەت مەندیانە لەگەڵیدا ماونەتەوە تا پیری تا دەساڵەی ئاخری ژیانی. چونکو لاوو جوان بووە توانای جیسمی «لەشی» بووە و توانیویە خۆی راگرێ بـەلاّم لەم دەساڵەی دوای دا ئیتر وای لێها تووە باسی نەکەین چاکترە.

هەشتا ساڵ تەمەن، نەبوونی مناڵ، نەبوونی دەرامەت و سەرِوەت و سامان و نەداری بە جۆرێ سەری لێداوە کەئیتر هیزی لێ بڕیوە. توشی نەخۆشی لە بیرچوونەوە کە ئیستا پێ دەڵین ئالزای مێر بووە. پێم وایە گەیوەتەرادەیەک ئەم بارە وەهابە سەریەوە قورس بووە دەستی داوەتە ئیش و کارێ کە ئەبوانەی کردایە وەک و سوتاندی بڕێ لە شێعر و کتێبە دەس نوسەکانی لە جێگەی کاغەزی جگەرە. یان فرۆشتنیان لە بـەر نەبوونی چای و دو میتر جاوگ بۆکراس، وەرگرتنی جامە چێشتی ئێوارە بە ئیوارە لە ماڵی مەحموودخان بۆ ژیواری خۆی و پیرەژنەکەی.

ئەلێن جارێکیان لە پاش نیوەڕۆی ڕەمەزانێک لە مزگەوتا سەبیلی کێشـاوە. خـەڵک وتویانە مامۆستا چون ڕۆژ و ناگریت و قلیان ئەکێشی ڕۆژوەکەت ئەشکێ. فەرمویە ئەگەر قلیان قوتە و ئـەبێتـە هـۆی قـنیات واجـبە ئـەبێ بـیخۆم چـونکا پـارشێو و ئێوارەهیچمان نەبووە بیخۆم ئەگەر قووت نیە ڕۆژوو ناشکێنی بێجگە. لە مانەیش من ٨۴ ساڵمە و نەخۆشم ڕۆژ ووبۆ من واجب نیە. بیستوومە هەر لە م دەورەی ژیانیدا چەن پارچە شێعرێکی بۆ لای کەسانێ نوسیوە کـە هـەرگیز پـێش ئـەم دەورەنـەی دەنوسی و داواکاریەکی بووە کە هەگیز لە دەورانی‌تری ژیانیدانەیبوە.بەلاّم هەر پێ

کەنین لە سەر لێوی نەتاراوە. هیچکات ناشوکر نەبوە و لە پێکەنین نەکەوتووەو. جارێکیان زۆر پێ کەنیوە بە جۆری کەماوەیێک نەیتوانیوە هیچ بڵێ پاش هێدی بوونەوە لێیان پرسیوە ئەوە چی بوە.وتویە دانیشتم لەگەڵ خوا دا وت و وێژی فەرزیم کرد و قیامەتم هینایە بەر چاوو داوام کرد خواموحاکەمەم بکات. ماوەیەکی زۆرە موحاکەمە تەواوبو هیچ قەرزار نەبووم و باقی زۆریشم کەوتە سەرخوا لە خۆشیدا پێ ئەکەنم، ئیتر ئامادەم بۆ مەرگ. ئەمانە و چەن شتی‌تر مامۆستای سەرنژمار مامۆستا ئەول واحێد کە پیاوێکی زۆر قسەخۆش و بەدین بووگێراویەتەوە بۆ مامۆستا ئەول خالق ئەویش گێڕایویەتەوە بۆ مەلا رەئوفی برازای مامۆستا خوا هەمویان ببەخشێ جارێکیان لە وەرزی بەهار دا لە هەورامانەوە چەن خزمێکی مامۆستا دێن بۆ دیدار بینی مەلا ڕەئوف ئەڵێ ڕەنگەیەکێ لەوانە عەبدوڵا بەگی شاعێر یاگەورە پیاوێکی وەکو شێخ فەتاحی (فانی) شاعێر بوو بێ مامۆستایش زۆر نەدار و بێ‌عەنوا بووە.ئێوارە دۆخەوای نینۆڕیان ئەبێ ئیتر نازانم نانی بەڕویان دێمیلەیان بوو بێ. و دۆخەواکە دادەنێ شتێک ئەکەوێتەبەردیانیان وردەوچاک ناجاویەت. سەریان سۆر ئەمێنی و ئەپرسن ئەمە چیە؟ مامۆستا ئەڵێ ماڵی ئیمە دوکەڵی زۆرە چەن مەشکەیان هیناوە بۆ دوکەڵ گرتن. یەکێ لە مەشکەکان هینی ماڵی حەمە سدیقی قوتابییم بوو داوام کرد بیدەن پێمان. ئەوانیش وتیان باشە. چاک شۆردمە وە و ورد و رد جنیم و پاشان بەتەشۆی وردترم کردو وەکو گۆشتی کوتراوم لێ کرد وکردمە ناو دۆخەواکە بۆ تامی. ماوەیەکی زۆرە گۆشتمان نەدیوە و ئێوەیش میوانی خۆشەویستن و خۆ نابێ بێ گۆشت بن. ئەوانیش ئەڵێن تا ئیستە ئێمە نەماندیوە مەشکە و پێستە



بخورێت. ئەڵێ دەجارتان خواردوە ئەوەتە لە سەرو پێ دا پێستی مەڕ و بزن هی سەرەکەی و قاچەکانی پاک دەکرێ بۆ سەرو پێ و ئەخورێ. باقیەکەیشی ئەبێ بە مەشکە. هەر ئەم مەشکە خواردنە ئەڵێ لە بەر ناچاری سونەتی یارەکانی پێغەمبەرە(ص) کە لە شەعبی ئەبی تالبدا. جاکاکە فەرمون قۆڵی لێ هەڵماڵن و تێر بخۆن مەلا رئوف ئەڵی پێم وایە ئەم نوکتە هاوەڵە نزیکەکانی بۆیالن دروس کرد بێ یا خۆی لە بەر مەبەستیک ئیشیکێ وای کرد بێ.

## «ئۆسا حەبیب و ئۆسا رەسووڵ»

مامۆستا هەر وەک وتمان هاوەڵەکانی لە بیر نەچوەتەوە لە کاتێکا لە سەر چەن هۆیەکی تایبەت لە دزڵییەوە چووەتە «هانەی قوڵ» و «بانی شار» لە هەورامانی ئەو دیو نامەیەک بۆ دوو هاواڵی خۆی «ئوسا حەبیب» و «ئوسا رەسوول» دەنووسێ. بەبیانووی داواکردنی رۆن باسی ستەمی سپای رەزاشا دەکا و ئەڵێ: هەرچەن دەزانم ئێستە وەکو هاڕیە هەمووشتیان خۆاردووە ستەمیان لەو پەڕی بێ‌رەحمی‌دا لەو خەڵکە کردووە. پاشان دوعا ئەکا و ئەڵێ: خۆاکەی ئێمە سەرووەرێکمان بۆ دەنێرێ سەرووەرێک وا بکا سپا زۆر وێژەکەی رەزاشا لە ناوبەری هەر لە هەمەدان قاچیان بشکێنێ بیانکا بە عیبرەت و رووڕەشی مێژووِ رژیمی پیسی شای مان لە کۆڵ بخا پاشان ئەڵێ: ئەمانە سەگ و چەقەڵن. سەگ هەم قولی پیاو دەگرێ و هەم پاس دەکا بۆ بەرژەوندی خاوەنی چەقەڵیش بە دزییەوە شەوانە لە خەڵکی زەرەر

دەدا. ئەمەش شیعرەکە:

**ئەی ئۆسا رەسووڵ ئەی ئۆسا حەبیب**
هەر دوو وەفادار برالای نەجیب(١)
سەلامو عەلەیک جەدوور ولاتا
حاڵ پەرسا و دۆعا هەم مەرحەباتا(٢)
کوا مەرحەمەت هەردە جارانتان
مەرحەبای سبح و ئێوارانتان (٣)
کەوتە نۆ دڵم ئارەزووی وەتەن
تافگەش وە ناو خاک سورمەی چەمەن(٤)
دەروونم بیەن وەتافی ئەزمەر
ئای پەری نالەی تافی بەختەمەر(٥)

١ - **براله** = برا، بۆ خۆشەویستی بەکاردێ / واتە: هەردووە فادار و برا نەجیبەکانم.
٢ - **جە دوور** = لە دوور، پەرسا = پرسین / واتە: سلاوتان لێ بێ لە دوور ولاتەوە، حاڵ **پرسی**تان و هەم مەرحەباتان دەکەم.
٣ - **هەردەجاران** = جارانی پێشوو، سبح= بەیانی، کوا مەرحەبایی بەیانی و ئێوارانتان .
٤ - **تاڤگە** = ئابشار = بل، وناو = خۆێناو، سورمە = کلە، چەم = چاو / واتە: کەوتوەتەوە دلم **ئارەزووی** وەتەن، (بلی) خۆنیاوە خاکی کلەی چاوە.
٥ - **ئەزمڕ** کیویکەلای سولەیمانی، بەختەمەڕ شیویکی زۆر خۆشە لە دزلیدا. لە بەهاراندا **ئاوێکی** زۆر خۆشی هەیە وەکوو تاڤگە بە شیوەکەدادێت / واتە: دەروونم بۆەتە تاڤگەی ئەزمڕ، **ئاخ بۆ هاواری تاڤگەی** بەختەمەر. بۆ ئاگاداری **ئەم** سالی ١٣٧٩ و پارەکەش لە بەر نەبونی باران



ئەر قەسمەت نەبۆ وێتا سلامەت
شمە وەشتا بۆ وەبێ مەلامەت(١)
وەتلە وکۆلارە و هەم سپی کەمەر
ئاخۆ گیواوش سەر ناردە بۆ بەر؟(٢)
هەرچێوەت کەردەن دیناری روەن
هەر بە گۆترە نەک بە سەنگ و مەن(٣)
زەحمەت بکێشە بکیانە پەرێم
با منیچ دڵم نەمەنو پەی وێم(٤)

و وشکە سالی بەختەمەر و چەموکانیاوە جوانەکان هەموو وشک بون زۆر لە باخە جوانەکانی هەورامان و باقی ولا ت وشک بو خەسارەتیکی زۆر لەو باخدارەکان و فەلاکان کەوت.
١ - قسمەت = نەسیب، وێتا = خۆتان، شمە = ئێوە، وەشتابۆ = خۆشتان بێ / واتە: ئەگەر بە نەسیبی من نەبۆ خۆتان خۆش بن، ئیوە خۆشتان بێ بەبێ لۆمە کردن ڕای بویرن.
٢ - وتلە، کۆلارە، سپی کەمەر، هەر سیانیان ناوی کێوەکانی دزلین / واتە: کێوەکانی وتلە و کۆلارە و سپی کەمەر، ئاخو گیایان سەری دەرهێنابێ.
٣ - کەردە =کردوە، دینار = واحدی، ئەنازە گرتن بووە بۆ شت کیشان / واتە: هەر جۆرت کردووە وەزنی دیناریێ رۆن هەروا بی کێشانە مەکێشە باگۆترە بێ بەسەنگ و مەن نەبێ.
٤ - بکیانە = بنێرە، پەرێم = بۆ من، نەمەنۆ = نەمێنێ، پەی وێم = بۆ خۆم / واتە: زەحمەت بکێشە بینێرە بۆم، **با منیش دلم بۆ خۆم دانەمێنێ.**

و زۆنە یانە بۆی عەتر و عەبیر
تا هەورامانم مەن نەشۆ نەویر[1]

هەرچەن مەزانوو رەزاخانیا
جەوشک و جەتەڕ ئباشا نیا[2]

هەر پێسە سپای یەئجووج و مەئجووج
سیاو زەڕتاڵ هەلووع و لەجووج[3]

ئاخر کام قانوون، کام شەرع و کام حەق
سەر حەد ما مارا و گیرامانە شەق[4]

---

١ - وزونە = بخا، یانە = ماڵ، نەشۆ = نەچێ، نەویر = لە بیر / واتە: بخاتە ماڵ بۆی عەتر و عەبیر، تا هەورامانم لە بیر نەچێتەوە.
٢ - واتە: هەرچەن دەزانم سپاکەی رەزاخان لە وشک و لە تەڕ خۆ لانادەن (مەبەستی سپاکەی سەرهەنگ مەحمود خانی ئەمینی بۆو کە هاتووە دزلی داگیر کردووە. چ لە دزلیدا و چ لە جێگاکانی تردا خەڵکی خستبووە تەنگانە و هەرچی شتی خەڵک بووە هەموی داگیر کردبوو. تەنانەت گەنم و جۆ و دانە وێڵەی ناوماڵی خەڵکیان ئەبرد. بە هێسر و وڵاخی خەڵک باریان گۆیزاوە تەوە. حەیوانی خەڵکیان سەربڕیوە و خواردوویانە و لە زۆر جیگادا هێسریان کردوە تە مزگەوتەکانەوە.
٣ - پیسە = وەکوو، سیاو = رەش، یەئجوج و مەئجوج گیانداریکن لە سەر زەوی فەساد ئەکەن، لەجوج = لاسار / واتە: هەر وەکوو سوپای یەئجووج و مەئجووج وان، رەش و ناشیرین و تێرنەخۆر و یەک دەندە و ناحاڵین.
٤ - واتە ئاخر بە کام شەرع و قانوون سنوورمان ئەشکێنن و ئەماندەنە بەر شەق.



مەر ئێمە ملمێ هەتا هەمەدان
یا زوڵمێ کەرمێ جە خەڵکی تاران[1]

وەسەن تەجاوەز، وەسەن تەعەددا
لەحنەت تا وەنە، لەحنەتی خوا[2]

پێسە هاڕیە دنیاشا هارا
مەرز و حورمەت و ئیمەشا مارا[3]

چەن ساڵا سینەو ئێمە سپەرا
راوە ووعەربۆو تورکمانە وەرا[4]

---

١ - ملمێ = ئەچین،، کەرمێ = ئەکەین / واتە: مەگەر ئێمە ئەچین تا هەمەدان، یا ستەمێ ئەکەین لە خەڵکی تاران.
٢ - وەسەن= بەسە، تەعەددا = دەس درێژی / واتە: بەسە تەجاوەز و دەس دریژی، لەحنەتی خۆاتان لێ بێ.
٣ - هاڕیە = گیانداریکە کە دەکە وێتە گیانی مەزرا وەکوو نۆک و خەیار و شووتی و کاڵە ک هەمووی دەخوا، پیسە = وەکوو، هاڕا = هاڕی، مەرز = سنوور / واتە، وەکوو هاڕیە دنیایا هاڕی،سنووری حورمەتی ئێمەیان شکاند.
٤ - هێمای = هێشتا، وەرا = لەبەرە / واتە: چەن ساڵە کە سینگی ئێمە سپەرە، هێشـ راوەعارەبۆو تورکمان وەکووە دەرس لە بەرە (لەوانەیە مەبەستی ماموستا لە تورک تورکان عوسمانی بێ).

زـــە یـانە بـۆی عـەتر و عـەبیر

تـا هـەورامـانم مـن نـەشۆ نـەویر(۱)

ـەرچـــەن مـــەزانـــوو ڕەزاخـــانیا

جـــەوشک و جـــەتەڕ ئـباشا نـیا(۲)

پێسە سپای یـەئجووج و مـەئجووج

سـیاو زەڕتـاڵ هـەلووع و لەجـووج(۳)

کام قانوون، کام شەرع و کـام حـەق

سەر حـەد مـا مـارا و گـیرامـانە شـەق(۴)

---

وزونە = بخا، یانە = ماڵ، نەشۆ = نەچێ، نەویر = لە بیر / واتە: بخاتە ماڵ بۆی عەتر و
، تا هەورامانم لە بیر نەچێتەوە.

واتە: هەرچەن دەزانم سپاکەی ڕەزاخان لە وشک و لە تەڕ خۆ لانادەن (مەبەستی سپاکەی
ەنگ مەحمود خانی ئەمینی بۆ کە هاتووە دزلی داگیر کردووە. چ لە دزلیدا و چ لە
کانی تردا خەلکی خستبووە تەنگانە و هەرچی شتی خەلک بووە هەموی داگیر کردبۆو.
ت گەنم و جۆ و دانە وێڵەی ناومالی خەڵکیان ئەبرد. بە هێسر و وڵاخی خەلک باریان
وە تەوە. حەیوانی خەلکیان سەربڕیوە و خواردوویانە و لە زۆر جێگادا هێسریان کردوە تە
تەکانەوە.

پیسە = وەکوو، سیاو = ڕەش، یەئجوج و مەئجوج گیاندارێکن لە سەر زەوی فەساد
، لەجوج = لاسار / واتە: هەر وەکوو سوپای یەئجووج و مەئجووج وان، ڕەش و ناشیرین
ەخۆر و یەک دەندە و ناحاڵین.

واتە ئاخر بە کام شەرع و قانوون سنوورمان ئەشکێنن و ئەماڵدەنە بەر شەق.



مـــەر ئـێمـــە مـلمێ هـەتا هـەمەدان

یا زوڵمێ کەرمێ جـە خـەڵکـی تـاران(۱)

وەســـەن تـەجاوەز، وەســەن تـەعەددا

لەحـــنەت تـا وەنـە، لەحـنەتی خـوا(۲)

پـــێســـە هـــارپـــە دنـیاشا هـارا

مـەرز و حـورمەت و ئـیمەشا مـارا(۳)

چـــەن ســاڵ ســینەو ئـێمــە سـپەرا

راوە ووعـــەربۆو تـــورکمانە وەرا(۴)

---

۱ - ملمێ = ئەچین،، کەرمێ = ئەکەین / واتە: مەگەر ئێمە ئەچین تا هەمەدان، یا ستەمێ ئەکەین لە خەلکی تاران.

۲ - وەسەن= بەسە، تەعەددا = دەس درێژی / واتە: بەسە تەجاوەز و دەس دریژی، لەحنەتی خواتان لێ بێ.

۳ - هارپە = گیاندارێکە کە دەکە وێتە گیانی مەزرا وەکوو نۆک و خەیار و شووتی و کاڵەک هەمووی دەخوا، پێسە = وەکوو، هارا = هاری، مەرز = سنوور / واتە، وەکوو هارپە دنیایان هاری،سنووری حورمەتی ئێمەیان شکاند.

۴ - هێمای = هێشتا، وەرا = لەبەرە / واتە: چەن ساڵە کە سینگی ئێمە سپەرە، هێشتا راوەعارەبۆو تورکمان وەکووە دەرس لە بەرە (لەوانەیە مەبەستی مامۆستا لە تورک تورکانی عوسمانی بێ).

ئــێمــە کــەردەنما جــەنگ و دەوڵەتــا
چــێش شــا گــەرەکــائی بـیٚ وڵەتـا؟[١]

ســـاخوٚا تـــاکـــەی ئـــی وەڵاتــمانە
یـــاگـــەو ســتەم و ئــی زاڵمــانە؟[٢]

فـەسادشا و سـتەن نـەڕووی سـەربیسات
بەش بـاوە عـیبرەت رووسـیای وڵات[٣]

کــەی ســەرداریٚ بــیٚ سـەروەری بـارۆ
هــەر جــە هـەمەدان قـولێشا مـاڕۆ؟[٤]

خـــــیگە کـــــەرە وەڕوەن کــــیانە
چـــەقەڵ و تـــووتە نـــەبا بـــەهانە[٥]

١ - چیش شاگەرەکا، چیان ئەویٚ بـێوڵەت = خـۆێرِی = بـی وڵات = لات / واتـە: ئـێمـە کردومانە شەڕەدەولەتان (ئیمە بەرمان بەعاربۆ توورک گرتووە) چیٚ‌یان ئەویٚ ئەم بیٚ ولەتانە.
٢ - یاگە = جێگە، زاڵم = چەوسێنەر / واتە: ساخوٚا تاکەی ئەم وڵاتەمان جێگای ستەمی ئەم چەوسێنەرانەیە؟.
٣ - فەساد = ئیشی خراپ، وستەن = خستووە، بەش = بەڵکوو / واتە: خـراپ و پـیسییان خستوەتە روی زەوی، بەلکو ببن بەپەن و سەمەرە و روورەشی وڵات.
٤ - سەروەری = گەورەیی، ماڕو = بشکێنی / واتە: کەی سەرۆکی بیٚ گەورەیی بێنیٚ، هەر لە هەمەداندا قاچیان بشکێنیٚ.
٥ - خیگە = لە پێستی حەیوان دروست ئەکریٚ بۆ جێگەی رۆن، تـووتە = سـەگ / واتـە: دەرگای خیگە بکەرەوە رۆن بنێرە، چەقەڵ و سەگ نەبنە بیانوو.



ئـــیتر عـــەزیزم مـــن واز نـــمارو
پـــەی ئـــامای روەن، ڕوەمــژمارۆ[١]

## وەڵامی ئۆسا رەسوڵ

پێم وایە ئۆسا رەسووڵ خۆی دەچێتە خزمەتی مامۆستا و دەڵێ: من نازانم وەکوو تۆ شێعر بڵێم، بەیتی یەک و بەیتی هەشتی بۆ دەخوێنێتەوە، مامۆستایش لە زمانی ئەوەوە باقیەکەی تەواو ئەکا. رەنگە جێگە خاڵیەکە لە بەیتی چواردا رەزاشا بیٚ.

هــۆرزە بـۆرەوە فـەرموودەی شـێخـەن
بڕیەی ئا شیخی هەر پێسە تـێخـەن[٢]

ئــێســتە بـانی شار خـەرەنگ ومـەشا
دزڵیــە ئــێســاڵ وەهــارش وەشــا[٣]

١ - واز نمارو = واز ناهینم، رو = رۆژمژمارو= دەژمیرم / واتە: ئیتر خۆشـەویستم مـن واز ناهێنم بۆ هاتنی رۆن من رۆژ ئەژمێرم.
٢ - مەبەست خۆالیٚ خۆشبوو شێخ حسیامەدین بووە، هورزە = هەڵسـە، بـۆرەوە = وەرەوە، پێسە = وەکوو / واتە: هەستە وەرەوە فەرموودەی شێخە، ئەو شێخە هەر وەکوو تێغ دەبڕێ.
٣ - بانی شار = دێیەکە لە بناری شارەزوور، خەرەنگ = کوڵ کراوەی خەرنگەزەیە، مەش = مێش واتە: ئێسە بانی شار پڕە لە خەرەنگەزە و مێش بەڵام دزڵی ئەمساڵ بەهاری خۆشە.

سەروازە لاتە کەردش یانەرە
خیگەش هاڵی کەرد، هەڕەم سەرەرە(١)
رۆن نەمەنەن بێ دەردی سەری
قنگەو ( )یش پەنە چەرب کەری(٢)
نیزامی ئامی کەردشا یانەرە
خیگەشا گووشا داشا چەمچەرە(٣)
ئاخر بێچارە کلۆڵ نگوون بەخت
پێسە تەوەن و رۆخانەی سەر سەخت(٤)
ئاچی تاڵانە و ئاچی زەرەرە
مەر تۆ هەر هەڕە کەری سەرەرە(٥)

---

١ - کەردش =کردی، یانە = ماڵ، هاڵی = خاڵی، هەڕ = قوڕ / واتە: سەربازە لاتە کردی بە ماڵا قوڕم بەسەر خیگەیان خاڵی کرد.
٢ - پەنە = پێ / واتە: بێ دەردی سەری پێت بڵێم رۆن نەماوە (نەیان هێشتوەتەوە) قینگی...پێ چەور کەی.
٣ - ماوەزا باخێکی خۆشە. هاوینە هەواری مەحموود خانە و ئەڵێن ماوەیەک شێخی نەمر شێخ مەحموود لەوێ بووە، ئەویش لە دزلیدایە.
٤ - نگوون = سەرەو ژێر بۆو =گوم بۆو، پێسە = وەکوو، تەوەن = بەرد / واتە: ئاخر بێچارەی کلۆڵی بەدبەخت کە وەکوو بەردی ناو چەم سەرسەختی.
٥ - ئاچی = ئالەم / واتە: ئا لەم تاڵان ولەم زەرەرە مەگەر تۆ قور بەسەردا بکەی.



هورزە بۆرێوە نەمەنەن وەرشۆ
مەواچە ئیتر ولاخ بەر مەشۆ(١)
ساتو پەروەردەی هەوای کەشوکۆ
گیانە تۆ چکۆ شارەزوور چکۆ؟(٢)
دۆعایێ کەروو بەشکا بۆ قەبووڵ
ئینە بژنەوە خوا جە رەسووڵ(٣)
وەعدە و خوایا زاڵم سەرنگوون
ئی داگیر کەرا، گنا تو ناو توون(٤)

---

١ - بورێوە = بێرەوە، نەمەنەن = نەماوە، مەواچە = مەڵێ، بەر مەشۆ = دەرناچێ / واتە: هەستە وەرەوە بە بەریەوە نەماوە، ئیتر مەڵێ ولاخ دەرناچێ..
٢ - کە شوکۆ = کەشوکێو، چکۆ = لە کوێ، شارەزوور = دەشتێکی زۆر گەورەو جوانە لە کوردستانی ئەودیو / واتە: ئاخر تۆ لە هەوای کەش و کێودا پێ گەیشتووی، تۆ لە کوێ و شارەزوور لە کوێ (شارەزوور گەرمە).
٣ - بەشکا = بەڵکو: قەبووڵ =گیرا، ئینە - ئەمە / واتە: دوعایەک ئەکەم بەڵکوو گیرابێ،ئەمەبییسە خوایالە رەسول مەبەست ئوسارەسوڵ یارەسول، حەزرەتی مەحەممەدە دروودی خوای لێ بێ.
٤ - وەعدە = بەڵێن سەرنگون = سەرەوخوار / واتە: خوایە چەوسێنەر سەر و ژێربکەی و ئەم داگیر کەرانە تونا و توون کەون.

دەس جە ئازار و ئێمە بکێشا

یا خۆ گێلاوە وەلاتو وێشا[(١)]

وەرنە تا زاڵم پێسە هور پاچۆ

مەعلوومەن مەزڵووم هەر پێسە ماچۆ[(٢)]

## بیری دزڵی دەکاتەوە

ئەم پارچە شێعرە ناتەواوە کە بە زمانی هەردەکانی دزڵییەوە و توویە، دیارە لە «بانی شارە» وە بێتاقەتی دزڵی بووە دەوری هەردەکانی دەکاتەوە و ناویان دەبا و بیریان دەکاتەوە ئەڵێ:

جاسوسگای چڕیش ئەو رووبە دۆڵە

بوٚرە تەماشای زەوقی سیاوکۆڵە[(٣)]

١ - بکێشا = بکیشن / واتە: دەس لەئازاری ئێمە بکیشن، یا خۆبگەڕێنەوە ولاتی خۆیان.
٢ - پێسە = وەکو، هورپاچو = هەڵپاچێ / واتە: وەگەرنە هەتا زالم وەها بکوژوبڕبکا، ئاشکرایە چەو ساوە هەروا دەڵێ.
٣ - واتە: جاسوسگا بانگی کردروو بە دۆڵ، وەرە تەماشای کەیفی سیاو کۆلە بکە. سیاو کۆلە جیگایە کە لە دزلیدا ماوەیەک سەردای نەمری کورد شێخ مەحموود لەپەنای خانی دزلیدا بووە لە نووسراوی «چیم دی»دا ئەحمەد خۆاجە باسی سیاوکۆڵە دەکاو لە قارەمانی و پیاوەتی مەحموود خانی دزلی دەدوێ کە چۆن خۆی وەکوو سەربازێکی بەردەست شێخی نەمرزانیوە و ئەو دۆسایەتی لە نێوان شێخ و مەحموود خاناوایی کردووە کەمەحمود خان ئاوەها ناوی وەکوو قارەمانێک لە مێژوودا بمێنیتەوە خوا هەردوکیان پاداش بداتەوە.



جەنشینگاکەی لالۆ ئاغەبرا

ئابۆ نیشەرە ئای تازە برا[(١)]

رازی من ئینەن پەیت کەروو بەیان

دەردەدار ئاما دەردش کەرد عەیان[(٢)]

هەوام پەی مەڵهەم برین و زامان

بۆی گوڵە چنوور دوکتوری چەمان[(٣)]

پەروەردەی سینەم ریشەو ریواوی

سەر ئێشە و کۆلنج، کەرا تەدوای[(٤)]

١ - نیشن گا = جیگای دانیشتن، ئابو نیشەرە = وەرەدانیشە / واتە: لە جیگا دانیشتنەکەی خالۆ ئاغەبرا، وەرە دانیشە ئای تازەبرا.
٢ - راز = نهێنی، ئینە = ئەم، پەیت = بۆت / واتە: ئەم رازە نهێنییەت بۆ باس کەم، دەردەداریک هاتووە دەردەکەی بۆ روون بکەرەوە.
٣ - چنوور گیایەکە بۆنی خۆشە ویشک دەکرێ بۆ ئالفی ئاژاڵ، پەی = بۆ / : هەوام بۆ مەڵهەمی برین و زام دەبێ -(واتە هەوام وەکوو مەلهەم دەوای دەردە) بۆی گولی چنوور پزشکی چاوە.
٤ - ریواو = رێواس = ریشەی ریواس بۆ زۆر نەخۆشین بەکار دەهێنرێ و بە تایبەت تەوژمی خوێن. لە پێشدا نەخۆشی تەوژمی خوین نەناسرابۆو سەرئیشە وشان و مل ئێشە بە کۆلنج دەزانراو ریشەی رێواسیان بەکار دەهێنا، کەرا = دەکەن / واتە: ئەوەی لە سینەی من بەخێو بووە، ریشەی رێواسە، سەر ئیشەو کولنج دەرمان دەکەن.

زلفـــانم گـــیواو دەرمـــانو دەردا

ئیسته رووت مەر هەڕ کەرو وەسەردا(١)

واچـه چـێش کـەرو ئـیسه بـەد بـەختم

کێ بۆ بۆ کـەرۆ بـەرزه لنگ سـەختم(٢)

یـەکـاری خـوّان بـی قـیمەت کـەوتم

ئەڵبەت چاره رەش یـاخۆ بـەدبەختم(٣)

## لەشێعرێکی تردا بیری دزڵی دەکاتەوە

سـلاّم کـۆسـاری جـوان و شـیرینم

بـوارو نـەچەم سـەیلی ئـەسرینم(٤)

---

١ - گیواو =گیا، کەرو = بکەم، هەڕ = قوڕ / واته: قژەکانم ئەوگیایانەن که دەرمانی دەردەکانن، ئێسته رووت بۆوم مەگەر بۆ داپۆشینی سەرم قوڕ بەسەردا کەم.

٢ - چێش کەرو = چی بکەم / واته: بڵێ چی بکەم که ئیسته بەدبەختم، کی بۆنی بەرزەلنگی چیا سەختەکانم بکا.

٣ - بێ قیمەت = بی بایی / واته: ئیشی خوایه که بی بایی داکەوتوم، وادیاره چاره رەش یا بەدبەختم.

٤ - بۆارو = بباریٚ، سەیل = لافاو، ئەسرین = فرمێسک / واته: بباری له چاوەکانم لافاوی فرمێسک.



سـلاّم بـه چـین چـین گـوراڵانـی سـوور

مەر به خاو کەرۆ بۆی شەوبۆ و چنوور(١)

رۆجـیار بـازش دا ئـەو بـازی بـەران

یـاران دزڵی یـادمان مـەکـەران(٢)

دەروونـم بـیەن سـاجه مـاسۆڵه

ئـا بـاخه تـازه هـانه کـەرمۆڵه(٣)

ئـا بـاخه تـازه خـەزانش کـەردەن

یا ئیمساڵ ئـاوش نـەوشیروان وەردەن(٤)

بـەسەرگەردت بـام بـاخی دێوانـه

مـەدیونه دزڵی یـانه بـەیانه(٥)

---

١ -گوراڵان = گوڵاڵان / واته: سڵاو به چین چین گوڵاڵه سوورەکان، مەگەر له خەودا بکەم بۆنی شەوبۆو چنوور.

٢ - بازیبەران = جێگایەکە له دزڵیدا، مەکەران = دەکەن / واته: خۆرەتاو بازی برد چوو هەتا بازی بەران، دۆسەکانمان له دزڵیدا بیرمان ئەکەنەوە.

٣ - دەروون = ناوسک، هانه کەرمۆڵه = کانیه کەرمۆڵه / واته: ناوسکم وەکوو ساجه ماسۆڵەی لێ هاتووه (وەها سفت بۆوتەوە) بۆ باخه تازەکەی هانه کەرمۆڵه.

٤ - خەزان = گەڵارێزان، کەردەن = کردووه، نەوشیروان = جێگایەکە له دزڵیدا، وەردەن = خۆاردووه/ واته: ئەو باخه تازه گەڵارێزانی کردووه، یا له ئاوی نەوشیروانی خۆاردوەتەوە.

٥ - مەدیۆنه = دەڕوانێ، یانه به یانه = ماڵ به ماڵ/ واته، به سەر گەردت بم باخی دێوانه، که دەڕوانیته دزڵی ماڵ به ماڵ.

وەشــەن گــورالآن خـەیمەی ئـا خـیابان

نـاڵەی بـەختەمەر جـەلای ئـەسحابان[١]

وڵ کـــەردەن بـــەنا چـــووزە کـڵێڵە

پـۆیـــنەی پـای شـەتاوە نـە دەرە [٢]

وەرکەمەر، چنوور، سوور هـەراڵ، شـەوبۆ

هەرکام بـە جـۆرێ مـەدیانی پـەی یـۆ[٣]

پـــیچک لوول واردەن نـــەپای تـاشەدا

بـــەرەزا پـەخشەن وەلای شـاخەدا[٤]

---

١ - وەشەن = خۆشە، خەیمە = دەوار، بەختەمەر = ئاوێکی بەهاری‌یە کە دێتە خـوارەوە لە پەنای دزڵی‌یەوە و دەچێتە سەر ئاوی دەربەنەکەی دزڵی، لەبەهارانا سەیرانگایەکی زۆر خۆشە / واتە: خۆشە گولاڵە بۆوتە دەواری رێگە تەختەکان، هەواری بەختەمەر لێرە لای ئەسحابانە.

٢ - وڵ = کون، کڵێڵە = بەفری لە سەریەک نیشتوو، دەرە = جێگایەکە لە دزڵیدا / واتە: چووزەی مەنێ کڵێڵە بەفری کون کردووە، پونگەی قەراخ شەتاو لە دەرە داچوزەی کیشاوە.

٣ - وەرکەمەر = گیایەکی بۆن خۆشە کە لە بەرزەوە دەردێ، سوورە هەڵالە شەوبۆ لە گولە بۆن خۆشەکانی کۆیسانن، مەدیانی = دەڕوانن، پەی‌یۆ = بویەکترین / واتە: هەرکامیان بە جۆرێ ئەڕوانن بۆ یەکتر.

٤ - لول وەردەن = لوولی خۆاردووە / واتە: پیچک لوولی خۆاردەو لە پێی شەتاودا بـەڕەزا پەخشە بەلای شاخەکاندا.



ئــەجیام دەمـــاو مـــن کـەرەس مـەوەران

دەمـــاو مـــن قـەزوان کـەوە مـەکـەران[١]

هــەورامـــان خـــاکت، تـەلاّن، گـەوهەرە

دزڵی دڵگـــیریت، جـــەحەد بـــەدەرە[٢]

(چەن بەیت لێرەدا نەماوە)

واچـــە پـــاخەڵکـــی هـــانایی بـــەرا

بەشکەم جـە دزڵی حـەشرەما کـەرا[٣]

پـــێوە بـــە جـــارێ بـلمێرە بـەهەشت

بلمێ سەیرانە ووەشی وگێڵو گەشت[٤]

---

١ - ئەجیام = وام دەزانی، کەرەس = گیایەکی کوێستانیە / واتە: وام دەزانی دوای من کەرەس ناخۆن خۆشەویستی من لاتان زۆرە، تەنانەت دەوای من سروشت ماوە نادا قەزوان شین ببێ یادی بەخێر بێ مەولەوی نەمریش لە شینی ئەحمەد بەگی کۆماسیدا ئەڵێ: مەشنیە چین چین چنور نەکاوان، تۆ خۆا ماتەم بە هاژەی وەرواوان (واتە: دوای ئەم دۆسەم چنوور مەڕوێ هاژەی بە فراوان لەدەنگ بکەوە یانی سروشت کاری ئاسیایی خۆی نەکا.

٢ - دێتە تاریفی هەورامان و دەڵێ هەورامان خاکت تەلایە، گەوهەرە، لە هەورامانیشدا دزڵی جیا دەکاتەوە و دەڵێ دڵگیری دزڵی لە حەد بەدەرە.

٣ - واچە = بڵێ، هانای = هاواری، جە دزڵی = لە دزڵی / واتە: بڵێ بەو خـەڵکـی دزڵی‌یـە هاوارێ بکەن بپاڕێنەوە، بەڵکوو لە دزڵیشدا حەشرمان بکەن.

٤ - پێوە = بەیەکەوە (بلمێ = بڕوین)، وەشی = خۆشی / واتە: پێکـەوە بـە تـێکـڕا بـچینە بەهەشت، بڕۆینە سەیران و خۆشی و گەڕان.

## ئەمەک ناسی و دۆستی و سەخاوەتی

ماموستا زۆر سەخی بووە، ماڵی دنیای کۆ نەکروەتەوە ئەڵێ: ماڵی گەورە و رازاوەو خوانی رەنگاو رەنگم زۆر دیوە، هیچ ماڵ و خوانێ خۆشتر لە هۆدەیەک نیە بە پێکەنینەوە دۆخەوایەکی نینۆری تێدا بخورێ. هەمیشە پی خۆشبووە لە گەڵ هەژاردانیشێ. ئەگەر نەدارێکی دیبێ یارمەتی داوەو پێی خۆشبووە بۆ هەواڵەکانی نامە زۆر بنووسێ و زۆر جار نامەی نەگەیشتووە، نامەیەکی تری نووسیوە. لە ناو دێدا هاوڕیش سپی‌یەکانی زۆر بە سەر کردوەتەوە. چوەتە ناو باخ بوڵایان، لە ماڵەوە سەری لێ داون. زۆر جار کاسەی چێشت یا دەوری‌یە یاپراخی بە دەستەوە گرتووە، چووتە ماڵی یەکێ لە خۆشەویستانی و توویە: «بۆبا چاشتی وەرمێ» واتە «وەرە با چێشت بخوێن» پێی وابووە هەر خواردنێک لەگەڵ پێکەنیندا نەبێ ئەبێتە بار بەسەر لە شەوە. ئەڵێ: ئەگەر خواردن بە پێکەنینەوە بخورێ هەمووکەس پتر لە سەدو پەنجا ساڵ دەژی هیچ نەخۆشینێ لە بەرابەر پێکەنینەوە خۆی ناگرێ جگە لە رووخۆشی قسەخۆشی هەتا بڵێی پیاوێکی دەس و دڵباز بووە هەرچەند بەتەواوی بەسەرهاتی تۆمار نەکراوە زۆر شتی سەیری گێڕاوەتەوە. لەوانە، لەو کاتەدا کە لە دێی «دولکانە» بووە دوو رۆژ هیچیان نەبووە بیخۆن یەک دەنک کەشکیان دەس کەوتووە بەڵام چۆنی بەش کەن لەبەینی پێنج فەقێدا؟ رایان دیتە سەر ئەوەکە هەر کەس تۆزێک بیمژێ. ئەڵێ: من بەشەمهنەکەی خۆمدا بە



مجێورەکەی مزگەوت. ئەفەرمێ دڵیشم نەدەهات دێکە بەجێ بێڵم بچمە شوێنێکی تر چونکا مامۆستاکەم زۆر خوێندەوار بوو دەرسەکەی چاک دەزانیم. ئەڵێ: جارێکی تر رێگەی هاتنەوەمدا بۆ هەورامان لە دێیەکی سەر شیوەی سەقز شەو مامەوە چوومە ماڵێکی فەقیرانە. ئێوارە هەر تامەیەر بووم نان بێنن بەڵام هیچ نەبوو. بەیانی ئاگادار بووم خۆیشیان هیچ نەبووە بیخۆن خێرا چووم بۆلای مەلای دێکە، وتم چەن کتێبم هەیە کە خۆم نووسیومەتەوە ئەمەوێ بیان فرۆشم. مامۆستا وتی بەداخەوە من هیچ شک نابەم بەڵام خانێکی خوێنەوارمان هەیە. بچۆ بەڵکوو ئەولێت بکرێ. چوومەلای خان ووتم ئەمەوێ ئەم کتێبانەم بفرۆشم. وتی بۆچی؟ وتم پارەکەیم لازمە. زۆری گیردام. وتی بۆ چیتە پێم بڵێ. ناچار باسی ئەو ماڵەم بۆ کرد کە هیچیان نیە خوا هەقە خێرا ئارد و چێشتە - کوڵێن و برێ شتی‌تری دامێ بردم بۆیان و کتێبەکانیشی وەرنەگرت. کەبیرم کردەوە مەلاکەش هیچی نیە چووم بۆ لای وتم مامۆستا من لە خوێندن دەس هەڵ ئەگرم ئەم کتێبانەم پێویست نیە بۆ تۆ بیانبە بیانفرۆشە. و خۆم بەدەستی خاڵی هاتمەوە. ئێستەش کە بیر ئەکەمەوە چەندە شەونخوونیم کێشاوە، چەند زەحمەتم بە خۆمدا بۆ نووسینەوەیان چونکا من پێم وابوو سێ‌شەممە پشوودان نیە لە بەر ئەوە دەرس ناخوێنرێت کەدەرس لەبەر بکرێت و کتێب بنوسرێتەوە. من هەر ئەم کارم دەکرد هەرچەن فەقێ‌یان پشوویان دەدا و دەچوونە سەیران من خەریکی لەبەر کردنی دەرسەکانم بووم تا وام لێهات بە خۆمدا دەپەرمیمەوە ئەگەر هەموو زانستەکان ون بین من دەزانم، هەموویان چۆن

لە کتێبەکاندا نووسرابۆون ئاوا بیانووسمەوە، ڕەنگە ڕێکتر و جوانتریش.

## مامۆستا و شێخ فەتاحی هەورامی (فانی)[١]

لە نامە پڕسۆز و خۆشەویستی یەکەداکە بۆ شێخ فەتاحی هەورامی «فانی» نووسیوە زۆر شتی باس کردوەو. لە پەراوێزی نامەکەوە عەرەبی یەکی زۆر ڕەق و زۆر مەلایانەی نووسیوە کە بەداخەوە لە بەر شڕی کاغەزەکە تەواو ڕاس نابێتەوە. مامۆستا لەم پارچە شێعرەدا لەگەڵ شاعیری خۆش وێژ مامۆستا مەلا «فەتاحی فانی» ـکە لە «کەمالاٚ» دانیشتووە و بە قەناعەتەوە ژیاوە زۆر ئینسانێکی لێهاتوو و قسە خۆش و شاعێریکیبە دەسەلاٚت بووە ـ یەکێ لە ئاشەکانی بەڕێوە بردووە جاجار لە بەهارانا خەپلە ئاساوی (کولێرەئاشی) دروست کردووە و لەگەڵ مامۆستا مەلا حەسەندا چەن ڕۆژێک رایان بۆاردووە. جارێک لە کاتی کولێرە خۆارندا بە فانی دەڵێ: کولێرە باوامانی لە بەهەشت دەر کرد، خۆابکا ئێمە لە هەورامان دەرنەکا و ئەڵێ:

گێتێ زوو خاوەن، گێتێ زوو خاوەن
بیەیش چون نەبیەیش هەردوو زو خاوەن[٢]

---

١ ـ شێخ فەتاحی هەروامی یەکێکە لە شاعیرانی کورد پتر لە ٧ کەس ناویان فانی یە.

٢ ـ گێتی = کولیرە، گیتی = جیهان، ڕەنگە مەبەست کولێرە بی، بیەش = بۆونی / واتە: کولێرە زووخاوە دووپاتەی دەکاتەوە بۆ سەرنج ڕاکێشان بوونی وەکو نەبوونی هەردووکیان زووخاون



گەرگنی شونش هەر لای دا هەن
(١)

(بە داخەوە لەم شیعرە درێژە تەنیا ئەوەندەی لە بیر بوو)

جارجار پێکەوە ڕۆیشتون بۆ دالاٚنی بۆ سەیران، کولێرە و سیراج و کەرەیان بردوەووە. فانی حەزی لە گیا و گوڵ زۆر بووە. مامۆستایش گوڵ و گیای پێ خۆش بووە بەلاٚم چای حازر بۆوبێ لە ناو گوڵ و گیادا. ئەمەش شێعرێکی تر کە بۆ فانی نووسیوە:

هەی هوویە چەندەن نامان خەبەری
تای تامڵ بڕیان نەسیم سەفەری![٢]
خەیلێن، سەر حەڵقەی عالی مەقامان
شای «فانی» نامان نامەیچش نامان[٣]

---

(واتە ئەگەر دەوڵەمەن بی هەر زووخاوە، ئەگەر نەدار بی هەر زووخاوە.

١ - واتە: ئەگەر بکەویتە شوێن ماڵ و سەرووەت لە هەر لاو لە هەر حاڵێکدا، دەبێتە داخ و حەسرەت.

٢ - یەچەندە = ئەمە چەندە / واتە: هەی هوو ئەمە چەندە خەبەرێک نەهاتووە تای تەحەمول بڕاوە بۆەتە (حمل) یا مەبەست ئەوەیە تای ترازووەکە تەحەمولی تێدایە بڕاوە ئەی نەسیم سەفەرێ بکە!

٣ - واتە: ماوەیەکی زۆر سەرهەڵقەی بەرزەپایەکان، (شای فانی) نەهاتووە و نامەیشی نەهاتوە.

نــــەدان مـــــەکـــینە وە پـــارچـــەی خـــەزدا
عـــــەنبەر نــــەشانان وە رووی کــــــەغەزدا[(١)]

یـــــەک ســـــاڵ زیـــــادەن نـــیەن ئـــەشعارش
نـــمێ بـــۆی ڕێحـــان جـــەمێرغـــوزارش[(٢)]

دیـــــارەن - دووربـــــا - جـــەمن زیـــز بـــیەن
چون «مەعدووم» مەحرووم رووی ئازیز بیەن[(٣)]

مـــن خـــۆ دوور جـــە ئـــەو چـــون مـــەردەمەردە
هـــــەر هـــــام نـــــەخەیاڵ عـــومر ویـــەردە[(٤)]

ئـــــەییام غـــــەفڵەت تـــــاعەت نـــــەکـــەردە
ژاراو مـــــــــێحـــــــــەنەت زەمـــــانە وەردە[(٥)]

---

١ - نەدان = نەیداوە، خەز = پارچەیەکی زۆر جوانە، عەنبەر = مادەیەکی بێن خۆشە / واتە: مەکینەی نەداوەبە پارچەی خەزدا، عەنبەری نەڕشتوە بەرووی کاغەزاد (واتە نووسراوەیەکی نەنوسیوە).

٢ - زیادن = زیادترە، نیەن = نیە، نمی= نایە / واتە: یەک ساڵ زیاتر شێعری نەهاتووە،لە سەوزەلانیەکەیدا بۆی ریحانە نەهاتووە.

٣ - جەمن = لەمن، زیز = پەرێشان واتە: وادیارە دووربا لەمن عاجز بووە،یاوەکو مەعدووم (مەبەست مەولەوی‌یە) مەحرووم روی ئازیز بووە (واتە خۆشەویستەکەی نەدیوە).

٤ - جە ئەو = لە ئەو، مەردە مەردە = مردوومردوو، عومر= تەمەن ویردە = رابۆردوو / واتە: من خۆ دوور لە ئەو وەکوو مردوو مردووم، هەروام لە خەیالی تەمەنی رابۆردوودا.

٥ - ئەیام = رۆژەکان، غەفڵەت = پشت گوێ خستن، نەکەردە = نەکردوو، وەردە = خواردو /



بەدەن چـون چـوڵکـە، وجـوود چـنگێ پـووش
ریش چون گیای فش کـەل عـهنل مـەنفووش[(١)]

لووت نـــــەکـــە مـــۆڵەی دۆخـــەوای کـــاڵۆش
گـــاهێ قـــرخـــەقرخ، گـــاهێ لووشـە لووش[(٢)]

قـــــووەی زەنـــــجیرەی شـــێعـــرم نـــەمەندەن
ئـــــــەمما نـــــاردڵ بـــــڵێســـــە ســـــەندەن[(٣)]

---

واتە: رۆژەکانم پشت گوێ خست و خەریکی ژاراو خواردنی زەمانە بووم بە بێ عیبادەت ژیانم وەکوو ژاراو خواردن وا بوو.

١ - چۆلکە= چیلکە، وجوود = لەش، کل‌عهن المنفوش = خوری شی کراوە / واتە: لەشم وەکوو چیلکە باریک و رەق بێ گۆشت وەکوو چنگێ پووشم لێ هاتووە. مەبەستی پیری‌یە ریشم کەم و بێ هێز وەکوو گیای فشی لێ‌هاتووە هەر وەکوو خوری‌یەک شی کرابێتەوە.

٢ - کامۆلە = وشەیەکی کوردی‌یە دەبێتە گلولەی فارسی = هەرشتێک خڕ، لە بەهاراندا ئاژەل تەڕ دەبنەوە، سەنێردەلکێ بە خۆری و موویاندا خرت دەبێتەوە بەوە دەڵێن کەمۆلە، دۆخەوا= چێشتێکی کوردانەیە بە دۆ یا ماست و برنج یا بڕوێش دروست دەکرێ لە دێکاندا لەوەرزی بەهاردا زۆر کەلکی لێ وەردەگیرێ کالۆش = چێشتێکی کوردی‌یە، پیاز و رۆن سوور دەکەنەوە پاشان دۆکەشکی تێدەکەن تۆزیک داخ بۆو خەست دەبێتەوە دەبـێتە چـێشـتێکـی خـۆش هەرکەس بیەوێ کاکلەو کشمیشی تێ دەکا خۆشتر دەبێ / واتە: ئەوەندەم دۆخەوا و کالووش خواردووەرژاوە بە ریش و لووتما وەکوو کـەمۆلەی لێ‌هـاتوو جـار جـار قـرخـەی سینەم و جـــارجـــارە لووشـــەی دۆخـــەوا خـــواردن ئـــیشم بـــووەتە قـــرخـــەو لووشـــە.

٣ - قووە = توانا، نەمەندەن= نەماوە، نار = ئاگر، سەندەن = سەندووە / واتە: هێزی زەنجیرەی شێعرم نەماوە. یانی زەنجیرەی توانایم پساوە. بەڵام ئاگری دڵ گڵپەی سەندووە، دڵم زۆر بە توانایە و بیرکردنەوەم بەهێزە.

نەوەخت وەهار هاژەی شەتاوان

خەندەی تیفڵ گوڵ گەهوارەی کاوان(١)

بۆوک سەر بەرزان استبرق پۆشان

سەر چەمەی بێڵووی ئەشعارم جۆشان(٢)

نەسیم هوربێزە تۆبەی نامەوە

چون عەزم حاجی بە ئێحرامەوە(٣)

---

١ - نەوخت = لەوەخت، وەهار = بەهار، شەتاو = ئاوی بڵاوکە لە هەموو لاوە زەوی داپۆشی، خەندە = پێکەنین، تیفل= منال، گەهوارە = بێشکە، کاوان = سینگی شاخەکان کە چاڵ و بەرزی تێدەکەوێ / واتە: لەوەختی بەهاردا هاژەی شەتاوەکان پێدەکەنن، وەک رۆڵەی گوڵ لە بیشکەی کاواندا. تەماشاکە چۆن بەهار باس دەکا، چەندە بە جوانی ئەم دیمەنە دەڕازێنێەوە. پێت وایە خۆت وای لە ناو جوانی سروشتدا.

٢ - بۆوک = وەوی، ئیستەبرەق = پارچەیەکی زۆر جوانی رەنگاوڕەنگە و ناوی دوو جۆر داری چکۆلەیەکە لە هێند و مالزیا و لە گەرمەسیرەکانی ئێرانیشدا دەڕوێ پۆشان = پۆ شیوە، سەرچەمە = سەرچاوگ،بێڵوو =کانی ئاوی بەهاران، جۆشان = جوشیوە، / واتە: وەکوو بۆوکی رازاوەی سەر کێوەکان نەخشێنراون جلی رەنگاوڕەنگیان لەبەر کردووە هەرچەن لە ئاستی فیکری‌دا ناتەواوم و ناتوانم شێعر بلێم بەڵام جوانی بەهار کانیاوە وشکەکان پڕ لە ئاو ئەکاتەوە. بێڵوی دەروونی منیش ئاو دێری کردووە چاوگەی شێعرم تەقیوە و هەڵدەقوڵێ.

٣ - نەسیم = شنەبای نەرم، هۆربێزە = هەڵسە، عەزم = ویستن، حاجی = کەسێ بچێ بۆ حەج، ئێحرام = پارچەیە کە کەلەکاتی حەجدا لەشێ پێ دادەپۆشن. واتە: نەسیم هەڵسە ئەم نامەیەم بەرە وەکوو حاجی بەئێحرامەوە چون نیازی هەیە بچێتە زیارەت تۆیش بچورە خزمەتی.



بنیشە هەوا وینەی تەیارە

تا ئەوج ئەفلاک سەبعەی سەییارە(١)

بەو پەرواز و باڵ دوو پەروانەوە

قەباڵەی عەدم وێت بۆانەوە(٢)

گەر دەلوول وەسەر تەخت هەورامان

مەندیل عەمامە ئەولیا دامان(٣)

---

١ - بنیشە = سواربە، تەیارە = فرۆکە = هەواپەیما، ئەفلاک هەموو ئاسمان (بە رای پێشینیان) سەبعە سەییارە = سەیارەی موئەننەس، سەیار = هەسێرەیە کە بە دەوری رۆژ یا هەسێرەیکی تردا بگەڕێ لەوەوە رۆشنایی بگرێ، سەبعە = مەبەستی سەییارەی عەتارود، زهرە، زەوی. مەیریخ، مشتەری، زوحەل، ئوارنوس، نیپتۆن، پلۆتۆن (نیپتۆن و پلۆتۆن لەم دواییەدا دۆزرانەوە) / واتە: سواری هەوا بە وەکوو تەیارە تادەگەیتە هەموو ئاسمان و سەییارەکان.

٢ - پەرواز = باڵ گرتنەوە، پەروانە = پەپوولە، قەباڵە = سەنەد، عەدەم = نەبۆون، وێت = خۆت بۆانەوە = بخوێنەوە / واتە: بە باڵ گرتنەوەی باڵەکانت کە وەکوو دو پەروانە (مەبەستی پەروانەی تەیارەیە) مەلەخ هەواپەیما یا مەبەستی وەکوو دوو پەپوولە وایە قەباڵەی نەبۆونی خۆت بخوێنەوە یانی ئەو نە سەر کەوەکە بکەویتە مەترسی نەمانەوە.

٣ - گەردەلوول = جۆرێ گیجەلووکە، تەختی هەورامان = کیوێکی رووبەرووی هەورامانە، جێگایەکی تەختایی زۆر خۆشی هەیە بە ناوی تەختی هەورامان، لەوانەیە کە ناوی هەورامانی تەخت لەوە وەرگیرابێ، مەندیل = مێزەر = شتێ کە دەیبەستن بە سەرەوە وەکوو رەشتی و جامانە، دامان = داوێن / واتە: بەسەر هەوراماندا خۆت لوول دە وەکوو گێجەلووکەی ئەو هەروامانە کەوەکوو مەلا میزەرەی سپی بە سەرەوە دەبەستێ، داوێنەکەیشی وەکوو ئەولیا سەوزە. ئەولیایش چاکی سەوز و شینە لەوەو پێش جلی پیاو چاکان شین و سەوز بووە. کێوەکان مێزەرەی سپی یان بە سەرەوەیە پێ دەشتەکەیشی سەوز و شینە.

گێج بدەر نەوێت خەیلی چەرخەکەر
بە دووربین چەم خاس نەزارەکەر[١]
چوون «هەلەکەسەما» نەختێ لەنگەرکەر
خێتەی «کەمالاّ» باوەر بە نەزەر[٢]
ئانایەک حەوزێ مەبۆ نمایان
تەختە پۆش چەنی تەوەن نمایان[٣]
مەوج مدۆ وێنەی گێج سکەندەر
جومەش چون دەریای حەوتەمین ئەخزەر[٤]

---

١ - بدەرنەوێت = بدەلە خۆت، نەزارەکەر = بڕوانە، چەم = چاو / واتە: بخولێرەوە، بچەرخە، جوان تێفکرە بە دووربینەکەی چاوت چاک تماشاکە.
٢ - هەلەکەسەما = باڵندەیەکە ئەتوانێ بە حەواوە لە جێگایەکا ماوەیەک بوەستێ تەماشای زەوی بکاە لەنگەرکەر = راوەستە، خێتە = دەوروبەر کەماڵە = دێیەکی خۆشە لە دێکانی هەورامانی تەخت، باخ و باخاتی زۆری هەیە چاوگەیەکی تیایە کە ئاوی بڕێ لە باخەکانی دێکانی تری هەورامان دابین دەکا لە زەمانی پێشوودا کە هێشتا کارخانەی ئارد و (ئاشە کارەبایی) نەبۆو، ئاشی ئاوی ئیشی دەکرد، لە کەماڵادا چەن ئاشی ئاوی هەبووکە یەکێکیان هی ئەم (فانی)یە بووە کە مامۆستا ئەم شێعرانەی بۆ ناردووە.
٣ - ئانا = ئەوەتە، نەمایان = دیاری، چەنی = لەگەڵ، تەوەن = بەرد، نمایان = نوێژەکان / واتە: ئەوە تا حەوزی دیارە تەختەپوشی کراوە بە بەردە نویژ.
٤ - مەوج = شەپۆل، وێنە = وەکوو، سکەندرە = ئەسکەندەر، جومە = جوولە، خەزەر = بەحری خەزەر کە واڵە باکوری ئیراندا گەورەترین دەریاچەیە / واتە: ئاوەکەی شەپۆل ئەدا وەکو گێجی ئەسکەندەر مەبەستی گێجاوە مەشهورەکەی ئەسکەندەرە کە بە شوێن ئاوی حەیاتدا گەڕاوە و تویانە لەناو گێجەڵانێکایە پاشان ئەڵێ: جووڵەی دێ وەکوو دەریای خەزەر یا دەریای سەوز (ئەخزەر).



مەواچی تالار «ئەحمەد خانی» یەن
ئانە تەنوورەی، ئاش «فانی» یەن[١]
سەرازێر وێنەی تەیر کەبۆتەر
چون هاژەی هەڵۆ باڵ وێت لوول دەر[٢]
بنیشە کەنار بۆرج ئاشەوە
نامە چون گونجوشک بەدەم «واشە»وە[٣]

---

١ - مەواچی = ئەڵێ، تالار = هەیوانی گەورەو نەخشاو، ئەحمەد خان = مەبەست خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانە کەماوەیەک هەورامانیش لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەودا بووە، جگەلەوەی مێژوو بۆمان باس دەکا شتی زۆر لە فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان دەگێڕنەوە، نموونە: ئەڵێن چێشتخانە (ئاشپەزخانە)ی لەسەر کانی هەوش و بارانی لای دەرەکێدا بووە، هاوینە هەواری لە سەر کێوی پیر ڕۆستەمدا بووە بۆ کاتی نیوەڕۆژە و نانی ئیوارە، لە هەوش و بارنی‌یەوە تا پیر روستەم هیندە سەرباز لە پاڵ یەک دا وەستاوە کە سینیەنانیان داوە بە دەستی یەکترەوە چێشتەکە ساردنەبۆتەوە، گەیشتوەتە پیر ڕۆستەم و دانراوە بۆ خان و میوانەکانی، و زۆر شتی‌تر کە لێرەدا ناگونجێ باسی بکەین لە هەورامان ناسیدا باسی دەکەری.
٢ - سەرازێر = سەروژێر، وێنە = وەکوو، تەیر = مەل، کەبۆتەر = کۆتر، چون = وەکوو، هاژە = دەنگی باڵ = دەنگی با، دەنگی هەر شتێ وەکوو هەژگ و گەڵا و... وێت = خۆت، واتە: سەرەو خوار ببەرەوە وەکوو کۆتر بە هاژەی هەڵوئاسا باڵی خۆت لوول دە.
٣ - بنیشە = بنیشەرەوە، بۆرج = لە پێشدا مانامان کرد، ئاش = ئاسیاو، نامە = نووسراو = کاغەز، گونجشک = چۆلەکە، واشە پەلەوەرێکی تیژباڵە لە بنەماڵەی هەڵو / واتە: بنیشەرەوە لە پاڵ بۆرجی ئاشەکەدا کاغەزەکەت وەکوو چولەکە بەدەم واشەوە وەها بیگرە.

بدیە نشینگەی بان بەر ئەیوان
چەتر کلاوزەڕ سەر نەسەر سەیوان[1]

هانیشتەن نەوجا هام فەردەکەی فەرد
گۆش دەر و ناڵەی ئاسیای چەپ گەرد[2]

چەنی هاڕی سەنگ هەر دوو مەناڵان
ماوەران وەیاد گوزەشتەی ساڵان[3]

ئەو بە هەیا هوو، ئێد بە ناڵەوە
ئەو بە تەپ و تۆز ئێد بە پاڵەوە[4]

---

١ - چەتری کلاوزەر = بەسەر هەر دەرگایەکی خانویەکی خۆشەوە وەکوو چەتر بۆ تەڕ نەبوونی ئەوانەی لە پشتی درگاکەوە راوەستن یا بۆ جێگای نۆکەری دەرماڵ دروست کراوە. لەم بەر و لەو بەری دەرگاکەوە دوو جێگای دانیشتن دروست کراوە پیان وتوە خۆاجە نشین، بدیە = بڕوانە نیشنگا = جێگای دانیشتن، بەر ئەیوان= بەر هەیوان، تەماشاکە بانی بەر هەیوانەکەیان و چەتری کلاوزەر، مەبەست سەردەرگاکەیە کە شێوە مێعماری کۆن وابووە.

٢ - ها = بۆ ئاگادار کردنە، نیشتەن = دانیشتوە، نەوجا = لەوجێگەدا، فەرد = تەنیایەک، گۆش = گوێچکە، ناڵە = هاوار، ئاسیاو = ئاش / واتە: ئەوەتە دانیشتوە لەو شوینەدا هاو تاکەکەم گوێ بدە بە هاواری ئاشی چەپ گەڕ و بزانە چی دەڵێ.

٣ - چەنی = لەگەڵ، سەنگ = بەرد، مەناڵان = دەناڵێن، ماوەران = دێننەوە، گوزەشتە = رابۆدوو / واتە لەگەڵ دەنگی بەرداش هەردوکیان دەناڵێن و بیردەکەنەوە لەڕابۆردووی ساڵانی لەدەس چوو مەبەستی (فانی‌یە) کە لەگەڵ هاڕەی بەردی ئاشدا دەناڵێنێ.

٤ - ئێد = ئەم، ناڵە = هاوار، پاڵەوە = پشتەو تەفا کەوتن، پاڵە = کەوش / واتە: ئەو بە دەنگو هاوارەوە ئەم بەناڵەوە ئەو بە خولانەوە، تۆ زدەکا و ئەم لە خەفەتا پاڵ کەوتوە.



ئەو پەرێ بەختی سەرگەردانی وێش
ئێد پەرێ حەسرەت نەوجەوانی وێش[1]

شۆ ئەو خزمەتەش وە حەزینەوە
نامە نەسەر کەف دەس بە سینەوە[2]

بوانە سەلام مدرە وەپاوە
دەم بە گفت و گۆ دەس بە دوعاوە[3]

ئەر پرساش ئەحواڵ جەڕووی مەرحەمەت
چۆنەن فلانی؟ ڕەحەت نارەحەت[4]

وەزع و گوزەران حاڵش چ تەورەن؟
نانش هەر وشکەن یا «خەپلە» ی چەورەن؟[5]

---

١ - پەرێ = بۆ، وێش = خۆی، نەوجەوانی = تازەلاوی، وێش = خۆی / واتە: ئەو بۆ بەختی سەرگەردانی خۆی کە هەمیشە دەخولێتەوە ئەمیش بۆ حەسرەتی تازەلاوی خۆی

٢ - شۆ = بچۆ، حەزین = خەفەتبار = لە شتی ترسان / واتە: بچۆرە خزمەتی بە خەفتباری‌یەوە نامەکە بگرە بە دەستەوە دەستیشت بگرە بە سینەوە یانی زۆر بە ئێحترامەوە نامەکەی بدەرێ .

٣ - بۆانە = بخوێنە، مدرە = راوەستە / واتە: سەلام بکە بە پێوە راوەستە، دەم بە دەم لەگەڵیا بدوێ دەستیش بەرز کەرەوە بۆ دوعا .

٤ - پەرساش = پرسی، چۆنەن = واتە: ئەگەر لە رووی خۆشەویستی‌یەوە پرسی کرد فلان کەس چۆنە رەحەتە یان نارەحەت .

٥ - واچە = بڵێ، (وضع) وگوزەران = جۆری ژیان، چ تەورەن = چۆنە، خەپلە= کولێرە / واتە:

واچـــە: نـــانش تـــاڵ چـــون قـــەرەقووتەن
دێمـــیلەی رووتـــەن چـــون ژەقنـە مـووتەن (١)

«هیت» و «گا»وش غەم، «خەرمان» ش مـەینەت
«باراساو» زەحـمەت،بـان «ئـاساو» خـەفەت (٢)

بـــە وردە ئـــەشغاڵ ســـەرش لێ شـیویان
بە چەمچەی گەردوون دۆخەواش «ریـویان »(٣)

لووت ســـەرە قـــاڵنگ ســـەر «کــالیار»ەن
دوور بــۆ بـە جـەدینش مـاچی «دانـیار» ەن (٤)

---

ژیانی چۆنە نانی هەروشک و بێ پێخۆرە یا کولێرەی چەوری دەس دەکەوێ؟ .
١ - واچە= بلێ، ژەقنەمووت، ژەقنامووت. ژەقنە (زەهر، سەم) مووت، جورە مارێکـە بـدا بـە هەرکەسەوە هەڵناسێتەوە. بە دووپشکی شاری دزانیش و تراوەکە بە هەرکەسیانەوە دابێ، مردوە =کنایە لە شتی زۆر تاڵە / واتە: نانی تاڵە وەکوو قەرە قووت یا دێمیلەی رووتە وەکوو ژەقنە وایە

٢ - هیت = جووت، بارساو = باراش، بان ئاساو = ساناڵەی سەربان ئاش / واتە: بلێ جووت وگای (خەمە) خەرمانی مەینەتە بارەئاشی زەحمەتە ساناڵەی ئەبۆایە بۆ رابواردن و خۆش بوایە کەچی جیگەی و ناخۆشە .
٣ - ئەشغاڵ = ئیش و کار، لێ شیویان = لێ شێواو، چەمچە = کەوچک، دۆخەوا = لە پێشدا ماناکراوە. رێویان = پرووسقاوە / واتە: بلێ بە وردەئـیش سـەری لێ شـێواوە. بـە کـەوچکی گەردوون دۆخەوای پڕووسقاوە .
٤ - قاڵنگ = دارێکی بـاریک و درێژ = رم = ژاژ = لەوە پـێش بـۆ مـازوو چـنین و بـەروو داخستن، گوێزداخستن، دارێک باریک و درێژ یا قامیشێکی زۆر درێژ ئامادە ئەکرا دارێکی



گـــا دەس بـــە قـــۆری گـــا پـــیاڵەوە
گـــا بـــە کـــەل و پـــەل وردە واڵەوە (١)

گـــاهێ ئـــیمامەن، گـــاهێ هـــەن مـــەسبووق
ئـــەماع کـــار وێنـــەی مـــەلاَ (لەتـرە بـۆوق)(٢)

---

تریان بە لوتەکەیەوە ئەبەست وەکوو قولاپی ماسی گرتنی لێدەهات. ئەیان گیراندە مازوو یا بە ڕوو یا گویزدایان ئەخست، کالیار = بە ترۆزی تـوو دەڵێن کـەوەکـو کـالک زەرد دە بـێت و دەخورێ، دوربۆ = دوور بێ، ماچی = ئەڵێی، دانیار =کابرایەکی موسایی بوە لە سنە دانیشتووە ریشی سپی و رەقەڵە بووە. / واتە: لووتم وەکوو قالنگی لێهاتووە و سەر و سەکـوتم وەکـوو دانیاری موسایی لێ هاتووە .
١ - واتە: جارێ دەستم بە قۆری‌یەوە و جارێکیش بـە پـیاڵەوە جـارجـاریش بـە کـەلوپەلی وردەواڵەوە، یانی خەریکی کاری بێهوودەم .
٢ - ئیمام = پێش نوێژ = مەسبووق = دواکەو توو، مـەبەست دواکـەوتنە لە نـوێژدا مـەلا لە تەرەبۆوق = ئاماژە بە حەکایەتیکی کۆن ئەڵێن مەلایک بووە زۆر لە خێزانی ترساوە (دوورلە روی بەڕێزتان) ئەم مەلا داماوە خێزانی چەن ئیشی پێ کردووە دای ناوە تەشی داوەتە دەستی کە بیرێسێ بە پێ بێشکەی منالە کەی راژەندووە. کە لە شاخێکی نـاوە بـە دەمـیەوە هـەرکات چۆلەکە هاتن گەنمەشۆراوە کەبخۆن فووبکا بە کەلەشاخەکەدا بۆقیان بۆلیدا تاگەنمەکە نەخۆن. پێستێکی خستووتە ژێری خۆشە ببێ ئەڵێن لە ژیر پێستەکەوە نەوگی خستوەتە ژێری بۆ ئەوە سفت ببێتەوە مەلا ژن ئەم چەن ئیشەی لە یەک کاتا پێ کردووە مەشهوور بووە بە مەلا لە تەرە بۆق و هەرکەس تەماعکار بێ پیێ دەڵێن مەلا لەتەرە بۆق، لە تەرە = تەشی، واتە جارجار پێش نوێژم و جاجار لەپشتی مەلاوە دەوەستم تە ماعم زۆربووە وەکوو مەلا لە تەرەبۆقم لێ هاتووە.

ئاساوی تەماع کەردەنەش وەسەر

شکەم چون دۆڵیان بار ئاسیاو وەسەر[١]

مەکەرۆش وەگەرد چایی و خۆراکی

هەر لرفەیش مەیۆ چون دەروێش خاکی[٢]

وەختی چێو نەبۆ هەر کڕای کڕۆ

من عوهدەنمەو، دەک یانەش وڕۆ[٣]

غافڵ جەوەعدەی گەردان بێچوون

سیحەی هەیاهوو ئاسیای گەردوون[٤]

---

١ - ئاساو = ئاش، کەردەنش = کردوویە، شکەم = سک، دۆڵیان = بە جێگایەک دەڵێن گەنم و دانە وێڵەی تێدەکرێ. کونێکی تیایە دانە وێڵەکە لەو کونەوە دەچێتە پلوسکیکەوە لەوێوە دڕژێتە ژێر بەردەئاشەکەوە دەبێتە ئارد، واتە: ئاشی تەماعی کردووە تەسەرسکی وەکوو دۆڵیان وایە.

٢ - مەکەرۆش = دەیکا، گەرد = توز، دەروێش خاکی = دەروێشێک بۆە دەفی زۆری لێداوە وهەر خواردنیکی دەس کەوتبێ پەلەپەل خواردوویە و لەبەینا زکری کردووە .

٣ - چێو = شت، نەبۆ = نەبێ، عوهدە = دەرەقەت، وڕۆ = بڕووخی / واتە: کاتێ شت نەبێ هەر کڕەی دێ (ئاش کەدانی نەبوو بەردەکانی دێن بەیەکدا) و دەکڕێن ئەڵێ: کاتێ کە لەو پەڕی ناتەواوی دا بووە زۆر بەقەناعەتەوە ژیاوە، زۆر جار چای دەس نەکەوتووە بۆ نانێکماڵەوماڵ گەڕاوە بەڵام هیچ کات کەرامەتی خۆی لە دەس نەداوە.

٤ - غافڵ = نائاگا = بێ خەبەر، جەوعدە = لەبەڵێن، بێ چوون = مەبەستی خوایە، سیحە = هاوار،
گەردوون = فەلەک = ئاسمان / واتە: بێ خەبەر لە هەڵخولێنەر (مەبەستی خوایە) و هاواری هەیاهووی ئاشی گەردوون کە چۆن واڵە ملاسدا.



سەدای ئاش بەتاڵ، نەوای «ئیزرائیل»

عەزم کاروان، تەپڵ «الرحیل»[١]

کاتیوت زانا ئەمر مووقەددەس

ئاو سەرناسای ئەی ئایساش وەس[٢]

مات بی جەناڵە، بی دەنگو ساموت

لاشە نەسەر خاک، رووح جەمەلەکووت[٣]

عەزم سەفر کەرد نیشت نەسەر تابۆوت

تەختە شۆر پاتەخت، شاکەفەن قاپووت[٤]

---

١ - سەدا = دەنگ، ئیزرائیل = فریشتەی گیان کێشان، تەپڵی الرحیل = تەپڵی خەبەردار کردنی رۆیشتن، عەزم = ویستنی شتێک /واتە: دەنگی ئاش بە تاڵ و دەنگی رۆیشتنی کاروان و تەپڵی خەبەردار کردن بەڵگەو نیشانەن بۆ سەفەر.

٢ - ئەمر = فەرمان، موقەددەس = پیرۆز، سەرناسا = ئاوی نێی ئاش، وەس = خست / واتە: کاتێکت زانی فەرمانی پیرۆز ئاوی سەرنێی ئەم ئاشەی خست، کاتێ بیانویستایە ئاش لەکار بخەن لە سەرنێ دا ئاوەکەیان ئەبڕی و ئیتر لە کار ئەکەوت.

٣ - مات = بێ دەنگ، ناڵە = هاوار، ساموت = بی دەنگ و بێ جم و جوڵ، رۆح = گیان، مەلەکووت = جیهانی موجەرەدات = عالمی موجەرەدات بەگشتی جەبەرووت و ناسووت) لە خواریەوە (لاهووت) لە لای سەریەوە / واتە: بێ دەنگ بۆو لە هاوار جم و جول کەوت لاشە کەوتە سەر خاک رۆحیش رۆیشت بۆ مەلەکووت.

٤ - عەزم = لەپێشدا مانا کراوە، تابۆوت = ئەو سندووقەیە کە مردووی تێ دەخەن بۆ گۆێزانەوە تا سەر گۆڕ، تەختە شۆر ئەو جێگایەکە مردووی تێدا دەشۆن، کەفەن = ئەو پارچە سپیە کە مردووی تیاپێچراوەتەوە، قابۆوت وەکو کەوا وایە پیاوی گەورە لە بەری کردووە بە سەر

ئەی کەللەی ئینسان چون ئاسیاوەن
هەتا دانشن بۆ پڕ گێڵ و تاوەن(١)

هەر دو چەناکە چون تەوەن هارەن
تازە میرازەن بدیە چەهارەن(٢)

بە حەرەکەی ریش بە چەر خنای دەم
زبان ئاردە ماڵ، دەم هەر ماچۆ دەم(٣)

تاکوو ئاسیاوچی ئەجل چون میراو
منمانۆ پەنەش قەتع نۆبە ئاو(٤)

---

جلەکانیا / واتە: عەزمی سەفەری کردووە و لە سەر تابۆوت دانیشتووە تەختە شۆر بووەتە پێ تەختی کفنیش بووەتە جلی لە سەر تەخت دادەنیشێ و قاپووت لە بەر دەکا ئەفەرمێ: ئامادە بۆ سەفەر.

١ - کەللە= مەبەستی سەرە، پڕگێڵ = پڕگەڕ = چاک دەگەڕێ / واتە: سەری مرۆڤ وەکوو ئاشێ وایە هەتا دانی ببێ دەگەڕێ.

٢ - تەوەن = بەرد، میراز = تیژ کراوە، بدیە = بڕوانە / واتە: چاناکەی خۆاروسەر وەکوو بەردەهارەن وەکووتازە تیژ کرابێتنەوە بڕوانە چۆن دەهاڕن.

٣ - حەرەکە = جم و جووڵ، چەرخنای = چەرخاندن، ئاردەماڵ = بەو شتە دەڵێن کە ئاردی پێ لادەدەن ئارد جێ بە جێ دەکا لە ئاشدا، دەم = پێم بدە / واتە: بە جوولانی شەویلکە و ڕیش و چەرخاندنی دەم زبان وەکوو ئاردە ماڵ دەخاتەوە دەم، هەر ئەڵێ بمدەرێ ئەم دوودەمە جیناسی تەواون.

٤ - ئاسیاوچی = ئاشەوان، میراو = لە پیش‌دا مانا کرا، منمانۆ = دەنوێنێ، پەنەش = بەو، ئەجەل = کاتێ مردن = تەواو بۆونی تەمەن / واتە: تاکوو ئاشەوانی ئەجەل وەکوو میراوکە نۆبە



ناگاه جەناڵە و جە حەرەکە کەوت
چەم نیا بە هەم وێنەی یاران خەوت(١)

نەهاژەی ئاوە، نەدان و نانە
ئاش ئاوکەوتە چۆڵ و وێرانە(٢)

ئەی تەنیاو بێ کەس چاڵ سیاوێم
قووەی نەتاوای هۆر چەرخناوێم(٣)

نمەزکام سەهلەن نەو قەبر تەنگدا؟
زەختەی گۆڕەوشار نەبەین سەنگدا(٤)

---

ئاو تەواو بۆو زوو ئاوەکە ئەبڕێ، ئەمیش پێی دەنۆێنی و بە ژیانی دوایی دێنێ.

١ - ناگا = کتوپڕ، جەناڵە = لە هاوار، حەرەکە = جم و جووڵ، چەم نیا بە هەم = چاوی‌نا بەیەکدا / واتە: کتوپڕ لە هاوار و جم و جووڵ کەوت و چاوی نا بە یەکدا وەکوو یاران خەوت.

٢ - واتە کە ئاوی ئاشەکە کەوت نەهاژەی ئاوە نە دانە وێلەیە ونە نان و خۆاردنە ئاشێکی ئاو کەوتوو ئەویش بە چۆڵی و وێرانی.

٣ - چاڵ سیاە = چاڵێی رەش = قەبر، قووە = هێز، وێم = خۆم، هورچەرخنا = هەڵ چەرخان واتە: ئاخ تەنیاوبێ کەس خۆم لە چاڵی رەشی (قەبر)دا هێزی هەڵچەرخانم نیە.

٤ - نمەز = نازانم، زەختە = تەوژم = فشار، سەنگ= بەرد / واتە: نازانم چۆن ئاسان ببێ فشاری گۆرەو شار) لە بەین بەردا مەبست ئەگەر کردەوە چاک نەبۆوبێ بە پێی فرموودەی پێغمبەر دروودی خۆای لێ بێ گۆڕ یا باخێکی بەهەشتە یا شێوەیکی دۆزەخە ئەڵێ لەو شیوەدا من چی بکەم؟

لایێ سوئالەن، لایێ حیسابەن

لایێ خەجالەت، لایێ عەزابەن[١]

کەوتیمی نەقەبر با بەیمی وەسەر

ئاخر ما خاکەن خاکمان وەسەر

تا قووەمان بێ فیکریمان نەکەرد

داخی داخانم جوانی وەیەرد[٢]

ویەردە و یەرد، هەولێ پەی باقی

ئەمجایە دەروێش یەنچی و ساقی[٣]

---

١ - سوئال = پرسیار، خەجالەت = تەریق بوونەوە، عەزاب = شکەنجە = ئازار / واتە: لە لایەکەوە پرسیارە و لە لایەکەوە حیسابە و لە لایەکەوە تریق بوونەوەیە لە لایەکی تریشەوە ئازار و ئەشکنجەیە.

- کەوتیمێ = کەوتین، بەیمێ وەسەر = بدەین بە سەر ماندا / واتە: کە وتینە گۆڕ بابدەن بە سەرماندا یاباله قەبر دەرچین بۆ (حەشر) لە بەر ئەوەی ئاخری هەمووومان هەر ئەم خاکەیە خاکمان بەسەر.

٢ - قووە = هێز، ویەرد رابۆرد / واتە: هەتا هێزمان تیابوو نەخۆش و پیر نەبووین، بیرێکمان نەکردەوە داخی داخانم جوانی رابۆرد.

٣ - ویەردە = رابۆدوو، هەولێ پەی باقی = تێکوشینێ بۆ پاش ماوە / واتە: رابوردوو رابوردتێ بکۆشین بۆ پاش ماوەکەی تەمەنمان، جا ئیتر دەروێش و نەی چی و ساقی یانی هەموو شت ئامادەیە بۆ هەوڵ دان مانای تریشێ هەیە کە پێم وایە هەر ئەمە بەسە.



«حەسەن» ئەر قەوڵت راسەن بە تاقی

چوون «فانی» رووکەر نەدەرگای باقی[١]

هەر پێسە گشت وەخت وەهار نەمە بۆ

زوان ئەڕ پاراو دەم هار نەمەبۆ[٢]

سەوزەی سەرکاوان سەر سەوز نەمەبۆ

ئەلبەسەی هەردان قەنەوز نەمەبۆ[٣]

## مامۆستا و موجتەهیدی کوردستان

هەر وەک وتمان مامۆستا خۆی خوێنەوار بووە هەر خوێنەوارێک لەهەر جێگایەکی کوردستاندا بۆوبێ لە گەڵیا نامە و نووسراوی گۆڕیوەتەوە. یەکێک لە زانا بەرزەکانی ئەو سەردەمە بەڕێز مامۆستا «عەبدولعەزیمی موجتەهید» کە ئەڵێن

---

١ - قەوڵ = وتە، تاقی = تەحقیق، باقی = هەمیشەمان / واتە: ئەگەر وتەت راستە وەکو (فانی) رووکەرە دەرگای باقی (خوای هەمیشە ماو) با ئەم پاش ماوەی تەمەنە بە فیڕۆ نەچێ.

٢ - پێسە = وەکوو، وەهار = بەهار / واتە: هەر وەکوو ئێستە هەمیشە بەهار نابێ، زوانیش تەڕ و پاراو نابێ، یانی وەکووە رزی بەهار تەواو دەبی جوانی بونەور روبەوشکی دەچی جوانی تەمەنیش دەڕواو پیری دێ و تەمەن تەواو دەبێ.

٣ - کاوان = لەپێشدا مانا کراوە، نمەبۆ = نابێ، ئەلبەسە = جل و بەرگ، قەنەوز = سەوز = رەنگاورەنگ / واتە: سەوزەڵانی سەرکاوان هەمیشە سەر سەوز نابێ = جل و بەرگی هەردەکان رەنگاورەنگ و سەوز نابێ یانی ماوە لە دەس دەردەچێ.

لە هەمو زانستەکانی ئەو سەردەمە بە تایبەت لە زانستی کەلام و ئوسوولدا دەستی بالای بووە و لە سنەدانیشتووە. مامۆستا بۆ هەواڵپرسی و باس کردنی جۆری ژیانی خۆی ئەو پارچە شیعرە بە واتەی خۆیان «موتەهەزلە و مختلتە»ی بۆ نووسیوە کە زۆربەی فەقێ و مەلایان بە ناتەواوی لە بەریان بووە.

دل می‌رود ز دستم صاحب دلان خدا را

دردا کە راز پنهان خواهد آشکارا

(حافظ)

باد صبا ده خیلک از حد گذشت شوقم

بهر عزیمت شهر، آخیز کن زجا را[1]

پرواز کن به افلاک تا میرسی بەسّماک

یک چرخ زن به مثل طیاره بر هوا را[2]

---

١ - باد سەبا = بایە کە کە لە باشووری رۆژ هەڵاتەوە بێت فێنک و سووکە، عەزیمەت = رۆیشتن = چوون، ئاخیز = نیوە هەستانەوە / واتە: بای سەبا هانام لاتە شەوقم لە حەدی خۆی تێ پەڕیوە بۆ رۆیشتن بە شار هەستەوە لە جێگاکەتا.

٢ - پرواز = باڵ گرتنەوە، ئەفلاک = لەپێشدا مانا کرا، سەماک = ماسی، تەیارە = فڕۆکە = هەواپەیما / واتە: باڵ بگرەوە بۆ ئسامانەکان و ئەوەندە بڕۆ تا دەگەیتە ماسی وەکوو تەیارە بخولێرەوە بە هەوا دا رەنگە مەبەستی ئەوەیە تا دەگەیتە بۆرجی حووت.



بر فرق سە عناصر اهلیلەجی محاضر

غوغا بە عالم افکن تخریق کن هوا را[1]

از عاشقان گذر کن وز «ئاویەر» نظر کن

برو بە آن نواحی و آن شهر دلنوا را[2]

بگشای چشم عرفان در جستجوی یاران

دریاب آستان «عبدالعظیم» ما را[3]

---

١ - عناسر = آخشیجان = جەمعە، عونسور، زانایانی پێشوو چوار عونسری (خاک)، (ئاو)، (ئاگر)، (هەوا)یان دانا بە (عناصر اربع)، ئەهلیلە ج = هەلیلەج = گیایەکە (ئەهلی لەجی) = ئەگەر دو قەوس لە دایرەیەک هەرکامیان لە نیوەی دایەرەکەمترن هاوشکڵی موحیت نەبن کووڕی (یائینحیدابیان) لە یەکلاوە نەبێ پێی دەڵێن ئەهلیلەجی، غەوغا = کو بوونەوەی لە هەموو جۆر = هەراوهاواری زۆر = قیڕە و جەنجاڵ هەر کەسێ بۆ خۆی، مەحاسرە = گەمارۆدان، تەخریق = کون کردن = دڕاندن / واتە: بکوتە بە سەر سێ عونسوردا وەکوو ئەهلیلەجی گەمارۆ بدە غەوغا بخەرەوە جیهان و هەوا بدڕێنە مانای زۆرتر هەڵدەگری.

٢ - عاشقان = کێوێکە لە لای ئەویهەنگەوە لە وەپێش ڕێگای هەورامان لە عاشقانەوە چووە بۆ سنە، ئاویەر = کێوێکە کە شاری سنە لە داوێنەکەی دایە / واتە: لە عاشقانەوە بچۆ لە ئاویەرەوە تەماشا بکە بچۆ ئەو دەوروبەرە بۆ ئەو شارە دلڕفینە.

٣ - بگشای = بکەرەوە، چشم = چاو، عرفان = زانستی مەعنەوی، جستجۆ = گەڕان، دریاب = بدوزەرەوە، ئاستان = بارەگا / واتە: چاوی عیرفان بکەرەوە بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستان بچۆرە بارەگای عەبدولعەزیمی ئێمە.

آن اعـــــظم ائـــــمه وان عـــــلم را تـــــتمه

در عـــــرصه فـــــتاوا، اســـــلام پـــيشوا را[١]

عـــــلامه اصـــــولی در رتـــــبەی فـــــحولی

تـــاج رفـــيع قـــدرش بـــر هـــفتمين ســما را[٢]

چون میرسی به خدمت اکرام کن بـه حـرمت

تـــقديم كـــن بـــەذلت عـــرض ســلام مـــا را[٣]

گـــر رحـــمتی نـــمايد احـــوال مـــا بـــپرسد

تـــفصيل ده تـــمامی، اوضـــاع ايـــن گـــدا را[۴]

١ - ئەعزەم = زۆر گەورە، ائمە = ئیمامەکان، عیلم = زانست، فەتاوا = فتواکـان = فـتوادان، پیشوا = رابەر / واتە: ئەو گەورەی ئیمامانە ئەوەی کە زانستی تەواو کردووە لە مەیدانی فتوا دانا بۆ ئیسلام رابەرە.

٢ - علامە = زۆرزان، اصولی = کەسێ کە ئوسوول دەزانێ (مەبەست ئوسولی فیقە)، رتبە = دەرەجە، فحول = جەمعی فەحل = بەدەنگ و دلێر، تاج = کلاوی شاهان و گەورە پیاوان، رەفیع = بەرز / واتە: ئەم زۆرزانە کە لە زانستی ئوسولدا دەستی بالای هەیە لە دەرەجەی رێز و دلێریدا تاجی بەرزی بایەخداری لە سەروەوی حەوت ئاسماندایە.

٣ - تقديم = پێش کەش، ذلت = ژیانی بی حورمەتانە / واتە: کاتێ دەگەیتە خزمەتی کڕنۆش بەرە بە حورمەتەوە بە زەلیلییەوە سلامی ئێمەی پێشکەش بکە.

۴ - واتە: ئەگەر بەزەیی هات و چۆنیەتی ژیانی ئێمەی پرسی بەدرێژی نەداری ئێمەی بۆ باس کە و بلێ.



پـيرو مـريض و عـاجز چـون عـنكوبت لاغـر

رووت و شڕۆڵ و پڕ پۆڵ چون دار هـانەوارا[١]

ئاردە بە رووست نانم، گزگل خۆرشت و خوانم

بـــر ســفرەام نــباشد جـز نــان و دۆخـەوارا[٢]

عريان و پيرو چڵكن، پشمينە ريش و كـوڵكـن

توكم فشۆڵەش كردەن چـون ورچ در عـبارا[٣]

١ - پیر = بەتەمەن = بەساڵا چوو، مـەریض = نـەخۆش = عـاجر = نـاتەوان، عـنکبوت = جولایی کەرە، لاغر = لەڕ، پڕپۆڵ = پرتووکاو = داری هانەوا = داری کانی با / واتـە: پـیر و نەخۆش و ناتەوان وەکوو جۆلایی کەرە لەڕو لاواز، رووت بێ جلک و پرتوکاو وەکـو داری هانەوام لێهاتوەبڕی کانیاولە وڵاتی کوردەواریدا مەشهور بوون بۆ باداری (روماتیسم) چـاکـن نەخۆش دەچوونە سەر ئەوکانیانەو ئاویان‌دەخواردەوە پەڕۆیەکی سەوز یا سپی بە داری سەر کانیەکە داهەڵدەواسی ئەم پەڕۆ شرانە لە دورەوە دیار بۆون.

٢ - ئاردی بەڕوو = ئاردی پووە، گزگل = کلکاف = بەری داری مـازوو وەکـوو گـوێز وایـە ناخورێ و زۆر تاڵە / واتە: خواردنم ئاردی بەڕووەلە کاتی بێ نانیدا بەروو دەکرێتە نـاو ئـاو تاڵیەکەی بڕوا، پاشان وشکی دەکەنەوە وەکو گەنم دەیهارن دەیکەنە ئارد و پاشان دەکرێتە نان بەڵام نانەکەی زۆر خوش نیە لە ناچاری داکەڵکی لیوەردەگیرێ پاشان ئەڵێ مەگەرگزگل بکەمە خورشت، لە سەر سفرەما نیە بیجگەنان و دوخەوا مەبەستی لە نەداری یە.

٣ - عریان = تەواو رووت، پەشمینەڕیش = وەکو خۆری کوڵکن تـوکاوی، تـوکم = مـووم، فشوڵەش کەردن = فشی کردەوە، ورچ = حەش / واتە: رووت و پیر و چڵکن و پشمینە ریش و توک و مووم فش بۆەتەوە وەکو ورچێک بخریتە ناو عەبایەکەوە.

رگهای قامت من کرده به هم تقاطع

چون منطقه و معدل، چون خط استوا را(١)

گویند انقلاب ماهیتان محال است

من منقلب زهیئت بنشسته چون حبارا(٢)

یا سیدی‌ترانی فی الفقر کالحضاجر

یشقشق کعابی کأنی کمتیارا(٣)

انی بعید لحم محتاجی گوشتی گیسکم

یالیته و لمه گۆشتی یستبرژلمارا(٤)

---

١ - منطقه = پشتوینیکه هیلی گەرمای خۆرەتاوە بۆ سەر زەوی و بە پینج بەش‌دا بەشی کردوه بە هەر بەشیکی دەلین مەنتەقە معدل النهار، ئیستوا = وەک یەک بۆون = یەکسانی، دایرەی روژ هەلات روژ ئاوا زەوی کردوە بە دو بەشەوە باشوور و باکوور / واتە: رەگەکانم بەیەک گەیشتوون لە بەر ئەوە کە گۆشت بە دەور و بەریانەوە نەماوە لە یەکەوە نزیک و بەیەک گەیشتوون.

٢ - گویند = ئەلێن، انقلا = گوڕان، هەیئەت = شیوە = پیکەر، حوبارا = حەباری = هوبرە = بالەندەیەکی پێ‌درێژ لە دەشتە و شکەکانی ئاسیا، ئوروپا و ئافریقادا، وەکو قەل = بۆقلە رەنگی پەڕەکانی زردە نزیک بە خۆلەکەوە و خالی تیدایە / واتە: ئەلێن گوڕانی بنەما مەحالە کەچی من لە بێەمادا گوڕاوم لە شیوەدا بۆومەتە حوبارا یان شیوەی ئینسانم پیوە نەماوە وەها فشوفولم.

٣ - یا سیدی = ئەی گەورەم، تەڕانی = دەم‌بینی، فی الفقری = لە نەداریدا، حضاجر = کەمتیار، کعابی = پاژنەم، کەمتیار = کیانداریکی گەورە لەشە بە ناو بانگە ئەلێن قولاپەی کون ئەکەن گوێ نادا بە مەرجێک تاریفی بدەی / واتە: گەورەم ئەبینی لە نەداریدا وەها پاژنەم قەلەشاوە ئەلێت کەمتیارم.حەزاجر بە هەیکە لێکی گەورەوفش و فۆلیش وتراوە.

٤ - انی بعید لحما = من هێندە دوورە گۆشتم، گیسک = کاژەلە تا یەک سال = گیسک - چتیر -



انی اک و هراسان من ویزه ویزمیش

خرنگز و کیچ و ضب و سوسمارا(١)

ارزاقنا قلیل دوغینه ونیسک

پیاز و نوک و ماش (لایستوی) تغارا(٢)

و مالنا المواشی الا من الدجاجات

کل ذوات پوپ قلثان اوچوارا(٣)

باروکهٔ صفیرا دیک له صیاح

لمایتس علیها سراً و لاجها را(٤)

---

بزن، یالەیتە = خۆزگا، یوستە برژۆ = ببرژابا لمارا = بۆ ئیمە / واتە: من هێندە دوورە گۆشتم خوازیاری گۆشتی گیسکم خۆزگاولمە گۆشتێ ببرژایە بۆ ئیمە.

١ - انی اکو هەراسان = ئیمە هیندە شەلەژاوین، ویزەویز میش = دەنگی میش خەرنگەز = میشێکی گەورەیە دەنیشێ بە رەشە ولاخەوە، کێچ = کەک، ضب = سوسمار واتە: ئیمە هێندە شەلە ژاوین بەدەس ویزەویزی میشەوە، هەروەها خەرەنگەز و سووسمار و مارمیلکەیش لێمان ناگەڕێن.

٢ - ارزاق = رۆزی، دۆغینە = چیشتێکی کوردی‌یە، تەغار = سی مەن = دەپووت، شەش پووت هەشت پووت، هەر ولاتێک بۆ خۆی جۆرێ حیسابی دەکا/ واتە: رۆزیم کەمە دۆینە و نیسک و پیاز و نۆک و ماشە ناگەتە تەغارێک .

٣ - مواشی = مالیات، گیانداری مالی = گاو و کەرو هێسر و ئەسپ و... دوجاجات = مریشکانی سولسانی، ئەوچوارا = سێ یا چوار / واتە: ئیمە هیچ مالیاتیکمان نیە جگە لە مریشک کە هەرکامیان‌سێ یا چوار پوپیان هەیە.

٤ - باڕۆکە = مریشکێکە کە هێشتا هێلکەی نەکردوە و جووجولە، باڕۆکە، مریشک صفیرا

بـــــقولنا کـــــثیرا چـــو نــــدرو تــــرب
کــــووله کت وســــیف خـــربزت ضـــیارا[١]

الا نـــــــبات کـــــاهو ارواحـــــنا فـــداه
نـــحن لانـــدری مـــاهو هـــناک کـــوهسارا[٢]

بس بـاشد ایـن خـرافـات کـوتاه کـن مـقالات
آن بـــه کـه ختم آرم ایـن نـامه بـر دعــا را[٣]

یـــــا رب مـــــدرسان را تـــعدادشـــان بـــیفزا
یـــــا رب بـــده دوام عـــبدالعـــظیم مـــا را[٤]

= زەردەڵە، دیک = کەڵەشێر، لە مایە توس، عەلەیها = پێ دانەتسیوە، سرر = پەنامەکی، جیهار = ئاشکرا. واتە: بارۆکەیەکی زەردەڵە کەڵەشیر بۆی دەخوێنێ بەڵام پیا یانە تسێ وەنەبە پەنامەکی و نەبە ئاشکرا.

١ - بقول = سەوزە = هەرجۆرە گیایەک، کثیرا = زۆر. واتە: تەرەکاڵمان زۆرە چۆنەر، توور، کوولەکە، سێف، کاڵک و خەیار.

٢ - نبات = کیا = ئەراواحنا = گیانمان، نحن = ئیمە / واتە: بێجگە لە گیای کاهوو گیانمان بە فیدای بێت لەم کویستانەدا نیە. ئەوانی تر هەن

٣ - بس باشد = بەس بێت، کوتاه کن= کورتی کەرەوە، آن به = ئەوە چاکتر / واتە: با ئیتر خۆرافات و تار بێنە کۆتایی، واچاکە نامەکەم بە پاڕانەوە تەواو بکەم.

٤ - یارب = ئەی پەروەردگار، بیفزا = زۆری کە / واتە: پەروەردگار مامۆستا کانمان ژمارەیان زۆرکە هەروەها دەوامی عەبدوالعەزیمی ئیمەش بدە.



## کۆڵ کێشی مامۆستا

هەر وەکوو لەوە پێش وتمام مامۆستا بە شوێنی دنیا ویستی‌دا نەچووەلە کاتێکا لە «بانی شار» بووە مەلای دێ بووەو دەرامەتی ئەوەند نەبووە پی بژی لە قەبرسانەکەوە کە لە دێوە سەعاتیک دوور بووە داری وشکی بە کۆڵ هێناوە بۆ سووتاندن هەر وەها لە کاتێکا تەمەنی پتر لە ٧٠ ساڵ بووە لە دزلی بە کۆڵی خۆی داری هێناوە. تا خۆی توانیبیتێ بە کۆڵ داربێنێ بە کەسی نەوتووە درای بۆ بی نێت. جارێکیان مامۆستا کۆڵی‌داری بە کۆڵەوەیە، ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی تووشی کوڕە شێخەکان ئەبێ بەسواری ئەسب بەلایا تێ‌ئەپەڕن یەکێکیان ئەڵێ: «لالۆلا چا بی چێرۆ واتە: خالۆ لا چۆ ئەبی بەژێرۆ. ئەویش ئەڵێ:بوو چێرۆ خاسا، مێزەرەکەم چێرو پاو ئەسپو بەچکە شێخانە میفەڕک بۆ خەڵکی بەراش بە تەبەڕوک ئستفادەش چەنە کەرا، خۆ تا ئیسە ئی مێزەرەمە هیچ کەڵکش نەبیەن» واتە: بم بەژێرۆ چاکە، مێزەرەکەم ئەکەوێتە ژێر پێی ئەسپی بەچکە شێخ و میفەڕک ئەبێ، رەنگە خەڵک کەڵکی لێ وەرگرن، خۆ تا ئێستە هیچ خێرێکی نەبووە. یەکێ لە کوڕە شێخەکان ئەیناسێ و ئەڵێ: خۆ ئەمە مامۆستا مەلا حەسەنە. دائە ئەبەزن و رێزی لێ دەگرن. یەکێکیان ئەڵێ: مامۆستا ئەوە بۆ چی خەڵکی ئاوایی دارت بۆ ناهێنن ئەڵێ: خەڵک بۆ کەسێک دار دێنن تا دێنی پێ بسوتێنێ. من رەنگە دینم نەبێ پێ بسووتێنم، ئیتر بۆ چی دارم بۆ بێنن.

جارێکیان کۆڵێ داری بە کۆڵەوەیە ئەکەوێ، کۆڵەکەوەها بە سەر نەشیەوە قورسە

ناتوانی هەڵسێتەوە. ئەکەوێتە مردن. دوو کچ لە کێو دێنەوە تەماشا ئەکەن کەسێ بە کوڵێ دارەوە کەوتووە. هەڵی ئەسێننەوە، ئەبینن مامۆستایە و ریشە سپیەکەی قوڕاوی بووە ئەفەرمی: «شمە حوریندی یا کناچە وێمانە» واتە: ئێوە حورین یا کچە خۆمانە. ئەڵێن: حوری نین. ئەڵێ: والله تۆزێکم مابۆو بمرم، پێم وابۆوها زۆری نەماوە بچمە بەهەشت کە چاوم کردەوە ئێوەم دی بۆ یەک چرکە پێم وابوو چوومەتە بەهەشت حۆری دەبینم هەناسەیەک هەڵ ئەکێشێ و ئەڵێ: دووبارە دنیا و دووبارە ژیان. بۆ چی هەڵتان ساندمەوە دووبارە گرفتاری ژیان دبمەوە.

## مامۆستا و سیاچەمانە

مامۆستا زۆری حەز لە گۆرانی بووە. زۆر جار لە مزگەوتا و توویە ئادەی فلان سیاچەمانە بێژە با بڕۆین بۆ سەیروگەڕان کاتێک سیاچەمانەیان وتووە جاری وابووە ئاگای لە خۆی نەماوە پاش تەواو بوونی گۆرانییەکە بانگیان لێ کردووە. لە بارەی سیاچەمانەوە وتوویە هۆرەی جافی و سیاچەمانە ئاهەنگەکەیان لە ئاسمانەوە هاتووە. یەکەم جار ئیلهام بووە ئیتر بۆ کام پیغەمەر هاتبێ خوا ئەیزانێ. ئەگەر کەسی لە سیاچەمانە یا هۆرە حاڵی بێ هۆشی نامێنێ. وەکوو مەستی بێ سەرئێشە وایە ئەتوانێ بڕوا بۆ گەڕانی هەموو دنیا.

## خەڵکی دزڵی و مامۆستا مەلا حەسەن



خەڵکی دزڵی هەر وەکوو باقی خەڵکی ناوچەکە مامۆستایان بە گەورەترین زانا زانیوە و هەرفتوایەکی دابێ کەس شکی نەماوە، ئەگەر روداوێکی ئایینی، تەڵاق و نیکاح و بەیع و معامەلات و هەر جۆرە ئیشێکی کۆمەڵایەتی کە فتوای شەرعی ویستبێ، مامۆستا ئاخرین دەلیل بووە و کەس نەیتوانیوە رەدی بداتەوە و زۆر لە خەڵکی دزڵی وتوویانە ئگەر مامۆستا مەیلی بێ رەنگە بتوانێ خۆشک بۆ برامارەکا (مەبەست ئەویە زۆر خوێنەوارە ئەگینا شتی واناگونجێ).

لە کاتێکا کە لە دزڵی دەبێ، دەرسی فەقێ دەڵێتەوە.دوو کەس لە خەڵکی دزڵی کە هەردووکیان تەمەنیان درێژ بووە لای دانیشتوون و گوێیان لە دەرسی شەرع گرتووە، وەها لە شەرعدا شارەزا بوون کە خەڵک پرسیاریان لێ کردوون. مامۆستا «مەلا عارفی خۆرماڵ» کە زانایەکی پایەبەرزە فەرموویە لە کاتی دەرس وتنەوە لە «توحفە» (١) پرسیارم دەکرد لە «حەمەی باوا» و «حەمەی سلێمان»ی دزڵی کە ئەم مەسەلە چۆنە؟ خێرا دەیانوت مامۆستا وای فەرمووە. جارجارە جەڵدی کتێبەکەشیان نیشانئەدا و بە جۆرێ لە شەرع ئاگابوون ئەتوت خۆیان مەلان، هیچکامیشیان خویندەوار نەبوون.

## هەژار و مەلا حەسەن

خواڵێ خۆشبوو مامۆستا بێ هاوتای چەرخ، گەورە پیاوی شەرەف و ئابڕوو

١ - کتێبی شەرعە کە «ئیبنولحەجەر» نووسیویەتی.

مامۆستا هەژار لە بارەی سەیید حوسینی «حوزنی»وە لە کتێبە بایەخ دارەکەیدا (چێشتی مجیور)[1] باس دەگا تا دەگاتە باسی مەلا حەسەنی دزلی و پارچە شێعرێکی ناتەواوی لێ دەگێڕێتەوە. پێم وایە هەژار هێندە مامۆستای بەدڵ بووە تەنیا پارچە شێعرێکی لێ بیستووە لە بەری کردووە. ئەمیشە دەقی نوسراوەکەی هەژارە لە بارەی مامۆستاوە ئەفەرمی:

حوزنی ئەوەندە گفت و لفت خۆش و ئاگادار بۆو، پیاو حەزی دەکرد هەر گوێی بۆرادێرێ. ڕۆژێک گوتی: بە داخەوە کورد چونکە هەمیشە ژێر چەپۆکە بوون. شاعیر و نووسەری گاڵتەچیمان لێ هەڵ نەکەوتوون، کە گەپ و گاڵتەش بەشێکی گرینگە لە ئەدەبیاتدا. من باسی مەلا حەسەنی دزلیم بۆکرد کە زۆر گاڵتەچی بووە و بەداخەوە لە برسان مردووە. نموونەی کردەی ئەو پیاوەی لێ خواستم، شێعرێکم بۆ خوێندەوە کە لە مەریوانەوە بۆ فەقییەکی برادەری خۆی بە ناوی» حەمەدەمین هەمەوەندی بۆ شاری سابلاغی نووسیوە. من وەک عادەتمە، لە خوێندنەوەی شێعری لە بەردا چاو لە سەر یەک دادەنێم. لە و ناوەدا چاوم هەڵێنا. ئەو پیرە ریش سپیە بە دەست و پێ سەمای دەکرد گوتی: پیاوێک دەنێرم کە بە دووی نووسراوی ئەو پیاوەدا بگەڕێ و لەڕۆژنامەی دەنگی گیتی تازەدا بڵاوی دەکەمەوە، کە بە داخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا. ئەمەش بڵێم کە لە پاش مەرگی، گۆڤارەکە هەڵگیرا و ئیمتیازەکەیان دابۆو بە حوزنی، بەڕۆژنامەیەکی چوار لاپەڕەیی دەری دەکرد و

١ - چێشتی مجیور، لاپەڕەی ١٢٣ چاپی پاریس ١٩٩٧.



ئەدەبیاتی کوردی تیدا دەنووسی.

شێعرەکان ئەوەندەی لە بیرم ماون ئەمانەن:

ای عـــازم ســـاوجبلاغ، عـــرض ســلام ایـــن حـزین
بـــــخوان کســـــی را نـــام او انـــدر دهـــانم انگـــبین

چـــابک هـــەمەوەند کـــه او، در وقت غـــارت بـــارها
بـــرکنده بـــزها پـــوست را، درویشـــها را پـــوستین[1]

اســـمش رســـاندها پـــیام[2]، آنـــهم پـــیام ایـــچنین
اول مـــــحمد آمـــــده، آخـــــر نـــــقیض لل امـــــین

بـــاری اگـــر مـــرسوله[3]ای نـــنوشت ســوی ایـــن طـــرف
منعش نباشد زان مکـــان، گـــر غـــافل است از مـــا چـــنین

شـــهر[4] ســـیه چشـــمان وی هـــمچون غـــزالان خـــتن
تـــعطیر نـــاف دلبـــرش چـــون نـــافەی آهـــوی چـــین

پـــــیکان مـــــژگان ســـیه، بـــرسینەی هـــرکس زنـــند
فـــــوارەاش بـــــالا رود، تـــــا آســـــمان هـــــفتمین

١ - واتە، پێستی بزنی داماڵیوە و پۆستینی لە کۆڵی دەروێش داکەندوە.
٢ - ناوەکەی هەموو پەیامێک دەگەیەنێت.
٣ - نوسراو. ۴ - مەبەستی سابلاخە.

اقــبال شــد یــار کسـی، رێگـەی لە سـەرکانی کـەوێ

ارياح[١] برگشته عقب[٢]، عينان زەق[٣]دەم داچـەقين

بەرخۆلەتون، دوشـەحمەتون، تـاقانەتون فـی بـەلدەتين

قــيتالەتون[٤]بــالغەمزەتين، بـا آن دو چشـم نـرگسين

گــر مــار و عـقرب [٥]ميگزد آگـە نـمیگردد کسـی

هـمراه شـد بـا طـاوساندر رانـەبێره[٦] و گـوڵ چـنين

آتش [٧] به جانها افکنند وقـتیکە چـون کـبک دری[٨]

آيــــند بـــيرون از حـــمام بـــا آن خـــدود آتشــين

پشــــمينه پــــوش اطـلسی [٩]زنگــاريان قــاوسی

جـــنبيدن[١٠]دســـمالشان گــە بــريسار و گــەيمين

---

١ - ئەرياح = ريح = باکان. واتە هەرکەسی شانسی ببێ رێگای بکەوێتە سەرکانی لە دواوە بای لێ دەبێتنەوە و دەمی دادەچەقێ.

٢ - دوا.

٣ - چاو زاق.

٤ - دەيکوژێ.

٥ - دووپشک.

٦ - «رانە بێرە» = بۆ دۆشينی ئاژەڵ پێش نـيوەرۆژنـان لە دێ دوور دەکـەونەوە پـێی دەڵێن رانەبيرە.

٧ - ئاور.

٨ - کەو.

٩ - بەرگی پەشمينەيان لە بەردايە و رەنگاورەنگن زەنگار = سەوزی تير، قاوس = شاريکە.

١٠ - شەکانەوەی دەسەسڕەکانيان لە ڕاستوچەپەوە.



لو عــــانق الانســـان بـــالبنت الّــتی مـــن قـــربکم[١]

صـــادر شـــود بـــی اخـتيار، از وی ريـاح فـاوسين[٢]

درويشهای کـولکـنين ، ريش نـێری و زوڕ نـاکـەپو[٣]

سەر چۆلەکەی، گون کوولە کە، مانند جامووس بطين[٤]

فــل يــنظر شـێخ و مــەلا گــويند لاحــول و لا[٥]

بالا رو لەنجەی کوتری با ناز و عشوە و پـێ کـەنين[٦]

بينند چون آن لعبتان، چـون ديـوشان دربـر کشـند[٧]

بـا بـۆلە بـۆڵ و قـيشەفيش، بـا لرفـە لرف و ئـاخنين...

رەنگە چەند بەيتێکم لە بير نەمابێ‌منيش تائيرم بۆ ساخ کرايەوە.

## مامۆستا هێمن و شێعرەکانی مەلا حەسەن

مامۆستا هێمن شاعيری دڵسۆز و لێهاتووی کورد ئەڵێ: لە بەغدا پارچە شێعرێکی

---

١ - ئەگەر مرۆڤ جوان تەماشای ئەوکچە بکا کە نزيکيەتی.

٢ - بێ ئيختيار بای «فس»ی لێ بەردەبێ.

٣ - دەروێشی کولکن کەريشيان وەکوو حەچەنێر و دەميان وەکوو سوڕنا وايە.

٤ - جامووس بطين = کامێش ورگن.

٥ - کە شێخ و مەلا دەيان بينن، ئەڵێن «لا حول و لاقوە الا باللە».

٦ - وەکو کوتر دەچنە ڕيدا و خۆدەنوێنن و پێ دەکەنن.

٧ - ئەم تاکەيە خۆت ماناى کە.

مەلا حەسەنیان بۆ خوێندمەوە هێندەم کەیف کرد، چەن رۆژ دوای ئەوە پێم وابوو شتێکی چاکم دۆزیوەتەوە یا مزگێنی یەکی چاکیان داومەتێ. داوام کرد شێعرەکەم بۆ بنووسنەوە شیعری واخۆشم ئائێستە نەبیستبوو زۆرم کەیف پێ کرد. پێم وابوو ئەدەبی کوردی وەک مەلاحەسەنی کەم بۆە. پاشان بیستم کە چۆن ژیاوە، چەندم بە شێعرەکە کەیف کرد، ئەوەندەش بۆ کلۆڵی کورد گریام. (روژنامەی کوردستان، سالی ٤١ )

## «مامۆستا قانیع و شعری مەلا حەسەن»

مامۆستا قانیع شاعیری شۆڕشگێر و لێهاتووی کورد فەرمووی: «ئەگەر وەک مەلا حەسەنی دزڵی شاعیر بوایەم دەنگی داماوی کوردم دەگەیاندە ئەو پەڕی دنیا.» ئەم شاعیرە چەن بەیتیکی بە شیعرەکەی مامۆستا ـ کە بۆ موجتەهیدی کوردستانی نوسیوە ـ زیاد کرد بوو پاشان فەرموی وەکو شیعرەکەی ئەو نابی روخسەتی نەدا بلاو بکرێتەوە بەلام من نوسخەیەکم دەسکەوت لە بەر فەرموودەکەی خۆی بلاوی ناکەمەوە.

## «مامۆستا مەلا باقری بالک و مامۆستا مەلا حەسەن»

مامۆستا «مەلا ئەحمەدی خاکی» مەشهوور بە «مەلا ئەحمەدی توتوندر» گێرایەوە وتی: جارێکیان کابرایەک تەلاقی کەوتبوو مامۆستا مەلا حەسەن چاکی کردبۆوە.



مەلاکان توورە ببون. مامۆستا مەلا باقر کە مەلای چاک و مودەررسی بە ناوبانگی وڵاتی مەریوان بۆو فەرمووی: «مەلا حەسەن مەلایە.»

لە بیرم نیە کێ بوو گێڕایەوە وتی: پرسیمان لە مامۆستا مەلا باقر «مەلاّ حەسەنی دزڵی چۆنە» فەرمووی: من مەلای وا چاک ناناسم و کەسم نەدیوە ئەوەندە خوێندەوار بێ بەلاّم بە داخەوە لە عیرفان بێ بەهرە بووە»

## «سوارەی ئێلاخانیزادە و شێعری مەلا حەسەن»

ئەو کاتە رادیوی کوردی ئیران لە کرماشان بوو. خواڵی خۆشبوو «سوارەی ئێل خانیزادەی شاعیردا وای کردهەرکەس شێعری مەلا حەسەنی لایەبینرێت بانە فەوتێ وەفەرموی کورد شاعێری بەدەسەلاّتوشۆخی وەک مەلا حەسەی نەبۆە»

## «دەگاشێخان و تووتن»

مامۆستا هەر وەکوو وتمان جارجارە لەگەڵ هەواڵ و خۆشەویستەکانیدا بۆ شۆخی شێعر دەکاتە بەهانە بۆ هەواڵپرسی. جارجاریش نەداری زوری بۆ دێنێ، لەو برادەرانەی کە پیایاندا دەپەرمێ داوای چای و شەکر و تووتن یا کاغەز بۆ نوسین دەکا. زۆر جار ئەم داواکاریە بووەتە هۆی خۆلقاندنی پارچە شێعرێکی زۆر جوان. بۆ نموونە: جارێک بە بۆنەی بڕێک تووتنەوە شێعرێک بۆ خەڵکی دەگاشێخان دەنێرێ کە چەن ساڵ لەوێ بۆە بیریان دەکاتەوە، سلاّویان بۆ دەنێرێ و

لە خزمەت و زەحمەتیان لەگەل فەقێ و مەلادا باس دەکا. ئەمەش دەقی ئەو شیعرەکە ئەویش چون دەماودەم بۆ ناتەواوە رەنگە زۆر وشەیشی گۆڕابێ بە داخەوە لەسەر کاغەز نەنووسرابۆەوە. لەچەن کەسێکم بیست تا ئێرەیەم بۆ راست کرایەوە:

پەوکێ چی دنیا شادی و وەشیمەن

بینایی دیدەم عەبدوالحەکیمەن (١)

ئامان و دەخیل بیاوەم پەنە

کیسەی تەماکۆم تۆزش نەمەنە (٢)

حەمە کەریم گیان نەتەوەی ئاڵتون

کۆنە تەڕەوان وێنەی ئەفلاتوون (٣)

---

١ - پەوکێ = بۆیە، چی دنیا = لەم جیهانەدا، وەشی = خۆشی، عەبدول حەکیم = ناوی پیاوێکی زۆر چاک و سەخی خەلکی دەگاشێخانە / واتە: بۆیە لەم جیهانەدا خۆشیمە چون رووناکی چاوەکانم عەبدول حەکیمە.

٢ - بیاوەم پەنە = بگەپێم، کیسە = جێگای تووتن، نەمەنە = نەماوە / واتە: ئامان = و دەخیل بگە پێم کیسە کەم تەنانەت تۆزی توتنی‌یشی تێدا نەماوە یانی تووتنم تەواو بۆو.

٣ -حەمە کەریم ئاڵتوون = پیاو چاکێکی دەگاشێخانی ئەفلاتوون = زانایەکی یۆنانی‌یە / واتە: حەمە کەریم گیان لە بنەماڵەی ئاڵتوون کە لە مێژەوەتەڕەوانی وەکو ئەفلاتوون ژیری.



حەمە قسەوەش، حەمە زوان وەش

گەورە تەڕەوان چوار و پەنج و شەش (١)

قلیان بەوێنەی بزڵە هەتیمە

عەرزەش هەن وەلای ئەحمەد رەحیمە (٢)

ئەر جاهامسایا وێت دزیت کەردن

یا چنگڵە روکێ یا گزیت کەردەن (٣)

نام وردە دانەی خەربەنگت هاڕان

نام جەتەماکۆی بن پەلت ماڕان (٤)

---

١ - قسە = وتە، وەش = خۆش، زوان = زمان / واتە: حەمە قسەخۆش و حەمە زوان خۆش لە مێژە تەڕەوانی لە چوار و پەنج و شەش تەرەوانی تر گەورەتری.

٢ - قلیان = کەرەسەی تووتن کیشانە، بزڵە = کاژەلە، ئەحمەد رەحیمە = یەکێ لە پیاوە زۆر چاکەکانی دەگاشێخانە / واتە: قلیانەکەم وەکوو کاژەلەی بێدایک هاوار دەباتە بەر ئەحمەد رەحیمە، مەبەست ئەوەیە کاژەلەی هەتیو لەبەر بێدایکی سەر دەکاتە ژێر هەر بزنێکدا بۆ چۆڕێ شیر. مامۆستایش قلیانە کە تەشبیە دەکات بە کاژەلەی هەتیو دەینێریتە دەگاشێخان و لای ئەحمەد رەحیمە بۆ تووتن .

٣ - همسایا = هاوسێکان، وێت = خۆت، گزی = گسک / واتە: ئەگەر لە هاوسێکانتان دزیت کردووە یا چنگڵە رۆکێ یا خۆگسکت داوە لە بێخ خەرمان چنگە توتنێکم بۆ بنێرە، مەبەست لە چنگڵەرۆکی ئەوەیە پاش تەواو بۆونی دانەوێڵە لە خەرماندا بە چنگ و ناخۆن هەرچی رژابێت دەی چننەوە.

٤ - خەربەنگ = بەری گیایەکە بۆ بڕێ مەبەست دەسووتێ، هاڕان = هاڕیوتە، تەماکۆی بن

یـــام ســـاقە زلت هـــاڕان بـــە دنگـــێ
قـــلیان مـــاتلا پـــەیم کـــیانە چـــنگێ (١)
ئـــەر هـــیچکام نـــەبێ گـــزگلێ، هـــاڕە
بـــیاونەم پـــەنە حـــاڵە تـــم فـــاڕە (٢)
قـــلیان ســـیاقیر ســـینەم تـــەنوورا
هـــاشیم وەهـــەردا پـــەی هـــەشە نـــوورا (٣)

---

پەل = تووتنی بن پەل ماڕان = شکاندنەوە = لە هاویندا کە هێشتا تووتن گەڵاکانی زەرد نەبووە و پێ نەگەیشتووە لە خوارووی چلە توتنە وەگەڵا زەرد دەبێ لە ناچاریدا جگەرەکێشەکان کەڵکی لێ وەردەگرن / واتە: ئەگەر وردە دانەی خەربەنگت هاڕیوە یا لە تووتنی بن پلەت شکاندوەتەوە.

١ – هاڕان = هاڕیوە، دنگ = بەرد یا دارێکە چاڵ کراوە، هەرشتیک گەرەکیان بێت وردی کەن دەیکەنە ئەم قولکەوە و بە بەردێک کە وەک کەلەشەکەر تاشراوە ساف کراوە لێی دەدەن هـەتا وردی کەن یان بیانەوێ دانەوێڵەیەک وەکو برنج و گەنم پێستی بگرنەوە لەم دنگەدا دەیکوتن. لە زۆر جێگەدا دۆلی پێ دەڵێن / واتە: ئەگەر ساقەیەک زلی تووتنت هاڕیوە قـلیانەکـەم مـاتلە چنگێکم بۆ بنێرە.

٢ – نەبی = نەبۆ، گزگل = بەری داری مازوە بۆ پزشکی و لە کیمیادا کەڵکی لێ وەردەگیری بە ئەندازەی گویزیکە تالە و ناخۆری / واتە: ئەگەر خەربەنگ و ساقەزل نەبۆ، گزگلێکم بۆ بهاڕە و بۆم بنیرە با حالم بگۆڕێ فارە = بگۆرە.

٣ – سیاقیر = قیرە رەشە، شیم = چووم هەشەنوورا = گیایەکی کێویە وەکوو تـووتن وایـە بەڵام بۆ جگەرەکێشان بەکەلک نایە / واتە: قلیان وەکو قیرەرەش سینەم وەکوو تەنوور دەگرێ خەریکە بچم بە هەردا بۆ گیای هەشە نوورا.



ئـــــیستقبال کـــەروو جـــەقۆزەداران
بـــەش نـــەفەسێم دا جـە ژحـرەماران (١)
ســـینەم ئـــاشوفتە دەروون نـــاڵەشـا
هـــەناسم گـــیزەی زەردە واڵەشـا (٢)
پـــێچـی مـێزەرەم وێنـەی کـالیارەن
هـەیکەلم وێنـەی ئـوسا دانـیارەن (٣)
ئـــەمانەتیت بـــۆ وەخـــتی عـــەلاجەن
ریش و ســـمێڵم وڕەی هـــەلاجەن (٤)
هـــا نـــەختێش مـــەنەن بـــەیا نـــەسەردا
واچون قـنگلاشک بـەرۆش وەهـەردا (٥)

---

١ – ئیستقبال = پێشواز = بە پیرەوە چوون، بە ش = بەڵکو واتە: دەچم بە پیری قۆزەدارانەوە بەڵکو نەفەسێکم بدەنێ لەو ژەهری مارە.

٢ – ئاشوفتە = تێکچوو، زەردە واڵە = وەکوو هەنگ وایە بەڵام هەنگوین ناکا / واتە: سینەم تێکچوو دەروونم نالەیەتی هەناسەم وەکوو زەردەواڵە گیزەی دێ.

٣ –کالیار = ترۆزی توو ئوسا دانیار = وەستایەک بووە لە شـاری سـنە / واتـە: مـێزەرەکـەم پێچەکانی وەکوو کالیار قەوی و وناقۆلا بۆە هەیکەلیشم وەکوو ئوسا دانیاری لێ هاتووە.

٤ –بۆ = ببێ، وڕە = لوکە / واتە: ئامانەتیت بێ وەختی عیلاجە ریش و سمێڵم وەکو لوکـەی هەلاجی لێ هاتووە.

٥ – نەختێش = تۆزێکی، مەنەن = ماوە، نەسەردا = لەسەردا، وا= با قنگلاشک= دڕکی کەنگرە پیر دەبێ و با بەم لاو بەو لادا دەیبا / واتە: تۆزێکی ماوە لەبەر سپی بوون ریش و سمێڵکم وەکوو

ئــارۆ پــەنج رویــن قــلیانی هــالّی
مــژوو تــاچەشوو ژاراوی تــالّی (١)

ژارش تــەمام بــیتالّیش هــیچ نــەمەن
شیرین بیّدلّیش چون شەکــر و قــەن (٢)

حەسەن جە دزلی وای سەر ئیلاّخــان
هــاوارت یــاونۆ بــە دەگــاشیّخــان (٣)

چــون داشیّخانی هــەر پــەی خــوّاینیّ
پەی شیّخ و مــەلاّ هــەر جــانفیدایــنیّ (٤)

ئــــافەرینتا بــــۆ دەگــــاشیّخــــانی
گیان فیدای عــیلم و دیــن و ئــیمانی (٥)

---

قنگلاشک خەریکە هەلّدەوەری و با دەیانبا بەم لاو بەو لادا.

١ - ئارۆ = ئەم ڕو، پێنج ڕوین = پەنج رۆژە، هالّی = خالّی، مژۆ = دەمژم / واتە: ئەمڕۆ پەنج رۆژە قلیانی خالی دەمژم تا بەلکوو بچێژم ژاراوی تالّی.

٢ - ژارش = ژاری / واتە: قلیانەکەم ژاری تەواو بووە و تالّی نەماوە. وەک شەکر و قەند شیرین بووە.

٣ - ئێلاّخ = کوێستان، یاونو = بگەیەنیّ / واتە: حەسەن لە دزلیەوە بای کوێستان هـاواری بگەیەنیتە دەگاشیّخان.

٤ - پــەی = بــۆ / واتــە: چــونکە دەگــاشیّخــانی بــۆ خــوّدان و بــۆ شــیّخ و مــەلاّ گــیان فیدان خزمەتکاری ئایین و زانیارین .

٥ - واتە: ئافەرین بۆ ئێوە خەلکی دەگاشیّخان کە گیانفیدای زانیاری و دین و ئیمانن . .



«انشــاالــلــه» وەخــتیّ حــەشرەما کــەرا
چــــەنی ســــولەحا نــامیّمــا بــەرا(١)

حــەدیسەن هــەرکەس چــەنی کــەسیّ بــۆ
پەی خزمەتی عیلم پیّسە مــەسیّ بــو (٢)

ئاخ جا چــەن وەشــا پــیّوە جــە مــەحشەر
حــەشرما کــەروّ خــالقی ئــەکــبەر (٣)

جــا مــلمیّ بــەهەشەت پــیّوە «انشــاالله»
ئــەحسەنول حــەیات تــەبارک اللّــه (٤)

## «ئەم شیّعرەیش»

لە کاغەزە دڕاویّکی کۆندا لەسەر شیعریک نوسرابۆو: شیعری مەلا حەسەنی دزلی

---

١ - «انشاءالله» ئەگەر خۆابیەویّ، چەنی = لەگەلّ / واتە: ئەگەر خۆابیەویّ کاتیّک حەشرمان دەکریّت لەگەلّ چاکانا ناومان دەبریّت.

٢ - حەدیس = فەرمایشتی پیغمبەری (د.خ) پەی = بۆ، مەسیّ = ئاسنیکە لە سەر ئاگردان کە ئاگرەکەی پیّ جیّ بە جیّ دەکەن / واتە: فەرموودەی پیّغەمبەرە هەرکەس لەگەلّ کەسیّکدا بیّ بۆ خزمەتی زانست وەکوو مەسیّ واتە بۆ ئاگردان .

٣ - پیّوە = پیکەوە، کەرۆ = بکا / واتە: ئاخ کە چەند خۆشە خوا، لەگەلّ ئەوانەدا حەشرمان بکا

٤ - ملمیّ = دەچین / واتە: جا دەچین بۆ بەهەشت بەیەکەوە ئەگەر خۆابیەویّ ئەوە چاکترین ژیانی پیّروزە .

**کۆتایی شێعرەکەش بەم جۆرە بۆو :**

**«نبشته شد در خانه ماموستا سید محمود ساکن قریه وەیسیا اورامان ذلیل و غریب عارف بینشان ۴ شنبه ١٣٩١»**

**بەلام سەبارەت بەو عارفە هیچ زانیاری یەکم وەدەست نەکەوت. ئەم تاریخەیش نازانم و ناش زانم ئەم شیعرە هی ماموستایە یا نە دەس نوسەکە هەیە.**

**ئەمەش شیعرەکە:**

**دەف ئـــاسا بـــەو ســۆز نـاڵە و سـەداوە**
**روو ئەو یاران بـۆ پشت ئـەو پـەناوە[١]**
**نـــەوا چـــون نـــەوەخت جـیایی یـاران**
**بە سەیلی ئەسرین چون نەو بەهاران [٢]**
**تـــیامەت ئـــەوسان بـــە رووی دنـــیاوە**
**یـــاران جـــە یـــاران جـــیا مـــەباوە [٣]**

---

**١ - ئاسا = وەکوو واتە: وەکوو دەف بە سۆز هاوار و دەنگەوە رو بکەرە یاران و پشتت بکە لە پەناوە مەبەستی ئەوەیە دەف روی لە دەف لیدەرەکەیە و پشتی لە نادیاریدا .**
**٢ - واتە: مەبادا لەکاتی جیای خۆشەویستاندا فرمێسک لافاوی بەهاران دابڕژێ .**
**٣ - ئەوسان = ئەو کات مەباوە = دەبنەوە / واتە: رۆژی دوایی ئەو کاتەیە کە خۆشەویستان لە یەکتر جیا دەبنەوە، مەبەستی مەرگی یەکێ لە خۆشەویستانە.**



**جـــارجـــار بـــە دۆعـا کـەریمان وەیـاد**
**ســـا یـــانە ئـاوا مـەرحـەمەت زیـاد[١]**
**زنـــدگی دنـــیا هـــەرچـــی بـــی دیـــما**
**خـاویٚ بـیٚ ویـەرد دیـما و نـەدیما [٢]**
**یـــا جـــە گـونای مـن کـەرەم ئـاوان‌تـر**
**رەحمەت چ تـاوان مـن فـراوان تـەر[٣]**
**هـــەر تـــۆنـــی وەتـــاق دانـــا و تـەوانـا**
**توم هەنی، هەنی ئـەو کـێم بـۆ هـانا [٤]**

---

١ - کەریمانوە یاد = بیرمان بکەیتەوە، یانە = ماڵ / واتە: جار جارە یادێکی خێرمان بکەوە ماڵت
ئاوا بێ و مەرحەمەتت زیاد .
٢ - خاویٚ = خەویٚ، بی = بۆو ویەرد = رابۆرد / واتە: ژیانی دنیا هەرچی بوو دیمان، خەویٚ بۆو
رابۆرد دیمان و نەماندی یانی زۆر شتمان دی و زۆر شتمان نەدی .
٣ - گونا= گوناه = تاوان ، ئاوان‌تر = زۆرتر، / واتە: ئەی ئەو کەسەی کە لێ بۆردن و کەرەمت لە تاوانی من زۆرترە .
**٤ - هەر تۆنی = هەر تۆی، تاق = تاک تۆم هەیە، هەنی = ئیتر، ئەو کێم بۆ = لە کێم بێ، هانا = هاوار.**

بـەو فـەسڵ فـیراق خـاتر پـڕ خـاران
بـەو یـادی دمـای یـەکـتری یـاران (١)
ئەر سەد تـاوانـم جـە حـەد ئـەو دەرەن
دەفـتەرم جـە رووی وێم سیاتەرەن (٢)

## «مەلا حەسەن و مەلا سەیید موحەممەدی گیزمل»

مامۆستا پارچە شێعرێکی زۆر جوانی کوردی و عەرەبی و فارسی بۆ مـامۆسـتا «سەیید موحەممەد گیزملی» نووسیوە کە ئەویش وەڵامی ئەداتەوە. وەڵامـەکـەی ئەویش دەنووسین بە پێی فەرموودەی کاک «شێخ مـوحەممەدی سـراجـەدینی «مامۆستا سەیید موحەممەد گیزملی» لە بنەماڵەی پیرخدری شاهۆ، کوڕی خوا لێ خۆشبوو مامۆستا سەیید محەممەد ئەمینە. لە ساڵی ١٢٦٩ هیجری شەمسی لە دێی گیزمل لە دایک بووە. لە بنەماڵە زانست پەروەرەکەیدا خوێندنی دەست پێ کردووە وەکوو باقی فەقێیان چووتە دەرەوە و لە کوردستانی ئەم دیو و ئەو دیو خوێندنی تەواو کردوە. پـاشان بـووەتە مـودەرریس لە «دەووڕووە» لە ١٣٠٥ دا نـەخۆش

١ - فەسڵ = جیابۆونە وە، فیراق = جیایی، دووری خاتر = دل، دمای = دوای / واتە: بـەو جیایی و جیا بۆونەوەی دلێ یاران پڕ لە دڕکە وئیش دابڕانە واتە زۆر ناخۆشە جیا بۆونەوەی یاران.

٢ - ئەو دەرەن = بە دەرە، دەفتەرم = نامەی کردەوەم، سیاتەر = رەش‌تر / واتە: ئەگـەر چـی تاوانم لە ئەندازە بەدەرە دەفتەرو نامەی کردەوەم لە رووی خۆم رەش‌ترە.



دەکەوێ بۆ چارەی نەخۆشینەکەی دەیبەنە کەرکووک. ئەیانەوێ کاردۆژی (١) کەن واتە عەمەلی کەن کە بی‌هوشی دەکەن ئیتر نایەتەوە سەرخۆی و فەوت دەکا. خۆالێی خۆش بێ.

ئەمەش شیعرەکەی مامۆستا مەلا حەسەن:

ســـلام مـــن الهـــجری نـــحو کـــبارکم
دعـــاء مـــن الدزلی نـــحو صـــغارکم (٢)
أیـــا مـــعشر الاخـــوان زادت عـــلومکم
وبـــورک فـــی‌الچـــایی و أثـــمار دارکـــم (٣)
عـــجبت مـــن الاخـــوانـــی هـــلاتذکروا
قـــریبا بسکـــناهم یســـمی بـــجارکم

١ - کاردۆژە لە جیگەی عەمەل دا بنرێت چاکە، کارد = چەقو، وەژ = دامـاڵیـن داڕنـین بـۆ هەڵکۆڵین گویزو دەرگادانی زام و بڕینی گوشتی زیادە لە زامدا بەکاربراوە وشەیەکی هەورامی کۆنە ئەگەر پەسەندی خاون قەلەمەلان بێت دانانی لە جیگەی عمل زۆر چاکە.

٢ - سلام = دورد، می‌الهجری = لە لایەن هیجری‌یەوە (هیجری نازناوی مەلاحەسەنە)، نحوە = وەکوو کبارکم = گەورەکانتان، دعاء = پاڕانەوە، صیغارکم = بچووکەکانتان / واتە: سلاوێک لە هیجری‌یەوە بۆ گەورەکانتان، دۆعایەک لە دزلی‌یەوە بۆ بچووکەکانتان.

٣ - الاخوانی = براکان، زادت = زۆربێ = زانیاریتان، بورک = پیرۆزبێ، اثمار = بەری دار.

امن قلة الچايی غموض عيونکم

ام السيو و القيسی ليسا بدارکم (١)

بلالۆک امسالٚ بزنبيل عزکم

فيا ايهاالناس اذکروا حالٚ پارکم (٢)

و ادوا و جوبا من زکات ثمارکم

بمسکين محتاج فەقير و هەژارکم (٣)

غنيون انتم فارحمونی بدنکه (٤)

بعاد لسيوانين بە کۆلو بەبارکم (٥)

وان لا ستمعتم ما ذکرتم فهيئوا(٦)

بحرب و هجاء پياده و سوارکم (٧)

---

١ - قله = کەم، عيونکم = چاوتان، ليسا = نيه، بدارکم = به دارەکانتاوه / واتە: بەرەکەت بکەويتە ناوچای و ميوەی دارەکانتان، سەرم سوورماوه لەو برايانە بۆچی ئاگايان نيه.

٢ - زنبيل = دەسه چينه، عزکم گەورييتان، ايها الناس = ئەی خەلکينه، پارکُم = پارەکەتان لە وکەسانەی کە ماڵيان نزيکه و پيێان دەوتری دراوسێ .

٣ - بيدەن بە نەدار و سواڵکەر و بێ دەرامەت و هەژارەکان .

٤ -لێوه دەوڵەمەندن بە بەخشينی دەنکە ميوەيەک بە زەييتان پێمدا بێتەوه .

٥ - دوورين لە بارولە کۆڵی سێو.

٦ - ئەگەر گوێ نەدەن بەوەی باسم کرد دەجا ئامادە بن .

٧ -بۆ شەڕو بەربەرەکانێ بە پيادە و سوارە .



و انی مع الجيش احاصر سورکم (١)

نحيط حواليکم دەر و ژور خوارکم (٢)

و فر سانـنا لوبار زوامثل حيدر(٣)

يفر کثعلب پياوی بەکارکم (٤)

اذا شاهر سيفا لقتل علينا(٥)

يفر صفوفکم و ذواذوالفقارکم (٦)

اذا اختلطا الصفان منا و منکم (٧)

يزيد القتالی من سەدو هەزارکم (٨)

و تالانکم حيوان ديک دجاجکم (٩)

فبارگيرکم اسپ رەووهم قطارکم (١٠)

---

١ -ئەمن لەگەڵ سوپادا گەمارۆی ئێوه ئەدەين .

٢ -چوار دەورتان ئەگرين يانی دەر و ژور و خوارتان .

٣ -کاتێ سوارەکانمان وەکوو حەزرەتی عەلی مل ملانێ دەکەن .

٤ -پياوه بە کارەکانتان وەک رێوی هەلدێن .

٥ -کاتيک عليمان شمشێری کوشتاری هەلکێشا.

٦ - ريزەکانتان زولفەقار بە دەستەکانتان هەلدێن .

٧ -کاتێک ريزەکانمان تێکەڵ يەکتر دەبن .

٨ -کوژراوەکانتان لەسەد و هەزار زۆرتر تێپەڕ دەکات .

٩ - حەيوان وکەڵەشير و مريشکەکانتان تالان دەکەين.

١٠ - يابۆو و ئەسپ و رەوه قەتارەتان .

فلا بدلایبقی لدیک مریشککم (١)
مەڕ و مەنجڵ و کەوچک و بز و بەرخ و کارکم (٢)
و گەنم بخەروار و خاک بتوورەکە(٣)
سیگار و قوتوو و کاغەز و دمارکم (٤)
الا ارتفاع التوز من سم ئەسپنا(٥)
یریکم نجوم الیل ظهر نهارکم(٦)
اذا ارتفعت فوق رماح روسکم (٧)
عرفتم بأنا دشمن خۆنخوارکم(٨)
و نحرق مەزارکم ثمانین مووچە(٩)
نکسیر و آمورا و تەشۆی و مشارکم(١٠)

---

١ -کە وابێ نامێنێتەوە کەڵەشێرێ بۆ مریشکتان .
٢ -مەڕ و مەنجەڵو کەوچک و بزن و بەرخ و کاژەڵەکانتان .
٣ -گەنمتان بەخەروار دەبەین و خاکتان بە توورەکەوە دەبێژین .
٤ - جگەرە و قوتوو و قاقەزی جگەرە و ساقی تووتنتان بەتالان دەبەین.
٥ - بزانن بەرز بۆونەوەی تۆزی سمی ئەسپەکانی ئێمە.
٦ -پیشانتان دەدات ئەستیرەی شەو لە نیوە ڕۆتاندا.
٧ -کاتێک رمەکان لە سەر سەرتانەوە هەڵدێنن .
٨ - زانیان ئێمە دوژمنی خۆێنە خۆری ئێوەین .
٩ - دەسووتێنین هەشتا لە مووچەو و مەزراکانتان .
١٠ - ئامورر و تەشوێ مشارتان دەشکێنین .



و نرعی و لاغنی ببرکات گەروڵەتین(١)
خەیار و ترۆزی کاڵەک و کالیارکم (٢)
قتال بغایە لمن عهد آدم (٣)
شبهە لم یکن الی روزگارکم (٤)
الا ایها الاخوّان انی اصالح(٥)
علی ان لو سرتم لاکل ثمارکم(٦)
ذهبتم الی الباغ مشیتم تبخترا(٧)
جمعتم بمجلس بظل چنارکم(٨)
ذبحتم عتودات طبختم لحومها(٩)
تسویتم کبابا بمجمرات نارکم (١٠)

---

١ -گوێ نادەین، ناپارێزین تەرزێکی گەڕۆڵ-بڕکە = بنی شووتی یا کاڵەک یا خەیارو ترۆزی.
٢ - بڕکە گەرۆلی خەیار و ترۆزی و کالەک و کالیارتان.
٣ -کوشتاریکی وا بە جۆرێ کە لە زەمانی بەنی ئادمدا.
٤ - وەکوو ئەم کوشتارە نەبۆوبێ لە رۆژگارتاندا .
٥ - بزانن براکانم، ئێمە ئاشتی دەکەین .
٦ - لە سەر ئەوەی ئەگەر ڕوشتن بۆ میوە خۆاردن تان.
٧ - رۆیشتن بۆ ناو باخ بە لار و لەنجە .
٨ - بە دەوری یەکدادانیشتن لە ژێر سێبەری چنارەکانتانا .
٩ - سەر دەبڕین کاژەلەکانتان، گۆشتیان دەکوڵێنین .
١٠ -کەبابی لێ دروست دەکەین لەسەر پشکۆی ئاگرتانا، پشکۆ = سکڵ.

چـــەوەشتم ســـەماورا عـــليە قـواری (١)

وضـــعتم پـــيالات كـــچاو نگـــاركم (٢)

وكـــان حـــواليكـــم تـــرون قـــياسيا(٣)

احـاطت بـاياكـم له حـەوش حصاركم (۴)

كـــبيرات لقـــــمە اذا ابـــتلعتم (۵)

فـــواكـــە احـــلى لخـــنيتم بـــزاركـم(۶)

لبـــالب صـــببتم مـــيا مـــن ارغـــوانـــنا(٧)

دمـــادم شـــربتم چ خـــۆشگـــەواركـم (٨)

وجـــودی فـــقدرستا اكـــانی بـــجمعكم (٩)

جـلسنا بـۆسـطكم فـلا مـن كـناركم (١٠)

---

١ - سەماوەرتان دێنینە کوڵ کە قۆرییان لەسەرە .

٢ - ریک دەکەین پیاڵەکانتان کەوەک چاوی جوانەکانتانە.

٣ - لەدەوروبەرتاندا قەیسی زۆر دەبینن .

۴ -لە ناو حەوشە و حەسارەکانتدا دەوروبەریان گیراوە.

۵ -کاتێ تیکەی زلتان قووت ئەدەن .

۶ - میوەکان شیرینترن لە زەردەخەنەی سەر لێوان .

٧ - سەررێژتان کرد لە شەرابێکی وەک رەنگی ئەرخەوانەکانی ئێمە.

٨ - پەیتا پەیتا خواردتانە وە چەند خۆشمەزە یەبۆتان.

٩ - لەشم بە راستی پاراو بوو هەروەک لە ناو ئێوە دابم، وایە.

١٠ -کە دانیشین لە ناوەراستاندا نەک لە کەنارەوە .



هـــــنا انـــی اشـــبع ڤم بـــفرضكم (١)

و خـطی بسـطحكم و طـولی بـعرضكم (٢)

وەڵامی مامۆستا سەیید موحەمەد گیزملی (وەهمی )

سـلام مـن الطـلاب نـحو جـنابكم (٣)

دعـاء مـن الوهـمی نـحو شبابكم(۴)

ايا منبع السيران والصـدقی والصـفا(۵)

تـبارک مـن نـظم و نـثر كـتابكم(۶)

عـجبت مـنالخـلان هـلا تـفكروا(٧)

فـانا چـە بـاک مـنكم اوعـتابكُم (٨)

لم تـحزنوا يـا ايها النـاس انـوموا(٩)

فـواكـە احـلينا تـجيئوا بـخوابكـم (١٠)

---

١ - لە وێدا ئێمە تێر بووین و پاشان .      ٢ -خۆت مانای بکە... .

٣ - سڵاوێک لە لایەن فەقێکانەوە بۆ جەنابتان .

۴ - دوعایەک لە «وەهمیە» وەبۆ جوانەکانتان.

۵ - ئەی سەرچاوەی سەیران و راستی و پاک و خاوێنی .

۶ - ئافەرین لە هۆنراوە و پەخشان و نووسراوەکانتان .

٧ - سەرم سەڕدەمێنێت لەم هاوڕێیانە بۆ بیر ناکەنەوە.

٨ - من هیچ باکم نیە لە ئێوە و لۆمە کردنتان .

**٩ - بۆچی خەفەت بارن ئەی خەڵکینە بخەون .**

**١٠ -میوە شیرینەکانمان دێنە خەوتان .**

فـــانتم فـــقیرو الفـــقیر بـــدرده[١]
فـــان قـــعدوا لی تـرحـمون ببابکم [٢]
یـقولون المسکـــین غـــم نـــصیبه [٣]
یشـــــر بـــــمنقارکم و نـــــابکم[۴]
و انـــــتم ذوالقـــوه لکـــن بـــاسکم [۵]
علی اللحم و الخبز و چای و آبکـم [۶]
و لو کـــنتم بـــبین صـــداء جـــیادنا[٧]
تکـونوا فـرا فـی شـعاب و عـنابکم [٨]
اذا اختلطا الصـفان فـی دەشت پـهنه[٩]
غـدا جـبلا مـن راس عـالیجنابکم [١٠]

١ -ئێوە نەدارن و نەداریش وا بە دەردی خۆیەوە.
٢ - ئەگەر بۆم دانیشن... .
٣ - ئەڵێن نەدار بەشی خەمە .
۴ - شەڕ دەکەن بە دەنووک و دیانتان
۵ - ئێوە خاون هیزن بەڵام شەڕتان.
۶ - لە سەرگۆشت و نان و چای و ئاوتانە .
٧ - ئەگەر ئێوە بکەونە نێوان حیلە و دەنگی ئەسپەکانمان.
٨ - دەکەونە راکردن لە شیو و دارستانەکاندا.
٩ -کاتێ تێکەڵ بن دەستەکانمان لە دەشتی بەریندا.
١٠ - بەیانی کێوێک وابەسەری جەنابتانەوە.



ئەگەر هەر دەڵێن نحن نشر و نحرب[١]
فـــهیۆسەوارُ پـــەهلوانُ رکـــابکم [٢]
هـەتا یـوم تـبلی المـومنون لقـائکم [٣]
و نوقد فیالدنـیا الی نـار عـذابکـم [۴]
و یـــوم یـــفرو المـراءُ یـظهرَ مـنکمُ [۵]
و یـعلو بـرمح راس شـیب شـبابکم [۶]
و فـرساننا لوتـــرشقون مـــن الوغـــا[٧]
یـغسلون دم الایـدی بـرفع نـقابکم [٨]
و یـــوسفنا قـــال فـــان عـــلیکم[٩]
یشـیر کـــما شـر عـلی انـتخابکم [١٠]

١ -ئەگەر هەر دەڵێن ئێمە شەڕ دەکەین و دەجەنگین.
٢ -ئامادە بن سوارە پالەوان سوارە چاکەکانتان .
٣ - هەتا رۆژێک ئیمانداران بەیەک دەگەن .
۴ - هەڵ دەگرسێنن لە دونیادا ئاگری سزاتان .
۵ - رۆژێک هەڵاتنی ئیسنانان لە لایەن ئێوە وەدەر دەکەوێت .
۶ -بەڕم سەری جوانەکانتان بەرز دەکەینەوە.
٧ - سوارەکانمان ئەگەر لە شەڕ رزگاربۆون .
٨ - خۆێنی دەستیان دەشۆن بە هەڵدانەوەی پەچەکانتان .
٩ - یوسفی ئێمە ئەڵێ ئەوەی لەسەر ئێوەیە .
١٠ - شەڕ دەکا وەکوو عەلی ئێوە شەڕی هەڵبژاردووە.